تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
نۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5874) سێ شەممە 19ی تشرینی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

بە بڕیاری سەرۆکی حکوومەت دەیان بەرکەوتووی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێن

سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانییانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە ئاشکرای کرد، بە بڕیاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دەیان بەرکەوتووی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێن. لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانییانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە بە «خەبات»ی ڕاگەیاند: «بە ڕەزامەندیی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو نەخۆشانەی بەرکەوتووی کیمیایین و پێویستیان بە چارەسەر هەیە ، ڕەوانەی دەرەوە دەکرێن».

عەبدولقادر ڕوونیشی کردەوە کە لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێن کە نوێنەری وەزارەتی تەندروستیشیان لەنێو دایە و ڕەزامەندییش وەرگیراوە. داوای ئەوەشی کرد کە ئەم هەنگاوە بەردەوام بێت و بڕیارەکەی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستانی بە جێگەی دەستخۆشی ناوبرد.

هەر لەمبارەیەوە محەممەد قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند، ژمارەی ئەو بەرکەوتووانەی چەکی کیمیاوی کە دەنێردرێنە دەرەوە، 47 کەسن و بەشێکیان پێویستیان بەچەند جارێک سەردانی پزیشک هەیە. ڕوونیشی کردەوە کە ئێستا وەزیری تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەکاری بۆ ئەم مەبەستە کردووە و پێشووتریش کۆبوونەوە لەگەڵ پارێزگاری هەڵەبجە و لایەنە پەیوەندیدارەکان کراوە.

پارتی لەبارەی تۆمەتبارکردنی پێشمەرگە بەیامێک ئاراستەی خۆپیشاندەرانی عێراق دەکات

پێشمەرگە بە مێژووی دوور و درێژی خۆی بۆ هەموو عێراقییەکان قەڵغان بووە



مەکتەبی سیاسی لە ڕوونکردنەوەیەکدا ڕەتی دەکاتەوە هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان دەستیان لە ڕووداوەکانی عێراقدا هەبێت. دوێنێ دووشەممە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و تێیدا هاتووە، ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێز و پێزانینمان هەیە بۆ هەموو هەوڵ و کۆششی جەماوەریی ئاشتیخوازانەی سەرجەم چین و توێژەکان کە لە گۆڕەپانەکانی خۆپیشاندان کۆبوونەتەوە، بە پێویستمان زانی سەرنجی خوشک و برا کاناماں کە خاوەن مافی دەستوورین ڕابکێشین بۆ ئەوەی ئاگاداری هەوڵی هەندێ خەڵکی سەرلێشێواوی تێکدەر بن کە بۆ لەباربردن و تێکدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی مەترسی بۆ سەلامەتیی نیشتمان، لەدژی پێشمەرگە پروپاگەندەی ژەهراوی بڵاو دەکەنەوە.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

لە ناوچە کوردییەکانی سنووری داقووق جموجۆڵی داعش زیاتر بووە

بەرپرسێکی پارتی ڕایدەگەیەنێت، لە سنووری ناوچە کوردییەکانی داقووق جموجۆڵی داعش زیاتر بووە. هیوا ڕەشید، بەرپرسی ناوچەی داقووقی پارتی، بە خەباتی ڕاگەیاند: لە سنووری شارۆچکەی داقووقی سەر بە پارێزگای کەرکووک بە گشتی جموجۆڵی تیرۆریستانی داعش بەردەوامە و ئەمەش ترسی لای خەڵک دروست کردووە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

حوسێن قائیدی: سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایسپاردووین تا یەک کەس مابێت بەردەوام بین لە ڕزگارکردنیان

بەرپرسی نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێنراوانی کوردانی ئێزدی لە پارێزگای دهۆک ڕایگەیاند، هەوڵەکانیان بەردەوامە بۆ ڕزگارکردنی ڕفێنراوانی تری کوردانی ئێزدی، ئەوانەی تا ئێستا چارەنووسیان دیار نییە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



هەدار بارزانی: لێژنەی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق لەسەر بنەمای تەوافوق کار دەکەن

لەلێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات جێگری سەرۆکی لیژنەی شەهیدان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق باس لەهەستیاریی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق دەکات و دەڵێ ئەو لیژنەیەی پێکهاتووە لەسەر بنەمای کەمینە و زۆرینە ڕاسپاردەکان ناماده ناکەن، بەڵکو لەسەر بنەمای تەوافوق کاردەکەن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

بڕیارێکی نوێ لە دژی سەرۆک و بەشێک لە ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەردەکرێت

دادگای لێکۆڵینەوەی نەزاهەی پارێزگای کەرکووک فەرمانی چوونە بەردەم دادگا بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و ژمارەیەک لە ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنەکە دەردەکات. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ڕەنگە هەدەپە لە پەرلەمانی تورکیا بکشێتەوە

پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) تاووتوێی کشانەوەی لە پەرلەمانی تورکیا دەکات بەهۆی ئەو فشارە بەردەوامانەی لەلایەن حکومەتەوە دەکرێتە سەری. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

خۆپیشاندان لە ئێران بەردەوامە و حکوومەت هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی زیاتر دەکات



بەگوێرەی ئاماریکی ئاژانسی هەوالی میهری ئێرانی، ژمارەی ئەو کەسانەی لە سێ ڕۆژی ڕابردوودا لە شارەکانی ئێران دژی گرانکردنی نرخی بەنزین خۆپیشاندانیان ئەنجامداوە، گەیشتووەتە 87400 کەس و خۆپیشاندانەکانی ئەمجارەشی بە توندتر لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی 2017ناوبردووە. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

داخستنی ڕێگەی کێڵگە نەوتییەکانی باشووری عێراق لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە

گوتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق: خۆپیشاندانەکان نەبوونەتە هۆی پەکخستنی پڕۆسەی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت



گوتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق، عاسم جیهاد ڕایگەیاند، ئەو خۆپیشاندانانەی کە لە شاری بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و باشوور ئەنجامدەدرێن، بەهیچ شێوەیەک نەبوونەتە هۆی پەکخستنی پڕۆسەی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت. عاسم جیهاد لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵی "ڕووسیا ئەلیوم" ئاماژەی بەوە کردووە کە وێڕای ئەوەی هاووڵاتیان لە نزیک کێڵگە نەوتییەکان خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن، بەڵام بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی وڵاتەکەی بەبێ هیچ کێشە و گرفتێک بەردەوامن و تەنانەت خۆپیشاندانەکانیش نەبوونەتە هۆی پەکخستنیان. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



پرسەنامەی سەرۆک بارزانی

بەبۆنەی کۆچی دوایی سیاسەتمەداری ناسراوی عێراقی عەدنان پاچەچی

سەرۆک بارزانی، بەبۆنەی کۆچی دوایی (عەدنان پاچەچی) سیاسەتمەداری ناسراوی عێراقی، پرسە و سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی خانەوادەکەی دەکات.

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دیپلۆماتکار و سیاسەتمەداری ناسراوی عێراقی، (عەدنان پاچەچی) مان پێگەیشت و خەمباری کردین.

لەم بۆنە خەمناکەدا سەرەخۆشی لە بنەماڵەی پاچەچی و تەواوی هاوڕێیانی کۆچکردوو دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم. لە خوای گەورە دەپارێینەوە بیخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و ئارامییش بەهەموولایەک ببەخشێت.

انا لله وانا اليه راجعون

مسعود بارزانی
18ی11ی2019

نێچیرڤان بارزانی

سەرەخۆشی لە خانەوادەی پاچەچی دەکات

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا بۆ کۆچی دوایی سیاسەتمەدار و دیپلۆماتکاری عێراقی، خوالێخۆشبوو عەدنان پاچەچی، سەرەخۆشی لە خانەوادە و کەسوکارەکەی کرد، ئەمە دەقەکەیەتی:

بەبۆنەی کۆچی دواییی سیاسەتمەدار و دیپلۆماتکاری ناوداری عێراقی خوالێخۆشبوو «عەدنان پاچەچی»یەوە، پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی خانەوادە و کەسوکار و هاوڕێیانی دەکەین. هاوسۆز و هاوخەمیانین. خوالێخۆشبوو کەسایەتییەکی نیشتیمانیی دیاری خاوەن هەڵوێست بوو، بەشداربیەکی بەرچاوی لە دامەزراندنەوەی عێراقی نوێدا لە پاش پرۆسەی ئازادی هەبوو. لە پەروەردگار داواکارین، گیانی خوالێخۆشبوو بە بەهەشت شاد بکات، ئارامی و دڵنەواییش بە هەموو لایەک ببەخشێت.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2019/11/18

پارتی لەبارەی تۆمەتبارکردنی پێشمەرگە پەیامێک ئاراستەی خۆپیشاندەرانی عێراق دەکات

پێشمەرگە بە مێژووی دوور و درێژی خۆی بۆ هەموو عێراقییەکان قەڵغان بووە



مەکتەبی سیاسی لە ڕوونکردنەوەیەکدا ڕەتی دەکاتەوە هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان دەستیان لە ڕووداوەکانی عێراقدا هەبێت. دوێنێ دووشەمە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و تێیدا هاتووە، ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێز و پێزانینمان هەیە بۆ هەموو هەوڵ و کۆششی جەماوەریی ئاشتیخوازانەی سەرجەم چین و تۆێژەکان کە لە گۆڕەپانەکانی خۆپێشاندان کۆبوونەتەوە، بە پێویستمان زانی سەرنجی خوشک و براکانمان کە خاوەن مافی دەستوورین ڕابکێشین بۆ ئەوەی ئاگاداری هەوڵی هەندێ خەڵکی سەرلێشێواوی تێکدەر بن کە بۆ لەباربردن و تێکدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی مەترسی بۆ سەلامەتیی نیشتمان، لەدژی پێشمەرگە پرۆپاگەندەی ژەهراوی بڵاو دەکەنەوە، ئەویش لە ڕێگەی تێکەڵکردنی ناوی برا پێشمەرگەکانتان لە بەرپرسیارێتی لەو بابەتانەی لە خۆپێشاندانەکان ڕوویانداوە.

پێشمەرگە بە مێژووی دوور و درێژی نیشتمانی خۆی بۆ هەموو عێراقییەکان قەڵغان بووە و هەمووانی داواکردنی مافەکانیان لە چوارچێوەی ناسنامەی هاووڵاتیبوون و لەپێناو باشترکردنی هەلومەرجی ژیستای عێراق، مافێک پەیڕەو دەکەن کە دەستوور فەراهەمی کردووە.

ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێز و پێزانینمان هەیە بۆ هەموو هەوڵ و کۆششی جەماوەریی ئاشتیخوازانەی سەرجەم چین و تۆێژەکان کە لە گۆڕەپانەکانی خۆپێشاندان کۆبوونەتەوە، بە پێویستمان زانی سەرنجی خوشک و براکانمان کە خاوەن مافی دەستوورین ڕابکێشین بۆ ئەوەی ئاگاداری هەوڵی هەندێ خەڵکی سەرلێشێواوی تێکدەر بن کە بۆ لەباربردن و تێکدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی مەترسی بۆ سەلامەتیی نیشتمان، لەدژی پێشمەرگە پرۆپاگەندەی ژەهراوی بڵاو دەکەنەوە، ئەویش لە ڕێگەی تێکەڵکردنی ناوی برا پێشمەرگەکانتان لە بەرپرسیارێتی لەو بابەتانەی لە خۆپێشاندانەکان ڕوویانداوە.

پێشمەرگە بە مێژووی دوور و درێژی نیشتمانی خۆی بۆ هەموو عێراقییەکان قەڵغان بووە و هەمووانی داواکارین کە ڕێز لە خوێنی ئەو قوربانیانە بگیرێت کە لە پێناو سەربەرزی و سەربەخۆیی عێراق و ئاسایشی هاووڵاتیان و سەقامگیری نیشتماندا گیانیان بەخشیوە.

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/11/18 -هەولێر

گوتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق:

خۆپیشاندانەکان نەبوونەتە هۆی پەکخستنی پڕۆسەی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت



گوتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق، عاسم جیهاد ڕایگەیاند، ئەو خۆپیشاندانانەی کە لە شاری بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و باشوور ئەنجامدەدرێن، بەهیچ شێوەیەک نەبوونەتە هۆی پەکخستنی پڕۆسەی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت. عاسم جیهاد لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵی "ڕووسیا ئەلیوم" ئاماژەی بەوە کردووە کە وێڕای ئەوەی هاووڵاتیان لە نزیک کێڵگە نەوتییەکان خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن، بەڵام بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی وڵاتەکەی بەبێ هیچ کێشە و گرفتێک بەردەوامن و تەنانەت خۆپیشاندانەکانیش نەبوونەتە هۆی پەکخستنیان.

گوتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق گوتیشی: بۆمان دەرکەوتووە کە خۆپیشاندەران هەوڵ نادەن زیان بە کێڵگە نەوتییەکان بگەیەنن، چونکە ئەوان داوای دابینکردنی کار و خزمەتگوزاریی دەکەن کە ئەویش مافی خۆیانە. عاسم جیهاد ڕوونیشیکردۆتەوە، ئەوەی ئێستا لە میانی خۆپیشاندانەکاندا دەبیندرێت، تەنها داخستنی هەندێک ڕێگەیە کە دەچن بۆ کێڵگە نەوتییەکان.

ئەم لێدوانەی عاسم جیهاد لە کاتێکدایە لە ڕۆژی یەکشەممەوە خۆپیشاندەران بەهۆی جێبەجێ نەکردنی داواکانیان، ڕێگەی کێڵگەی نەوتی مەجنوون-یان لە پارێزگای بەسرە داخستووە. کێڵگەی مەجنوون بە گرنگترین کێڵگەی نەوت لە باشووری عێراق دادەندرێت بەو پێیەی 80 لەسەدای نەوتی ئەو وڵاتە لەو کێڵگەیەوە هەناردە دەکرێت.

ئەو خۆپیشاندانانەی کە لە سەرەتای مانگی ڕابردووە دژبە حکوومەت لە شاری بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و باشووری ئەنجام دەدرێن بەردەوامی هەیە و بەپێی دوایین ئامار کە کۆمیسیۆنی بااڵی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق بڵاویکردووەتەوە، ژمارەی ئەو کەسانەی لە میانی خۆپیشاندانەکاندا بوونەتە قوربانی، گەیشتووەتە 336 کوژراو و 15 هەزار بریندار کە لە نێویاندا کارمەندی ئەمنی هەن.

سەرەتای خۆپیشاندەران داوای باشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، دابینکردنی هەلی کار، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیان دەکرد، بەڵام دواتر بەهۆی بەکارهێنانی زەبر و زەنگ لەبەرامبەریان و کوژران و بریندارببونی ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەران بەو هۆیەوە، ئاستی داواکانیان گۆڕی بۆ دەستلەکار کێشانەوەی حکوومەت.

بڕیارێکی نوێ لە دژی سەرۆک و بەشێک لە ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەردەکرێت



دادگای لێکۆڵینەوەی نەزاهەی پارێزگای کەرکووک فەرمانی چوونە بەردەم دادگا بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و ژمارەیەک لە ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنەکە دەردەکات.

دوێنێ دووشەمە دادگای لێکۆڵینەوەی نەزاهەی کەرکووک ، فەرمانی چوونە بەردەم دادگای بۆ ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و 11 ئەندامی کوردی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەرکردووە.

بەپێی زانیارییەکان ، ئەو کەسانەی کە فەرمانەکەیان بۆ دەرکراوە، سەرجەمیان لەو ئەندامانەی ئەنجوومەنن کە نەچوونەتە ژێر ڕکێفی گرووپی خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر و هۆکارەکەش نەگەڕانەوەیانە بۆ کەرکووک کە چەند ساڵێکە هەوڵ دەدرێت لە ڕێگەی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنەوە، ئەم دۆخە نایاساییەی لە شارەکەدا هەیە، پەسەند بکرێت. لەمبارەیەوە محەمەد کەمال، سەرۆکی لیستی برایەتیی کەرکووک کە یەکێکە لەو کەسانەی ناوی لە لیستی ئەوانەدا هەیە کە فەرمانەکەیان بۆ دەرکراوە، بە خەباتی ڕاگەیاند : ''ئەم نووسراوە بەهەڵە تێگەیشتنی تێدایە ، بەپێی یاسای ئەنجوومەن، ئەگەر لە سێ کۆبوونەوە بەشداری نەکەین، ئینجا ڕێکار دەگیرێتە بەر، بەڵام لە ساڵی 2017ـەوە تاوەکوو ئێستا ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک 3 کۆبوونەوەی نەکردووە.'' ڕوونیشی کردەوە کە دادوەرەکە ئاگادار دەکەنەوە لەبارەی ناوەڕۆکی نووسراوەکە و ئەو هەڵەیەی کراوە ، چونکە لێپرسینەوە لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بەهۆی کارەکانیان بەپێی یاسای ئەنجوومەنەکە دەکرێت نەک بەپێی یاسای سزادانی عێراقی.

هەر لەمبارەیەوە، دڵشاد عەزیز، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە فراکسیۆنی پارتی ڕایگەیاندووە کە ئەم بڕیارە بە ئامانجگرتنێکی سیاسیی ڕوونی ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک. ئەوەشی ڕوون کردووەتەوە کە لە ماوەی ڕابردوودا کوتلە عەرەبی و تورکمانییەکان بۆ ماوەی زیاتر لە 4 ساڵ بایکۆتی ئەنجوومەنەکەیان کردووە، بەڵام لەلایەن دادگاوە بانگهێشت نەکراون و سزاش نەدراون.

کاکەمین نەجار: نابێت تەوژمێکی نادیار دەست بەسەر داوا ڕەواکانی خۆپیشاندەراندا بگرێت



دوێنێ دووشەمە لە بارەگای ئەنجوومەن کاکەمین نەجار باسی لە نوێترین پێشهاتە سیاسییەکانی بەغدا و خۆپیشاندانەکانی ناوەندی شەقامی عێراقی کرد و ڕایگەیاند خۆپیشاندانەکان لە دیدارەکەدا کاکەمین نەجار باسی لە نوێترین پێشهاتە سیاسییەکانی بەغدا و خۆپیشاندانەکانی ناوەندی شەقامی عێراقی کرد و ڕایگەیاند خۆپیشاندانەکان دەبێت لە چوارچێوەی مافە دەستوورییەکان بۆ چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بێت و نابێت تەوژمێکی نادیار دەست بەسەر داوا ڕەواکانی خۆپیشاندانەکان بگرێت و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی ڕۆڵی تێکدەرانە بگێڕن و ئاشتی کۆمەڵایەتی بەرەو وێرانی ببەن.

لە بەشێکی تری دیدارەکەدا کاکەمین نەجارِ باسی لەوە کرد کێشەکانی عێراق لەو کەسانەیە وڵات بەڕێوە دەبەن و پابەند نەبوون بە دەستوور و مافی پێکهاتەکانەوە، نەوەک لە دەقی ماددەکانی دەستوور، دەستوور ئەگەر وەکو خۆی جێبەجێبکرێت زۆربەی کێشەکانی وڵات بەرەو چارەسەری دەڕۆن، لەم پرسەشدا ڕۆڵی کورد و ڕایگەیاند پەرلەمانتارانی کوردی سەرجەم لایەنەکان لە بەغدا دەبێت بە هەڵوێستی کوردانەیان یەکدەنگی بپارێزن هاوئاهەنگ بن و پارێزگارێکی بە ئەمەکی ئەو مافە دەستوورییانە بن کە بە سەرپەرشتی و بەشداری خودی سەرۆک بارزانی لە بەغدا بۆ کوردوە چەسپێندراوە.

حوسێن قائیدی: سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایسپاردووین تا یەک کەس مابێت بەردەوام بین لە ڕزگارکردنیان



بەرپرسی نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێنراوانی کوردانی ئێزدی لە پارێزگای دهۆک ڕایگەیاند، هەوڵەکانیان بەردەوامە بۆ ڕزگارکردنی ڕفێنراوانی تری کوردانی ئێزدی، ئەوانەی تا ئێستا چارەنووسیان دیار نییە. حوسێن قائیدی، دوێنێ دووشەمە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بە میدیاکانی ڕاگەیاند، لە کۆی 6417 کەس لە ڕفێنراوانی کوردانی ئێزدی تا ئێستا 3524 کەس ڕزگار کراون و 2893 کەسیش نەهاتوونەتە ڕزگارکرن.

قائیدی دەشڵێت: بەپێی ڕاسپاردەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی، دەبێ تا یەک کەس لەژێر دەستی داعشدا مابێت، ئێمە هەر بەردەوام بین لە ڕزگارکردنیان.

نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێنراوانی کوردانی ئێزدی پێش ماوەیەک خەڵاتی "دایکە تیریزا"ی پێ بەخشرا. خەڵاتەکە، خەڵاتێکی ڕێزلێنانە، بەو کەس و دەزگایانە دەدرێت، کە بۆ ئاشتی و دادپەروەری و یەکسانیی کۆمەڵایەتی کار دەکەن.

عێراق.. فەرمانی دەستگیرکردن بۆ پەرلەمانتار تەڵاڵ زوبێعی دەرکرا



ئەنجوومەنی بالای دادوەریی لە عێراق ڕایگەیاند کە داواکاری گشتی فەرمانی دەستگیرکردن و قەدەغەکردنی گەشتکردن لەگەڵ دەستبەرسەداگرتنی سامانەکەی بۆ ئەندامی ئەنجوومەنی نوینەران، تەڵاڵ زوبێعی دەرکردووە.

لە ڕاگەیەندراوێکی ئەنجوومەنی بالای دادوەریدا هاتووە: داواکاری گشتی لە دادگای لێکۆڵینەوەکانی کەرخ تاییەت بە پرسەکانی دەستپاکی، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران تەڵاڵ زوبێعی دەرکردووە کە لە چوارچێوەی فەرمانەکەدا، گەشتکردن لە ناوبراو قەدەغەکراوە هەروەها فەرمانیش دراوە دەستبەسەر سامانەکەیدا بگیرێت.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە فەرمانی دەستگیرکردنەکە پشت بەستن بە ماددەی 308 لە یاسای سزاکانی عێراقدا دەرکراوە. فەرمانەکەش دوای ئەوە دەرکراوە کە نامەیەک کە لە لایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران، محەمەد حەلبوسی لەسەرە ئاراستەی ئەنجوومەنی بالای دادوەریی کراوە کە تیادا ئاماژە بەوەکراوە، پارێزبەندی لەسەر تەڵاڵ زوبێعی هەڵگیراوە.

لە 20ی ئابی ڕابردوودا ئەنجوومەنی نوێنەران ڕایگەیاندبوو کە پارێزبەندی لەسەر ئەندامی ئەنجوومەنەکە، تەڵاڵ زوبێعی هەڵگرتووە ئەویش بەهۆی ئەوەی ناوبراو بە تێوەگلان لە گەندەڵی تۆمەتبارکراوە. جێی باسە تەڵاڵ زوبێعی کە لە خولی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەران سەرۆکی لیژنەی دەستپاکی بوو، سەرکردەیە لە هاوپەیمانی هێزەکانی نیشتمانی سونە.

لە ناوچە کوردییەکانی سنووری داقووق جموجۆڵی داعش زیاتر بووە

بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لە سنووری ناوچە کوردییەکانی داقووق جموجۆڵی داعش زیاتر بووە. هیوا ڕەشید، بەرپرسی ناوچەی داقووقی پارتی، بە خەباتی ڕاگەیاند: لە سنووری شارۆچکەی داقووقی سەر بە پارێزگای کەرکووک بە گشتی جموجۆڵی تیرۆریستانی داعش بەردەوامە و ئەمەش ترسی لای خەڵک دروست کردووە.

گوتیشی: بەدیاریکراوی زیاتر ئەو تیرۆریستانەی داعش لە ناوچەکانی حەفتەغار و تاڵەبان و شوێنی نیشتەجێبوونی کاکەییەکان کە سێ ناوچەی کوردنشینن لە سنووری شارۆچکەی داقووق ، جموجۆڵیان هەیە ، هەرچەندە لەگەڵ دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانی عێراق تا ڕادەیەک بێدەنگ بوون ئەو داعشانە، بەڵام ئەوان هەڕەشەن بۆ سەر ناوچەکە.

لە دوای 16ی ئۆکتۆبەری 2017ەوە کاتێک کە داقووق بە ڕێککەوتن لەگەڵ گرووپێکی خیانەتکاری کورد ڕادەستی حەشدی شەعبی کرا، جموجۆڵی داعشیش زیادی کردووە و ئەو تیرۆریستانە ناوە ناوە دەست لە هێرێزە ئەمنییەکان و گوندنشینانی ئەو سنوورە دەوەشێنن کە دواترینیان هێرشکردنە سەر ناوچەی (ئەلبوو نەجم)ی سەر بە داقووق بوو.

سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە



دوێنێ دووشەمە 2019/11/18 سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تێیدا ئاماژەی بەوە داوە کە ڕێکاری یاسایی دژی ئەو سایت و ڕۆژنامانە دەگرنە بەر، کە هەواڵی ناڕاست لە بارەی دامەزراوەکەیان بڵاو دەکەنەوە.

سەرۆکایەتییەکە دووپاتیشی کردۆتەوە کە ئەوان هیچ سکاڵایەکیان لە بارەی هەواڵی سایتێکی ئەمەریکی پێنەگەیشتووە و کاریان لە بارەی هیچ هەواڵێکی ناڕاست نەکردووە.

ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

دوای ئاگاداربوونمان لە چەند هەواڵێکی ناڕاست و دروست کە لە چەند سایت و ڕۆژنامەیەک بڵاوکراوەتەوە، کە گوایە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی بەدواداچوون دەکات لەسەر کڕینی ڤێلایەک لە لایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە چەند سایتێکی ئەمەریکی هەواڵەکە بڵاو کرابوەوە، ئێمە وەکو سەرۆکایەتی داواکاری گشتی پێتان ڕادەگەیەنین، کە دام و دەزگاکەمان بەهیچ شێوەیەک سکاڵا و بابەتی لەم جۆرەی بە دەست نەگەیشتووە و کارمان لەسەر نەکردووە و ئەم هەواڵانە دوورە لە ڕاستی و دروستی، ئێمەش وەکو سەرۆکایەتی داواکاری گشتی ڕێککاری یاسایی دەگرینەبەر بەرامبەر بەم سایت و ڕۆژنامانەی کە ئەم جۆرە هەواڵانە بڵاو دەکەنەوە کە دەبێتە هۆی لەکەدار کردنی دەزگاکەمان.

2019/11/18

ڕێگە نادەین مافەکانی گەلی کوردستان لەم هەموارکردنە چاوەڕوانکراوەدا کەمبکرێتەوە

هەدار بارزانی بۆ «خەبات»: لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق لەسەر بنەمای تەوافوق کار دەکەن



خەبات - مەریوان نەقشبەندی:

لەلێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات جێگری سەرۆکی لیژنەی شەهیدان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق باس لەهەستیاریی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق دەکات و دەڵێ ئەو لیژنەیەی پێکهاتووە لەسەر بنەمای کەمینە و زۆرینە ڕاسپاردەکان ئامادە ناکەن، بەڵکو لەسەر بنەمای تەوافوق کاردەکەن.

خاتوو هەدار بارزانی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و جێگری سەرۆکی لیژنەی شەهیدان لەو ئەنجوومەنە لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات تیشکی خستەسەر شێوازی کاری لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق و هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم لیژنەیە و گوتی: لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق لە سەرۆکی فراکسیۆنەکان و چەند یاساناسێک پێکهاتووە و لەسەر بنەمای زۆرینە و کەمینەی ئەندامانی لیژنەکەیان کارناکەن بەڵکو بەتەوافوق ڕاسپاردەکانیان دەخەنەڕوو کە بڕیارە لە ماوەی 4 مانگدا پێشنیارەکانیان بخەنە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ ئەوەی بڕگە بڕگە دەنگی لەسەر بدرێت و دوای ئەویش بخرێتە بەر ڕیفراندۆم و ڕێکارە یاساییەکانی .

هەر لەم لێدوانە تایبەتەیدا خاتوو هەدار گوتی: بیرۆکەی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق دوای ئەوە هات کە چەندین ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران بەهۆی تێوەگلانیان لەگەندەڵی فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە بەڵام بەهۆی حەسانەکەیان ئەوە نەدەکرا، بۆیە بیرۆکەی کەمکردنەوەی ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ 260 ئەندام هاتە ئاراوە کە ئەوەش پێویستی بەگۆڕانکاری بڕگەیەکی دەستوور هەیە.

سەبارەت بە کردنە ئامانجی کورد لەم پرۆسەی هەموارکردنەوەی دەستوور بەڕێز هەدار بارزانی گوتی: هەتا ئێستا هیچ کوتلەیەکی پەرلەمانی بە فەرمی شتێکی لەو بابەتەی تەرح نەکردووە، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی کە بە نافەرمی بەئێمە گەیشتووە گوایە چەند نوێنەرێکی خۆپیشاندەران بابەتی نەمانی هەرێمەکانیان پێشنیار کردووە وەک بەشێک لە چارەسەر و ئەوانە داوایان کردووە وەک پارێزگاکان مامەڵە لەگەڵ هەرێم بکرێت، کە بەتەئکید ئەم داواکارییە جێگەی قبوڵکردن نابێت و ڕێگە نادەین مافەکانی گەلی کوردستان لەم هەموارکردنەوە چاوەڕوانکراوەدا کەمبکرێتەوە و ئەگەر لەم لیژنەیە و تەنانەت لەپەرلەمانی عێراقیش هەڵەیەکی لەو شێوەیە بکەن ئەوە بەتەئکید لە ریفراندۆم لەسەر هەموارکردنەکە شکست دێنێت. بۆیە بەڕوونی دەڵێم ئەگەرچی نابێ لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بیرۆکەی هەموارکردنەوەی دەستوور خەمسارد بین، بەڵام خەڵکی کوردستانیش دڵنیا دەکەمەوە کە مەترسی لەسەر دەسکەوت و مافەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بەو شێوەیە نییە کە خەڵک لێی ترساوە و بەهەموو توانایەک بەرگری لەو مافە ڕەوایانەی گەلی کوردستان دەکەین.



ڕەنگە هەدەپە لە پەرلەمانی تورکیا بکشێتەوە

تا ئێستا دەسەڵاتدارانی تورکیا 24 سەرۆک شارەوانی هەدەپەیان لە پۆستەکانیان دوورخستۆتەوە

دەنگی ئەمەریکا: پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) تاووتوێی کشانەوەی لە پەرلەمانی تورکیا دەکات بەهۆی ئەو فشارە بەردەوامانەی لەلایەن حکومەتەوە دەکرێتە سەری. ئاژانسی دەنگوباسی ڕۆیتەرز دەڵێت سارۆهان ئۆلووج جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی هەدەپە لە پەرلەمان بە پەیامنێرانی گوتووە پەرلەمانتارانی پارتەکەی و سەرۆک شارەوانییەکان و کاربەدەستانی خۆجێیی ڕۆژی چوارشەمە لە ئەنکەرە کۆدەبنەوە بۆ تاووتوێکردنی دۆخەکە و بڕیاردان لەوەی چۆن وەڵامدانەوەیان هەبێت.

لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوو دەسەڵاتدارانی تورکیا 24 سەرۆک شارەوانی هەدەپەیان لە پۆستەکانیان لابرد، لە کاتێکدا بە هەڵبژاردن ئەو پۆستانەیان گرتبووە دەست. سارۆهان ئۆلووج گوتی لە خەباتیان لە دژی لابردنی سەرۆک شارەوانییەکان بەردەوام دەبن. گوتیشی یەک لە پرسیارەکانی لە کۆبوونەوەکەیان وەڵامی دەدەنەوە، ئایە لە پەرلەمان بکشێنەوە یان نا.

ئەردۆغان و حکومەتەکەی هەدەپە تۆمەتبار دەکات بەوەی پەیوەندی بە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە هەیە، بەڵام هەدەپە ئەو تۆمەتە ڕەتدەکاتەوە. هەدەپە تاکە پارتی نێو پەرلەمانی تورکیایە کە نارەزایی بەرامبەر لەشکرکێشییەکەی تورکیا دەربڕیوە.



داخستنی ڕێگەی کێڵگە نەوتییەکانی باشووری عێراق لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە

ڕاگەیەندرا کە لە بەردەوامی خۆپیشاندانەکانی دژبە حکوومەت، ڕێگەی کێڵگە نەوتییەکانی باشووری عێراق لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە داخراون. چالاکوانەکە کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت ڕاشیگەیاندووە: ئەم هەنگاوەی خۆپیشاندەران لە پارێزگاکاندا فراوانتر دەبێت بە تایبەتیش لە بەسرە تا ئەو کاتەی مانگرتنی گشتی ڕادەگەیەندرێت.

لە شاری بەغداش فەرمانبەرانی ئەو دامەزراوە حکوومییانەی دەکەونە ئەوبەری ڕووباری دیجلەوە بە بەلەم لە ڕووبارەکە کێڵگەی نەوت لە باشووری عێراق دادەندرێت بەو پێیەی 80 لەسەدای نەوتی ئەو وڵاتە لەو کێڵگەیەوە هەناردە دەکرێت.

لەوبارەوە چالاکوانێکی مەدەنی کە لە خۆپیشاندانەکاندا بەشداڕە، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنییەدا بە ئاژانسی ئانادۆڵوی ڕاگەیاندووە کە بە ئامانجی ڕاگەیاندنی مانگرتنی گشتی لە عێراق، ڕێگەی کێڵگە نەوتییەکانی باشوور لە کێڵگەی خەلکی بۆکان لە خۆپیشاندانەکانی دوێنێ لەو شارە بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی ئێران گیانی لەدەست دا. بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی (هەنگاو) بۆ مافەکانی مرۆڤ، ڕۆژی یەکشەممە 17ی11ی 2019 هێزەکانی سوپای پاسداران لە شاری بۆکان خەڵکی ناڕازیبان داوەتە بەر دەستڕێژی گوللە و لە ئەنجامدا 5خۆپێشاندەر گیانیان لەدەستداوە کە یەکیان کچێکە. بەپێی هەمان سەرچاوە کە لە جێی باسە لەسەرەتای دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانەوە، زنجیرەیەک کردەوەی کوشتن و ڕفاندن دژی چالاکوانانی نێو خۆپیشاندانەکان لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی تری ناوەڕاست و باشووری عێراق دەستی پێکردووە. چالاکوانانی خۆپیشاندانەکان دەستی تۆمەت بۆ گرووپە چەکدارەکانی نزیک ئێران لەنێویاندا عەسائیبی ئەهلی حەق بەسەرۆکایەتی قەیس خەزعەلی ڕادەکێشن، لەبەرامبەردا ئەو گرووپانە تۆمەتەکە ڕەتدەکەنەوە.

ئەمەریکا ئیدانەی کوشتنی خۆپیشاندەرانی ئێران دەکات

کۆشکی سپی ڕایگەیاند ئیدانەی ئەو هێزە کوشندەیە دەکات کە لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە دژبە خۆپیشاندەران بەکارهێندراوە. لە ڕاگەیەندراوێکی کۆشکی سپی کاردانەوەی نیشاندراوە لەبارەی خۆپیشاندانەکانی ئێران و ئاماژەی بەوە کردووە لە کاتێکدا خۆپیشاندانەکان لە ئێران بەشێوەیەکی ئاشتی ئەنجام دەدەرێن، بەڵام هێزی کوشندە لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دژبە خۆپیشاندەران بەکارهێندراوە کە ئەوەش مایەی قبوڵکردن نییە.

کۆشکی سپی ڕاشیگەیاندووە کە ئیدارەی ئەمەریکا ئیدانەی ئەو هێزە کوشندەیە دەکات کە لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە دژبە خۆپیشاندەران بەکارهێندراوە، هەروەها بە تووندیش ئیدانەی سنووردارکردنی هێڵی پەیوەندی و خزمەتگوزاری ئینتەرنێتیش دەکات لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە. هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا جەختکراوەتەوە کە ئەمەریکا پاڵپشتی گەلی ئێران دەکات لە خۆپیشاندانە ئاشتییەکەی.

پێشتریش گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، مۆرگان ئۆرتاگۆس ڕایگەیاندبوو کە وڵاتەکەی پاڵپشتی لە داواکارییەکانی گەلی ئێران دەکات بەتایبەتیش لە پرسی لێپرسینەوە لە حکوومەت و بەدیهێنانی شەفافیەت.

جێی باسە لە ڕۆژی هەینی دەپەڕنەوە و دەچنە سەر کارەکانیان، ئەوەش دوای ئەوەی پردی ئەحرار و زۆربەی ئەو پردانەی کە دەچنە ئەوبەری ڕووباری دیجلەوە داخراون. ئەم پێشهاتەش لە کاتێکدایە، ئەو خۆپیشاندانانەی کە لە سەرەتای مانگی ڕابردووە دژبە حکوومەت لە شاری بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و باشووری ئەنجام دەدرێن بەردەوامی هەیە.



داواى ئاشكراكردنى چارەنووسى سێ پارێزەرە عێراقییە ڕفێنراوەكە دەكرێت

لە بۆكان كچێک بە تەقەی هێزە ئەمنییەکانی ئێران گیانی لەدەست دا

کاردانەوەی ئێران بەرامبەر ئەمەریکا بەهۆی پشتیوانیکردنی لە خۆپیشاندانەکان

عەباس موسەوی: لێدوانەکەی پۆمپیۆ نیازخراپی ئەمەریکا بۆ ئێران دەردەخات

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، عەباس موسەوی پشتیوانی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆی بۆ خۆپیشاندانەکانی ئێران بەهۆی بەرزکردنەوە نرخی بەنزین بە "ناڕاست و دووڕوویی" لەقەڵەم دا.

موسەوی بە تەلەفۆنی دەوڵەتی ئێرانی ڕاگەیاند، خۆپیشاندانەکان کە پۆمپیۆ پشتیوانییان دەکات، گوزارشت لە هەڵوێستی تەواوی گەلی ئێران ناکەن.

گوتیشی: لێدوانەکەی پۆمپیۆ ناڕاستە و دووڕوویی تیادایە و دووڕە لە هاوسۆزی بۆ گەلی ئێران و نیازخراپی ئەمەریکا بۆ ئێران دەردەخات.

پشتیوانی ئەمەریکا بۆ گەلی ئێران لە کاتێکدا (ئێران) لە ژێر تیرۆری ئابووری ئەمەریکادایە، زۆر سەیرە.

ئەم کەسە "پۆمپیۆ" پێشتر گوتبووی بۆ ئەوەی چۆک بە گەلی ئێران دابدەن، پێویستە گەلی ئێران برسی بکرێت.

ئەم کاردانەوەیەی ئێران بەرامبەر ئەمەریکا، دوای ئەوە دێت وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ پشتیوانی وڵاتەکەی بۆ گەلی ئێران دەربڕی لە خۆپیشاندانانەی لە ڕۆژی هەینییەوە ئێرانی گرتووەتەوە.



کوردانی تاراوگە بە خۆپیشاندان پشتیوانی لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن

بڕیارە لە ڕۆژانی داهاتوودا لە چەند شارێکی ئەورووپا ڕەوەندی کورد بە هاوکاریی حزبە کوردستانییەکانی ئۆپۆزسیۆنی دژبەری ئێران، خۆپیشاندان و گردبوونەوەی ناڕەزایی بۆ پشتیوانیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساز بکرێت. بەپێی زانیارییەکان بڕیارە سبەی چوارشەممە 2019.11.20 لە هەردوو شاری لەندەن و یۆتۆبۆری لە وڵاتی سوید لەبەردەم بالیۆزخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران گردبوونەوە و خۆپیشاندانی ناڕەزایی ساز بکرێت و پشتگیریی ماف و داوا ڕەواکانی خەڵکی ڕۆژهەڵات و ئێران بکرێت و هاوکات سەرکوتی خەڵک بەدەستی هێزە ئەمنییەکانی ئێران ئیدانە دەکرێت.

لەمبارەوە کوردانی تاراوگە لە وڵاتانی ئەورووپا بە بڵاوکردنەوەی چەندان ئاگاداری داوایان لە ڕەوەندی کورد کردووە لەو خۆپیشاندان و گردبوونەوە هێمنانەدا بەشداری بکەن. بەهۆی خۆپیشاندان و ناڕەزایی لە هەمبەر گرانبوویی بەهای بەنزین لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ماوەی 4 ڕۆژە دەستی پێکردووە، تاکوو ئێستا لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، 35کەس کوژراون و بە سەدان کەسی دیکەش بریندار بوون و بە هەزاران کەسی دیکەش لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستگیر کراون و بارودۆخی شارەکانی مەریوان، بۆکان، کرماشان و جوانڕۆ ناجێگیرە.



لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان 36 بانک سووتێندراون و زیانیان پێگەیەندراوە

دوێنێ دووشەمە بیژەن موقەددەم بەیرانوەند، سەرۆکی ئەنجوومەنی هەماهەنگی بانکەکانی پارێزگای لوڕستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوی کردەوە کەلەخۆپیشاندانەکانی هاوڵاتیاندا 36 بانک سووتێندراون. سەرۆکی ئەنجوومەنی هەماهەنگی بانکەکانی پارێزگای لوڕستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەشڵێت ، 36 بانک لە شاری خوڕمئاوای ناوەندی پارێزگای لوڕستان لە خۆپیشاندانەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو سووتێندراون یان زیانیان پێگەیشتووە.شایەنی باسە لە چوار ڕۆژی خۆپیشاندانی خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین لەلایەن حکومەتەوە ، ژمارەیەکی زۆر بەنزینخانە، بانک، ناوەندی پۆلیس و بەسیج، چەند شارەوانی و قائیمقامییەت و چەندین شوێن و بارەگای حکومی سووتێندران.

دوو فەرماندەی سوپای پاسداران لەلایەن ئەفسەرێکەوە کوژران

کانالی تێلگرامی Dor TV کە پشتی بە سەرچاوەکانی خۆی لە ناوخۆی ئێران بەستووە بڵاوی کردەوە کە بەیانی دوێنێ دووشەمە 18ی11ی2019 لە مەراسیمێکی سەربازی لە شاری شیرازی ناوەندی پارێزگای فارس، دوو فەرماندەی سوپای پاسداران لەلایەن ئەفسەرێکەوە کوژراون. بەپێی هەواڵی بڵاو کراوەی کەنالەکە لە کاتێکدا ئەو دوو فەرماندەیە قسەیان بۆ سەرباز و ئەفسەرەکانیان کردووە و فەرمانیان پێداون، کە تەقە لە خەڵک بکەن، لەلایەن ئەفسەرێکەوە کە دژی فەرمانەکەیان وەستاوەتەوە تەقەیان لێکراوە و کوژراون. ڕاشیدەگەیەنن، کە ئەو ئەفسەرە دوای کوشتنی ئەو دوو فەرماندەیە کوژراوە و ئالۆزی لەناو بارەگاکەی سوپای پاسداران کە بارەگای ئەفەرماندەیی سوپای فەجری پارێزگای فارسە کەوتووەتەوە. تا ئێستا کاربەدەستانی ئێران و سوپای پاسداران ئەم هەواڵەیان پشتڕاست نەکردووەتەوە.



خۆپیشاندان لە ئێران بەردەوامە و حکوومەت هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی زیاتر دەکات

K24/بەگوێرەی ئاماریکی ئاژانسی هەواڵی میهری ئێرانی، ژمارەی ئەو کەسانەی لە سێ ڕۆژی ڕابردووەدا لە شارەکانی ئێران دژی گرانکردنی نرخی بەنزین خۆپیشاندانیان ئەنجامداوە، گەیشتووەتە 87400 کەس و خۆپیشاندانەکانی ئەمجارەشی بە توندتر لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی 2017ناوبردووە.

ئاژانسە ئێرانییەکە ئاماژەی بەوەشکردووە، نزیکەی 1000 کەس بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە تا ئێستا دەستگیرکراون. هەروەها ڕایگەیاندووە، کەسانێک لە ناو خۆپیشاندەران هەواڵی "ئاژاوە و دزی"یان داوە و هێرشیان کردووەتە سەر زیاتر لە 100 بانک.

ئێستا شەوانە لە تاران خۆپیشاندان بەڕێوەدەچێت و خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە. خۆپیشاندەرانی ئێرانی دروشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر"یان بەرزکردووەتەوە و لە زۆر ناوچەی وڵاتەکە بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێزە ئەمنییەکان تەقەیان لە خۆپیشاندەران کردووە و ژمارەیەک خۆپیشاندەریان کوشتووە و بریندار کردووە.

چالاکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تۆماری قیدیۆیی بڵاوەکەنەوە و ئاماژەیان بەوەشکردووە لە شاری ئەسفەهانیش شەوان خۆپیشاندان دەکرێت و هێزە ئەمنییەکان تەقەلێدەکەن بۆ ئەوەی بڵاوەی لێبکەن. لە شاری شیرازیش هێزە ئەمنییەکان تەقەیان لە خۆپیشاندەران کردووە.

هاوکات عەلی ڕەزا ڕەحمانی فەزڵی، وەزیری ناوخۆی ئێران، هەڕەشەی لە خۆپیشاندەران کردووە، کە بۆ گێڕانەوەی ئارامی هێزە ئەمنییەکان دژی خۆپیشاندەران دەجوڵێنێ، ئەگەر کارێک بکەن ببێتە هۆی شێواندن و تێکدانی ئاسایشی هاوواڵتیان" وەک وەزیری ناوخۆ گوتوویەتی، تا ئێستا دانیان بەخۆیاندا گرتووە بەرامبەر خۆپیشاندەران. لە هەمان کاتدا وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران هەڕەشەی لە خۆپیشاندەران کردووە، هەر "پێشێلکارییەکی یاسایی" بکەن، بەهێز بەرەنگاریان دەبنەوە و پاریزگاری لە ئاسایشی نەتەوەیی بکەن.

لە لایەکی دیکەوە برایان هوک، نێردەی تایبەتی ئەمەریکا بۆ کاروباری ئێران، گوتوویەتی: "گەلانی ئێران لە ڕژێمەکەیان وەڕس بوون، ناڕەزایەتی خەڵک دژی گرانبوونی بەنزین، نوێترین نموونە و هەستکردنی خەڵکە بە ستەمی ڕژێمی ئێران".

ناشیۆنالْ ئینتڕست: تەرەمپ لە کشانەوەی سوپای ئەمەریکا جددی نییە



K24/ گۆڤاری "ناشیۆنالْ ئینتڕست"، بڵاویکردەوە، "دۆنالْد تەرەمپ"ی سەرۆکی ئەمەریکا، "جددی نییە" لە پرسی کشانەوەی سوپای ئەمەریکا لە سووریا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. بە گوێرەی زانیاری گۆڤارەکە، ژمارەی ئەو سەربازە ئەمەریکاییانەی ئێستا لە سووریان، زیاترە لەو ژمارەیەی لە دیسێمبەری (2018) لە سووریا بوون، لە کاتێکدا لەو مانگەدا "تەرەمپ" ڕایگەیاند، هێزەکانی لە سووریا دەکێشێتەوە.

گۆڤارەکە ئاماژەی بەوەشداوە، چەند جارێک" تەرەمپ" ڕایگەیاندووە، هێزەکانی لە سووریا دەکێشێتەوە.

گۆڤارەکە باسی لەوەشکردووە، ئەگەر "تەرەمپ" جددی بوایە لە پرسی کشانەوە، ڕێگەی بە دووبارە بڵاوبوونەوەی (3) هەزار سەرباز لە سعوودییە نەدەدا.

"تەرەمپ" ناکۆکی لەگەڵ دامەزراوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا هەیە و تەنانەت لێدوانەکانی لە بارەی کشانەوەی سوپای ئەمەریکا لە سووریا هیچیان لە واقیع نەگۆڕیوە.

گۆڤارەکە باسی لەوەشکردووە، ئەگەر "تەرەمپ" جددی بوایە لە پرسی کشانەوە، ڕێگەی بە دووبارە بڵاوبوونەوەی (3) هەزار سەرباز لە سعوودییە نەدەدا.

لە هەر ڕوویەکەوە شکست

نووسینی/ Kristin Helberg
و. لە ئەڵمانییەوە/هەڵۆ بەرزنجەیی

بەشی 1

لەگەڵ ئەوەشدا کە کەس ئامادە نییە دانی پێدا بنێت، لێ هەندێ سیاسەتمەداری ئەڵمانی ئامادەن بارەکەیان ئاسان بێت، ئێ باشە، کەسانی تر لە خەمی کوردانی ڕۆژهەڵاتی باکووری سووریادا بن- لەم دۆخەدا واتە ڕژێمەکەی ئەسەد. کەواتە لە کاتێکدا لە بڕۆکسل سەرقاڵی گفتوگۆکردنن سەبارەت بەسزادانی تورکیا ، کە هیچ کەس بە ڕاستی نایەوێت - سزای ئابووری، ڕاگرتنی هەناردەکردنی چەک و لەکارخستنی هەواڵی بوونە ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا- یەکەکانی هێزی پاراستنی گەلی کوردەکان دەمێکە لەگەڵ دیمەشقدا ڕێککەوتوون.

سەبارەت بە لەشکرکێشی هێزەکانی سەر بە تورکیا و کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا ، ئەوان نایانەوێ کات لەدەست بدەن... ئەورووپای ڕاڕا و دوودڵ هیچ بژاردەیەکی نییە »گەر ئێمە ناچار بکرێین بڕیار بدەین لە نێوان سازان و ژینۆسایدی گەلەکەماندا، ئەوا ئێمە ژیانی گەلەکەمان هەڵدەبژێرین.« مەزڵوم عەبدی فەرماندەی گشتی هێزە دیموکراسییەکانی هەسەدە لە نامەیەکدا بۆ Foreigen Policy ئەمەی نووسیبوو.

لەبەر ئەمە ئێستا چەکدارە کوردەکان دەجەنگن، پێکەوە لەگەڵ هێزەکانی سووریا ، دژی لەشکرکێشی تورکیا یاخود بە جۆرێکی تر بڵێم: هاوپەیمانە سەرەکییەکەی ڕۆژئاوا کە سااڵنێکە لە لایەن ئەمەریکاوە چەک و تەقەمەنیبیان پێ دەدرێ و ڕاهێنەرێن لە پێناوی بەرژەوەندی ئەورووپا ، دەوڵەتی خەلیفەی داعش تێکدەشکێنن، ئێستا پێکەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارەکەی سووریا بەشار ئەسەد، سەرۆکی ڕووسیا فلادمیر پۆتین پێکەوە شت دەکەن. ئا بەم جۆرە ئەم شتە ڕوو دەدات، کاتێ لێکدانەوە و ترسی سیاسەتی ناوەکی، بێتە مایەی بێتوانایی هەڵسوکەوتکردن لە سیاسەتی دەرەوەکی دا. ئەگەر وڵاتانی وەک ئەڵمانیا هاندرا بن، بە ئامانجی ئەوەی چ پەنابەرێکی تر وەرنەگرێ بەڵکە بەپێی توانا بە خێرایی بیانگێڕێتەوە، ئەوکات حکوومەتی ئەڵمانیا پێی خۆشە هاوکاری خەرجی دابڕاندنی پەنابەرەکان لە Agas بکات، لە جیاتی ئەوەی بۆ پاراستنی سوورییەکان لە مەیداندا بکەوێتە کار/ جا لە ڕۆژئاوا لەبەردەم بۆمباکانی سەرۆکی تورکی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، یاخود لە ئیدلب لەبەردەم هێرشی ئاسمانی ڕووسەکان.

ناوچەی ئارام، پرۆسەیەکی دادگا، جارێکی تر سەرلەنوێ بینا کردنەوە

جارێکی تر شکستهێنانی تەواوەتی سیاسی و سەربازی ئەورووپا. ئەمەش لەو کاتەوەیە کە بەر لەسااڵنێ ئەمەریکا ڕایگەیاند دەکشێتەوە و هاوکات بەر لە سااڵنێ ئەردۆغان مەرامی سیاسی خۆی دەربڕی، کە هێرش دەبات بۆ ئەوەی ستراتیژێک ساز بدات بۆ ڕۆژهەڵاتی باکووری سووریا- ناوچەیەکی گرنگ، لەبەرئەوەی لەوێ لەتەک ئەوەی ناوچەیەکی کشتوکاڵی بەپیتە، هەروەها ئەو کەمە نەوتەشی لێیە، کە سووریا هەیەتی.

لە پێناوی پاراستنی هاویەمانە کوردەکاندا، ئەورووپاییەکان دەیانتوانی ناوچەیەکی خاڵی/ ئارام لەژێر چاودێری نێونەتەوەییدا بۆ تورکیا دامەزرێنن. داعشە ئەورووپاییەکان بهێننەوە بۆ وڵاتانی خۆیان و وەک پێویست بدرێنە دادگا. ئەو شارانەی لە ڕێگای هاوپەیمانێتی دژە داعشەوە، وێرانکراون بۆ نموونە ڕەققە، پێویستە بوو ئەورووپا زۆر بە پەرۆشەوە سەرلەنوێ دروستی بکەنەوە. لەبری ئەوەی بەرپرسیارێتی خۆیان لە ڕۆژئاوا، لە ناوچە کوردییەکان لە باکووری سوریا لەئەستۆ بگرن و لەم ڕێگایەوە کاریگەرێتی لەسەر ڕێکخستنەوەی سووریای دوای شەڕ بەدەست بهێنن. هەنووکە ئەورووپاییەکان ناوچەکە بەجۆرێکی تر بەجێدێڵن. ئەسەد، پۆتین و ئەردۆغان ڕێککەوتنێک دەکەن ئیدارەی خۆجێیی ناتوانێ ڕەزامەند بێت لەسەری، بێ پشتیوانی ڕۆژئاوا. ئەم هیچ لەباردا نەبوونەی ئەورووپاییەکان، دەبێتە تۆڵەکردنەوە. کاتێ ڕژێمی ئەسەد ڕۆژهەڵاتی باکووری سووریا کۆنترۆڵ بکاتەوە، ئەوکات هەر کوردەکان باجی ئەمە نادەن. هەروەها ڕەخنەگرانی ڕژێمەکەی سووریاش دەکەونە مەترسییەوە و هەڵدێن، گیراوەکانی داعش دەبنە چەکی بەهێز و دەکەونە دەستی دەزگای هەواڵگیریی سووریا. لە کۆتاییدا ئەورووپا دەبێت هەژماری خۆی، لەگەڵ زۆر پەنابەری تری جیهادیی ئازادکراودا بکات. ئیدی ئەڵمانیا هەر لەلایەن ئەردۆغانەوە ناکەوێتە ژێر گووشارەوە، بەڵکو بەهەمان شێوە لەلایەن ئەسەدیشەوە. سیناریۆیەکی نیگەرانی و نائارامی؟ لەواقیعیشدا، ئەم ئاکامگیرییانە پێشبینی دەکرێن:



- بۆ ئەوەی نەهێڵین جەنگێکی ڕاستەوخۆی نێوان ڕژێمی سووریا و تورکیا دروست بێ ، پۆتین هەوڵ دەدات، ناوبژی و سازانێک بکات. ئەوەیشی دەکرێت بەم شێوەیە بێت:

تورکیا هێرشەکانی ڕادەگرێ لە ڕۆژهەڵاتی تل عبیاد و بۆی هەیە ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژئاوای ئەم ناوە تا ئەفرین کۆنترۆڵ بکات/ بە شاری ستراتیژی مەنبەجیشەوە. ئەرۆغان دەیەوێ پەنابەرە سووریەکانی تورکیا لێرە نیشتەجێ بکات، بۆ ئەوەی بە قازانجی سیاسەتی ناوەوەی خۆی بێت و دیۆگرافی ناوچەکەش بگۆڕێ. سووریە ئیسلامیە چەکدارەکانی لایەنگری تورکیا ، مااڵن و مندااڵنیان و عەرەبە سووریەکانی تریش لەبەرایی ئەم کارەوە دێن- هەروەک ئەوەی لە ئەفرین، کە لە ئاکامی هێرشی تورکی سەرەتای 2018 دەیان هەزار کورد دەربەدەر پێندران. ناوچەی باکووری حەلەب لە نێوان ناوچەکانی جرابلس ، عزاز و ئەلباب ، کە تورکیا ساڵی 2016 داگیری کرد، لە ئێستادا بۆ خۆی ناوچەیەکی پارێزراوە. ئەسەد لەباقی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی باکووردا باجی بۆئەوە دا، قسەی هەبێت/بەڕێوەبەری پۆلیس و دەزگای هەواڵگیری ڕێنمایی لە دیمەشقەوە وەردەگرن. ئەسەد فیدراڵیزم نادات، فیدراسیۆنی دیموکراسی باکووری سووریا ، کۆتایی دێت. هەرچی ئەوەی پارتی یەکێتی دیموکراتی سازیداوە، بەهێزە و توانیویەتی لەڕووی سەربازییەوە پشتیوانی لە یەپەگە بکات.

ئەمانیش خراپەکاریان کردووە، بەپێی ڕاپۆرتی ai ڕێکخراوی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ،کچ و کوڕیان هەر لەمێردمندالییەوە بەزۆر بردۆتە ڕیزکانیانەوە و هەزاران دانیشتوانی عەرەبی ناوچەی ڕەقەقە و حەسەکە لەلایەن یەپەگەوە دەربڕێندراون، بەبیانووی ئەوەی گومانیان لێکراوە هاوسۆزییان لەگەڵ داعش دا هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا ژیان و گوزەران لە ڕۆژئاوا، باشتر بوو لەتەواوی ناوچەکانی تری وڵات. سیستەمی یەک حیزبی بۆ بەشداری کۆمەڵگایەکی سڤیل بواری زیاتری سازداوە، وەک لە ڕژێمی بەعس لە دیمەشق. پشتیوانی لە ئافرەت دەکرێ ، کەمە نەتەوەکان بەشداریان پێدەکرێ. گەورەترین هەڵەی پەیەدە بڵندکردنەوەی وێنە و ئااڵی دامەزرێنەری پەکەکە عەبدوڵا ئۆجەلان لە هەر دەر و شوێنێک - چونکە بەهۆی زەقکردنەوەی ئەم تێڕوانینە نزیکییە ئایدۆلۆژییە لە پەکەکەوە ،وای کرد بۆ ئەورووپا سەخت بێت لێیان نزیک بێتەوە و زۆر لە کوردانی سووریاش خۆیانی تێدا ببینەوە و دیاری بکەن.

دوا بەدوای شارۆچکەی سۆران

نووسینگەی پاسپۆرت لە چەمچەماڵ و ئاکرێ و زاخۆ دەکرێتەوە



لەمیانی کردنەوەی نووسینگەی پاسپۆرت لەسۆران ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی هەرێم ڕایگەیاند نووسینگەی پاسپۆرت لەهەرێەک لەشارەکانی چەمچەماڵ ، ئاکرێ و زاخۆ دەکرێتەوە.


بە ئامادەبوونی ڕێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان و فرسەت سۆفی پاریزگاری هەولێر، نووسینگەی پاسپۆرتی سۆران، لە قەزای سۆران کرایەوە.

لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیشدا وەزیری ناوخۆی هەرێم یەکەم و دووەم پاسپۆرتی نووسینگەی پاسپۆرتی سۆرانی بەخشییەوە بە خاوەنەکانیان و ڕایگەیاند پیرۆزبایی لە خەڵکی سۆران و ناوچەکە دەکەین بە بۆنەی کردنەوەی نووسینگەکە.

ڕاشیگەیاند: نووسینگەی پاسپۆرتی سۆران نۆیەرەی کردنەوەی یەکەم نووسینگەی پاسپۆرتە دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم و لە ژێر فەرمانی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە پێویستە خزمەتگوزارییەکان لە هەموو شوێنێک بە پەلە و بەڕێزەوە پێشکەش بە هاوڵاتیان بکرێت.

لە میانەی کۆنفرانسەکەشدا وەزیری ناوخۆ ئاماژەی بەوەش کرد: لە ماوەیەکی نزیکدا نووسینگەی هاتووچۆی سۆران دەکرێتەوە و بۆ لەمەودوا هاوواڵاتیانی هەرچوار قەزاکەی سۆران و چۆمان و ڕەواندز و میرگەسۆر پێویست ناکات بێنە هەولێر بۆ مامەڵەی ئۆتۆمبیلەکانیان، بەڵکو لە سۆران دەتوانن مامەڵەکانیان ڕایی بکەن.

کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەڕێوەچوو



بە سەرپەرشتی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی ئامادەبوونی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزارەت کە لە ڕاوێژکاران و بەڕێوەبەرە گشتیەکانی سەربەوەزارەت پێک هاتوون کۆبۆوە.

سەرەتای کۆبوونەوەکە وەزیری ئەوقاف باس لەخاڵە گرنگەکانی کۆبوونەوەکە کرد کە بریتی بوون لەکارکردنی بەردەوام لەسەر ئاماری ووردی مووڵکەکانی وەزارەت، نەهێشتنی هەر جۆرە سەرپێچیەک بۆ سەرمووڵکەکانی وەزارەتی ئەوقاف و ڕێکخستنی لەچوار چێوەی ڕێنمایی و یاسای وەزارەت. بۆ ئەم مەبەستە کاری وورد ئەنجام دراوە، بەڵام پێویستی بەبەردەوامی کارکردن نوێ کردنەوە هەیە.

هەروەها ڕێکخستنی دەوامی فەرمانبەران و پاراستنی هاوسەنگی لەمیلاکدا وەپێویستە کارمەندو فەرمانبەران بەشێوەی یەکسان بەسەر دەزگاکانی ئەوقاف دابەش بکرێن، بەهیچ شێوەیەک ڕێگە نەدرێت فەرمانبەر بەبێ کار بێت پێویستە سەرجەم فەرمانبەران هەمیشەیی و گرێ بەست لەخزمەت هاوڵاتیانی ئازیزدا بن و کارەکانیان زۆر بەباشی ڕاپەڕێنن.

وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی ڕایگەیاند بەرژەوەندی گشتی دەبێت لەپێش هەر مەبەستێکی ترەوە بێت کاری هەرە لەپێشینەشمان پاراستنی پەرژەوەندی گشتی و خزمەت کردنە، هەروەها ڕێکخستنەوەی بواری وتارو پێشخستنی وتاربێژان و کردنەوەی خولی بەردەوامی بەردەوپێش بردن و پێگەیاندن.

سەرۆکی شارەوانی هەولێر: لەڕووی پاک و خاوێنییەوە دەبێ گرنگی زیاتر بە شاری هەولێر بدرێ

دوێنێ سەرلەبەیانی لەسەردانێکی مەیدانیدا سەرۆکی شارەوانی هەولێر بەیاوەری ئەندازیاری فەرمان خلیل و ئەندازیار کرمانج بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی شارەوانی لە بەڕێوەبەرایەتی بەشی خزمەتگوزاری و بە دوادچوون سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی کرد. لەم بارەیەوە سەرۆکی شارەوانی هەولیر دەست خۆشی لە ستافی لێژنەی بەدواداچوون کرد کە ڕۆژانە لەهەوڵی خاوێنکردنەوەن لەسنووری شارەوانی هەولێر بەمەبەستی نەهێشتن لابردنی زبڵ و خاشاکی ماڵان و خاوێن کردنی سەرە مەنهۆڵی شەقامەکانی ناوشار. شایانی باسە جەختی لەسەر زیاتر بایەخ پێدانی ئەم شارە کردەوە هەوڵی زیاتر هۆشیارکردنەوەی هاوواڵتیان بدرێت تا هەموولایەک بەیەکەوە پاکوخوێنی شارەکەمان بپارێزین چونکە ئەم کارە لەبەرژەوەندی هەموومانە.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
خانەوادەی خوالێخۆشبوو قادر موختار بالەکی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری سۆران (قادر حەمەد ڕەسوڵ) ناسراو بە (قادر موختار بالەکی)مان پێگەیشت.

هاوبەشی خەمان بە خانەواده بەڕێزەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی خۆمان بۆ ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان ڕادەگەیەنین. خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون
بارەگای بارزانی

***

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
خانەوادەی خوالێخۆشبوو عەبدولڕەحمان تاقانە

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هەڤاڵ (عەبدولڕەحمان ئیبراهیم حەمەدەمین) ناسراو بە(عەبدولڕەحمان تاقانە)مان پێگەیشت.

هاوخەمی خۆمان بە خانەواده بەڕێزەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.

خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات. **إنا لله و إنا إليه راجعون**

بارەگای بارزانی

نوێنەرانی بەشێک لە زیندانیانی سیاسی یاداشتێکیان ئاراستەی لیژنەی شەهیدان کرد



لیژنەی شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە پەرلەمانی کوردستان پێشوازیان لە هەردوو پاریزەری ڕاوێژکار نەجمەدین حەمەسەعید و گۆران جەلال و نوێنەرانی ژمارەیەک لە زیندانیانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا نوێنەرانی بەشێک لە زیندانیانی سیاسی یاداشتێکیان ئاراستەی لیژنەکە کرد کە تیایدا داوایان کردووە ماف و ئیمتیازاتی ئەو زیندانییانە بدرێت کە لەئێستادا بەپێی یاسا لیستەکانیان یەکلایی کراوەتەوە. بەڵام تائێستا مافەکانیان پێنەدراوە، هەروەها داوایان لە لیژنەکە کردووە ئەو مەلەفە بگرێتە ئەستۆ و ئەو مافە خووراوە بۆ زیندانیانی سیاسی بگەڕێنێتەوە، هاوکات پاکسازی لە لیستی سەرجەم زیندانیانی سیاسی بکرێت و ئەو کاسانەی کە زیندانی سیاسی نەبوونە ناوەکانیان لە لیستەکان دەربهێندرێت.

وەزارەتی شارەوانی زانیاری لەبارەی شەقامی 150 مەتریی هەولێر دەخاتە ڕوو



وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، زانیاری لەبارەی شەقامی 150 مەتریی هەولێر خستە ڕوو و ئاماژە بەوە دەکات، درێژیی شەقامەکە 70 کیلۆمەترە.

وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ڕاگەیاندراوێکی لە پەیجی فەرمیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (فەیسبووک) بڵاوکردەوە، تێیدا هاتووە: کارکردن لە شەقامی 150 مەتری بەردەوامە و بە تەواوبوونیشی، شاری هەولێر لەڕووی ئەندازەی هاتوچۆ و جموجۆڵی هاووڵاتیان و بازرگانی لە پایتەخت، سیمایەکی نوێتر و پێشکەوتووتری دەبێت .

لە ڕاگەیاندراوەکەدا باس لەوەش کراوە: شەقامی 150 مەتری هەولێر، پڕۆژەیەکی ستراتیژیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، درێژیی شەقامەکە 70کیلۆمەترە و هەر ئاڕاستەیەکی نزیکەی 20 مەتر پانە کە پێنج ئۆتۆمبێل دەتوانن بەتەنیشت یەکەوە ڕێ بکەن، بۆ هەر سایدێکیش شاڕێیەکی خزمەتگوزاریی دروست دەکرێت .

شۆپا ب رومەتا مروڤان ئاڤادکەت

سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی و بەرپرسێ لقێ ئێک و ب یاوەریا بەرپرسێ نڤێسینگەها شەهیدان ل سنورێ لیژنا ناوچا دوبان دگەل ژمارەکا مالباتێن شەهیدان کومبو ئەڤە و دڤێ کومبونێ دا بەرپرسێ لقێ ئاماژە دا وێ ئێکێ کو شوپا ب رومەتا مروڤان ئاڤا و پەروەردە دکەن هێن ژی ئەون یێ کو جەنگاوەر ژبو ڤێ ئاخێ مەزن و گوری کرین داکو ئەڤرو کیانەک هەبیت بناڤێ هەرێما کوردستانێ هێن وەکو خێزان و زارویێن شەهیدان خوشتڤیێن کوردستانێ نە و دێ مینن کەسانێن هێما و ئازا دناڤ گەلێ خودا. ئەڤ هاریکاری و چارەسەرکرنا نەساخێن مالباتێن شەهیدان دێ دەبردەوام بن تاکو بشێن ژین و ژیارا هەوبێن هێژا خوشتر لێ بکەین. ئەڤە و مالباتێن شەهیدان سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کرن ژبو ڤێ پیتەدانا بەردەوام دگەل وان.

تا 15ی مانگ هەر بەڵێندەرێک پڕۆژەکەی تەواو نەکات سزا دەدرێت

خەبات ـ سەید فاتیح
بەرزنجی:

سدقی ئامێدی بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی هەرێم بۆ کاروباری ڕێگاوبان ڕوونیکردەوە: حکومەتی هەرێم بودجەی پێویستی بۆ تەواوکردنی 200 پڕۆژەی ڕێگاوبان تەرخانکردووە هەر بەڵێندەرێکیش تاوەکو یەک مانگی دیکە کارەکانی تەواو نەکات ئەوا پڕۆژەکەی لێ وەردەگیرێت و سزاش دەدرێت. بۆ ئەم مەبەستە 181 پڕۆژەی ڕێگاوبان خراوەتە بواری جێبەجێ کردنەوە و بودجەی پێویستیشی بۆ تەرخانکراوە لەلایەن حکومەتی هەرێم و بەپێی ئەو گرێبەستەی کە لەگەڵ بەڵێندەرەکان ئەنجامدراوە دەبێ کارەکان بە پێی کوالیتی بەرز بن و پەلەش لە تەواوکردنیان بکەن دوا کاتیش 15ی مانگی داهاتووە.

چەند کەسێک دەستگیرکران کە لەڕێگەی دروستکردنی نوشتە و جادووەوە فێڵیان لە ئافرەتان کردووە

بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بڵاویکردەوە کە مەفرەزەکانی بنکەی پۆلیسی سەرچنار دوو تۆمەتباریان دەستگیرکرد کە لەڕێی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە خۆیان وەک شێخ و مەلا ناساندووە و فێڵیان لە هاوواڵتیان کردووە.

سەبارەت بە ناسنامەی تۆمەتبارەکان ئاشکرای کردوە، یەکێک لە تۆمەتباران ناوی (و، ت، ش) ە و لەدایکبووی ساڵی 1993 و ئەوی دیکەشیان ناوی (د، ش، ن) ە و لەدایکبووی ساڵی 1992ە.

لەئێستادا تۆمەتباران بە فەرمانی دادوەر و بەپێی مادەی دووی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پێوەندی، ڕاگیراون و لە لایەن بنکەی پۆلیسی سەرچنارەوە پەڕاوێزی لێکۆڵینەوە بۆ تۆمەتباران کراوەتەوە.

دهۆک.. لە دوو ڕووداوی هاتوچۆدا چوار کەس گیانیان لەدەستدا

گوتەبێژی پۆلیسی هاتوچۆی بەردەڕەش، حازم محەمەد گۆران لە لێدوانێکی بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو گوتی: ڕووداوی یەکەم لەسەر ڕێگای ڕۆڤیا – چڕە لەسنووری پارێزگای دهۆک لەنێوان دوو ئۆتۆمبێلی بچووک ڕوویدا و بەهۆیەوە سێ کەس گیانیان لەدەستداو سێی دیکەش بریندارببوون .

حازم محەمەد گۆران گوتیشی: هەر ئەمشەو لە گوندی چەمەی سەر بە قەزای بەردەڕەش لە ڕووداوێکی دیکەی هاتوچۆدا کەسێک گیانی لەدەستداو سێ کەسی دیکەش بریندارن .

لەهەردوو ڕووداوەکەدا چوار کەس گیانیان لەدەستداو شەش کەسیش بریندارن، دوو کەس لە بریندارەکان بریندار سەختە و لەژێر چاودێری پزیشکیدان لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ئاکرێ.

دروستکردن و تەواوکردنی 11 بەنداو لە کوردستان



خەبات ـ سەید فاتیح
بەرزنجی:

ئەکرەم ئەحمەد بەڕێوەبەری گشتی کۆگاو بەنداوەکان لە وەزارەتی کشتوکاڵ ڕوونیکردەوە: بۆ گلدانەوەو کۆکردنەوەی زیاتری سامانی ئاو حکومەتی هەرێم ڕەزامەندیدا بە تەرخانکردنی 33 ملیار و 320 ملیۆن دینار بۆ دەست پێکردنەوەی کارەکانی 11 بەنداو لە کوردستان و زۆربەی پارەکەش بۆ ئەو بەندانەیە کە بەهۆکاری قەیرانی دارایی کارەکانیان وەستابوو. لەسەرەتادا دەست بە کارکردن لەو 11 بەنداوانە دەکرێت کە بریتین لە بەنداوی مامناوەندو بچوک. ئەویش لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و بەتەواوبوونیان سوودێکی باشیان بۆ بواری کشتوکاڵ و کەرتی گەشتیاری و ماسی دەبێت و لەئێستاشدا وەزارەتی کشتوکاڵ خەریکی ووردەکاری و ڕێککاری پێویستە بۆ دەست پێ کردنەوەی کارەکانی ئەو بەنداوانە.

لە ڕۆژی جیهانی بەبیرهێنانەوەی قوربانییانی ڕووداوەکانی هاتوچۆدا

نەتەوە یەکگرتووەکان: ژیان پارچەی یەدەگی ئۆتۆمبیلێک نییە

تا: ل. ڕیپۆرتاژ

لەسەرانسەری جیهان ڕۆژی 17ـی تشرینی دووەم وەک (ڕۆژی یادکردنەوەی قوربانییانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ) بەرز ڕادەگیرێت و ئەمساڵ نەتەوەیەکگرتووەکان پۆستەرەکانی لەژێر ناوەڕۆکی (ژیان پارچەی یەدەگی ئۆتۆمبیلێک نییە) لە مالپەڕی ڕێکخراوەکە لە ئینتەرنێت بڵاوکردەوە. هاوکات لە ڕاپۆرتی "ژیانەکان ڕزگاربکە"ی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانییدا، ئامانجی ئەوە دیارییکراوە کە ژمارەی قوربانییانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ تا ساڵی 2020 بۆ نیوەو دابەزێنرێن. لەو چوارچێوەیەشدا داوا لە حکومەتەکان کراوە یاسای ئاسایشی ڕێگاوبان بەهێز بکرێت کە هەریەک لە کەمکردنەوەی خێرایی لێخوڕین، سەرلەنوێ چاککردنەوە و ڕاستکردنەوەی ڕێگاکان، دڕووستکردنی ژێرخان و دەستەبەرکردنی تەکنەلۆژیای ڕزگارکردنی ژیان لەخۆدەگرێت.

لە هەرێمی کوردستاندا ملیۆنێک و 711 هەزار ئۆتۆمبیل هەیە، کە تەنیا لەماوەی 9 مانگی ئەمساڵدا 121 هەزار و 947 ئۆتۆمبیلی نوێ تۆمارکراون



هەرێمی کوردستان: لەماوەی یەک ساڵ و 9 مانگدا، 10 هەزار و 928 کەس بوونەتە قوربانیی ڕووداوەکانی هاتوچۆ

بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان لیوا عەبدولقادر عەزیز دەڵێت: ساڵی پار 655 حاڵەتی مردن هەبووە، 4هەزار و 844حاڵەتی برینداریش هەبووە، بەڵام ئەمساڵ تا -30 2019-9حاڵەتەکانی مردن بریتیی بووە لە 427و حاڵەتەکانی برینداربوونیش بریتیی بووە لە 5هەزار و 2کەس.

بەڕێوەبەری گشتی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت کە لەماوەی یەک ساڵ و 9مانگدا 10هەزار و 928 کەس بوونەتە قوربانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ و شوفێریش بە هۆکاری پلە یەک دەزانێت لە ڕووداوەکانی هاتوچۆدا.

لە نۆ مانگی ڕابردووداً لە شارەکانی هەرێمی کوردستان سێ هەزار و 328 ڕووداوی هاتوچۆ تۆمارکراوە و لە ئەنجامدا 655 کەس گیانیان لەدەستداوە و چوار هەزار و 844 کەسیش برینداربوونە.

بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان، لیوا عەبدولقادر عەزیز، سەبارەت بە ئاماری ڕووداوەکان و قوربانییەکانی هاتوچۆ لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی: تا ئێستا ڕێژەکە کەمترە لە ساڵی پار، جگە لەوەی ئاماری سێ مانگی داهاتووش ماوە، بەڵام هیوادارم کە ئەمساڵ ڕێژەکە کەمتر بێت لە ساڵی پار.

سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکانی هاتوچۆش، بەڕێوەبەری گشتی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان لیوا عەبدولقادر عەزیز گوتی: هۆکارەکان بە پلە یەک شوفێرەکانن و ڕێگاوبانەکانیش ستاندەردنین و ئەمەش دەگەڕێتەوە بە هۆی قەیرانی دارایی و ئەوەی ناماننتوانی ڕێگاکان نۆژەنبکەینەوە.

بەپێی ئامارەکانی هاتوچۆی هەرێم، لە ساڵی 2017دا 690 کەس بە ڕووداوەکانی هاتوچۆ گیانیان لەدەستداوەو لە ئێستاشدا بەگشتی ملیۆنێک و 711 هەزار 558 ئۆتۆمبێل هەیە کە تەنیا لەماوەی 9 مانگی ئەمساڵدا، 121 هەزار و 947 ئۆتۆمبێلی نوێ تۆمارکراون.



لە هەر 24 چرکەیەکدا کەسێک لە جیهان بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆوە گیان لەدەست دەدات



چەند داتا و ئامارێکی جیهانی بە ژمارە

- بەپێی داتاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە هەر 24 چرکەیەکدا کەسێک لە جیهان بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆوە گیان لەدەست دەدات.
- هەموو ساڵێک لە جیهاندا ملیۆنێک و 350 هەزار کەس لە ڕووداوەکانی هاتوچۆدا دەمرن.
- ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە ڕیزبەندیی هۆکارە سەرەکییەکانی مەرگی مرۆڤەکاندا، لە پلەی هەشتەمدا دێن.
- گرووپی تەمەن 29-5 ساڵ قوربانیی سەرەکیی ڕووداوەکانی هاتوچۆن.
- ڕێژەی مردن بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لەو وڵاتانەی داهاتی دانیشتووانەکەی نزمە، بەراورد بەو وڵاتانەی کە داهاتی دانیشتووانەکەی بەرزە، سێ هێندە زیاترە.
- زۆرترین ڕێژەی مردن بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە ئەفریقیایە، بە ڕێژەی 26.6 لە هەر 100 هەزار کەسێک و لەپلەی دووەمیشدا باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا دێت بە ڕێژەی 20.7 بۆ هەر 100 هەزار کەسێک سالانە.
- هاوکات هەمان ڕێژە لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی دەریای سپی بۆ هەر سەد هەزار کەسێک 18، لە ئەمریکا 15.6و لە ئەوروپا 9.3یە.

ڕێژەکانی مردن بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆوە 26%ی ڕێبوار یان دووچەرخەسوارن، 28%ی مۆتۆڕسوارەکانن کە مۆتۆڕسکیلەکانیان دوو یان سێ تایەی هەیە.

ڕێژەی مردن لەنێو بەکارهێنەرانی ئۆتۆمبیلە چوار تایەکاندا 29%ـەو ئەو 17%ـەی کە دەمێنێتەوە، وەک بەکارهێنەرانی ڕێگاوبان کە نەتوانراوە پێناسە بکرێن، دیارییکراوە.

بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی، کۆمەڵێک چالاکی ڕێکخست

بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی بەهاوکاری سەندیکای هونەرمەندان، بەبەشداری ژمارەیەکی زۆر شێوەکار، شانۆکار، موزیسیان ، گۆرانیبێژ، ئەکتەر و چەند کەسایەتییەکی تری حکوومی و حیزبی، پەیامەکانی سەلامەتی هاتوچۆیان گەیاندە هاووڵاتیان و دانیشتووانی شاری سلێمانی، تا دوور بکەونەوە لە سەرپێچی یاسا و ڕێنماییەکانی هاتوچۆ جێبەجێ بکەن، بۆ ئەوەی گیانی خۆیان و کەسانی تریش نەخەنە مەترسییەوە.

لەلێدوانێکدا بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانی عەمید فەرەیدون عومەر ئاماژەی بەوەدا کە بەخۆشحاڵییەوە ژمارەیەکی زۆر کەس و لایەن بەشداریان لە چالاکییەکەدا کردووە و هەروەک ئاماژەی بە ئاماری ڕووداوی گیان لەدەستدان کرد لە ساڵی ڕابردوو و شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵداو گوتی: ئێمە ئاماری شەش مانگی یەکەمی 2019مان لە مانگی تەموزدا ڕاگەیاند، سەری ساڵیش ئاماری شەش مانگی دووەم ڕادەگەیەنین، قوربانیانی هاتوچۆ (لە سنووری پارێزگای سلێمانی) لەشەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا بەڕاورد بە ساڵی ڕابردوو کەمی کردبوو، هیوادارین کە ئەمساڵ کەمتریش بێت، لەکاتێکدا ساڵی پار 224 کەس لە ڕووداوی هاتوچۆدا گیانیان لەدەست دابوو. ئومێد دەکەین ئەمساڵ ئەو ژمارەیە کەمتر بێتەوە، لەکاتێکدا لەشەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 65 کەس گیانیان لەدەست داوە بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە، بەڕاوورد بە شەش مانگی ڕابردوو ژمارەکە کەمی کردبوو.

هەڵمەت و چالاکییەکە بە بەشداری زۆرێک لە چینەکانی سلێمانی بەڕێوەچوو. قوتابیانی بنەڕەتی، بە بەرزکردنەوەی دروشمی"ئۆتۆمبێل هۆکارێکە بۆ خۆشگوزەرانی نەک کارەسات" ?"تکایە هۆکارەکانی سەلامەتیمان بۆ دابین بکەن "و چەندین دروشمی تریان بەرزکردبوویەوە تاکو سەرنجی شۆفێران و هاووڵاتیان ڕابکێشن بۆ ئەوەی لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلدا زیاتر بە ئاگایانە مامەڵە بکەن.

لەبەشێکی تری چالاکییەکەدا چەندین وێنە و فۆتۆی تایەت بە ڕووداوی هاتوچۆ و هۆشیارکردنەوە دەربارەی سەلامەتی هاتوچۆ نیشان دران.

قوتابخانەی بنەڕەتیی هەوارەبەرزە یەکێک بوو لەو لایەنانەی بەشدار و هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ بوون لە گەیاندنی پەیامەکانی سەلامەتی هاتوچۆ.

لەلێدوانێکدا تۆیژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەی بنەڕەتی هەوارەبەرزە ژیار سەعید ڕەسوڵ ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان ساڵی ڕابردووش بەشداریان کردووە لەو چالاکییەدا بۆ هۆشیارکردنەوەی دانیشتوانی سلێمانی و دەوروبەری لە ڕووداوەکانی هاتوچۆ و سەلامەتیان و گوتی: ئەمساڵیش لەڕۆژی تیرۆری سپیدا بەهاوکاری ڕێکخراوی هێڵی سوور بە 500 قوتابییەوە بەشداریمان کرد لە چالاکی هۆشیارکردنەوەی خەڵکدا بە ئامانجی پاراستنی نەوەی داهاتوو بەدوورگرتنیان لە ڕووداوی هاتوچۆ.



تەها مەهدی حاجی
سەرۆکی ڕێکخراوی قوربانیانی هاتوچۆ

لە ڕۆژی جیهانی قوربانیانی هاتوچۆدا
کەمکردنەوەی قوربانیانی هاتووچۆ ئەرکی هەموو تاکێکی کۆمەڵگایە

ڕۆژی 11/17ـی هەموو ساڵێک ڕۆژی جیهانی قوربانییەکانی هاتوچۆیە لە جیهاندا، بەداخەوە زۆری قوربانیەکانی هاتوچۆ هاندەربووە بۆ چەندین ڕێکخراوی جیهانی کە لە ساڵانی سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردودا داوابکەن کە زیاتر کار لە سەر کەمکردنەوەی کارەسات و قوربانیانی هاتوچۆ بکەن . بۆ ئەو مەبەستەش ڕۆژێکیان دیاری کرد بەناوی قوربانیانی هاتوچۆ .

خۆشبەختانە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) ی سەربە UN بە شێوەیەکی فەرمی سێیەم یەکشەممەی مانگی یانزەی هەموو ساڵێکی دیاریکرد بۆ یادەوەری یا خود ئەو کوژاو و بریندارە زۆرانەی کە لە ڕێگاوبانەکانی جیهاندا بوونەتە قوربانی هاتوچۆ .

بەپێی ئامارەکانی UN سالانە زیاتر لە 1.3ملیۆن کەس لە ڕووداوی هاتوچۆدا لە وڵاتانی جیهاندا دەکوژرێن و ملیۆنانی تریش بریندار و دەبن بەخاوەن پێداویستی تایبەت .

دواتر هەر لە بەر زۆری قوربانییەکان بوو کە WHOدە ساڵەی 2011 - 2020 دیاریکرد کە وڵاتانی جیهان . بەتایبەتی وڵاتانی پێشکەوتوو بەبەرنامەوە چالاکانە کار لەسەر سەلامەتی هاتووچۆ و کەمکردنەوەی قوربانیەکان بکەن .

لە ڕۆژی قوربانیانی هاتوچۆ لە جیهاندا بە گشتی و لە هەرێمی کوردستاندا بە تایبەتی دەردەبڕین و بەڵێنی کارکردنی زیاتر دەدەین لەم بوارەدا . بەپێی ئامارەکان هەرێمی کوردستان لە ڕووی هاتوچۆوە ولاتێکی مەترسیدارە . چونکە سالانە زیاتر لە (1100) کەس لە ڕووداوی هاتوچۆدا گیان لە دەستدەدەن و زیاد لە 50 هەزار کەسیش بریندار دەبن . ئەمەش وایکردووە کە چەند ساڵێکە ڕووداوەکانی هاتوچۆ بۆتنە هۆکاری یەکەمی مردن و گەورەترین مەترسی لەسەر سەرمایەی مرۆیی لە هەرێمەکەماندا .

بەداخەوە بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی تیرۆریستانی داعش و ناکۆکیە سیاسیەکانی ناوخۆی هەرێم و لەگەڵ حکومەتی ناوەند وە خەمساردی حکومەتی هەرێم . بواری سەلامەتی هاتوچۆ فەرامۆشکراوە و مەترسیەکان لەسەر گیانی هاوڵاتیان زیادی کردووە لە شەقامەکانی کوردستان .

قوربانیەکانی هاتوچۆ بێجگە لەوەی کە تراژیدیایەکی جەرگبڕن بۆ کەسوکاری قوربانیەکان . لە هەمانکاتدا زەرەرێکی گەورەی مرۆیی و ئابووریە بۆ کۆمەڵگاکەمان . بارگرانیەکی زۆر دەبێ لە سەر خێزانەکان . نەخۆشخانەکان، لەسەر دەزگا و کۆمپانیاکان، لەبەر ئەوە پێویستە ئەو کوشتارە، کە زۆر جار بە تیرۆری سپی ناوی دەبەن چارەسەر بکرێت .

ئەزموونی وڵاتانی تر دەریانخستووە کە کەمکردنەوەی قوربانیانی هاتوچۆ لە خۆوە و بە ئاسانی نایەتەدی . دامەزراندنی گواستنەوە و هاتوچۆیەکی باش واتای ئەوە نیە کە لە خۆوە لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی دروست بوونی سەلامەتیش لە هاتوچۆدا، بەڵکو دەبێ بە تایبەتی و بە ڕۆشنبیری و هۆشیاری و بەرنامەوە کار لە سەر دڵنیای هاتوچۆ بکرێت .

خەبات
www.xebat.net
سێ شەممە 2019/11/19 ژمارە (5874)

هەنگاونان بەرەو نووسینەوەی دەستووری کوردستان



16

مافپەروەر: جەواد مستەفا ستوپەی

پاڵنەرەکانی دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵی

ئەوەی ئاشکرایە سەرەتای دروست بوونی سیستەمی فیدراڵی دەگەڕێتەوە بو کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم و دواتریش بە شێوەیەکی فراوان پەرەی سەند بەتایبەتی لە هەردوو سەدەی نوزدەسەم و بیستەمدا، زۆر لە وڵاتانی جیهان پەیرەوی ئەم سیستەمەیان کرد و تا ئێستاش هەر لە پەرەسەندندایە. سەرەتا ئەم سیستەمە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سوڤیەتی جاران و سویسرا و کەنەدا و ئەڵمانیا و ئوستراليا و...زۆر وڵاتانیتر پەیرەو کرد. هۆی پەرەسندن و سەرکەوتنی ئەم سیستەمە دەگەڕێتەوە بو کۆمەڵێک هۆکار، لەوانە چارەسەر کردنی کێشە و ناکوکییەکانی پێکهاتە جیاوازەکانی هەر وڵاتێک بە ئاسانی، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی لە پێکهاتەی جیاواز پێکدێن، واتە لە زیاتر لە یەک نەتەوە یان ئایین یان زمان یان رەگەزی جیاواز پێکدێن، یاخود ئەو وڵاتانەی چەندین کەمینە لە خۆدەگرن.

سەرەرای سەرکەوتووی و گونجاوی سیستەمی فیدراڵی بو وڵاتان، بەڵام لە زور وڵاتانیش ئەم سیستەمە هەرەسی هێناوە، بەڵام هۆکاری ئەم هەرەس هێنانە ناگەڕێتەوە بو نەرێنی یان ئەرێنی ئەم سیستەمە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بو ئەو هۆکارانەی پەیوەستن بەم کۆمەڵگا و وڵاتانەوە کە پەیرەوی ئەم سیستەمە دەکەن. سیستەمی فیدراڵی سیستەمێکی سیاسی دەستووری سەرکەوتوویە، کەواتە سەرکەوتنی جێبەجێ کردنی ئەم سیستەمە لە رووی کردەییەوە دەگەڕێتەوە سەر بارودۆخی بابەتی و شارستانی و هوشیاری ئەو کۆمەڵگایەی پەیرەوی دەکات. بو نمونە ئەگەر سەیری عێراق بکەین لەبەر عەقلیەتی شوڤینی عەرەبی یاخود مەزهەبی شیعەگەری، کە ئەم عەقلیەتە هەمیشە زاڵە بەسەر کۆمەلگای ئەم وڵاتەدا، بۆیە هەمیشە سەرکردەکانیان جەخت لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەنەوە، سەربەخۆی یان جیابوونەوەی کوردستان لە عێراقی عەرەبی هەمیشە بە کوفرێکی سیاسی دەزانن، تەنانەت دژی پەیرەو کردنی بنەماکانی دیموکراتیەت و سیستەمی فیدراڵیەتیشن بەتایبەتی بو پەیرەو کردنی ئەم سیستەمە لە هەرێمی کوردستان. بۆیە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لە دوای روخانی رژێمی سەدام پێشێلی دەیان مادەی دەستووریان کردووە. کەواتە شکست هێنانی سیستەمی فیدراڵی لە عێراق، هەرچەندە تا ئێستا بەتەواوەتی شکستی نەهێناوە، بەڵام هۆکارەکەی ناگەڕێتەوە بو سیستەمەکە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بو عەقلیەتی دواکەوتووی ئەم کۆمەڵگایە لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە. واتە ئەوان دژایەتی ئەم سیستەمە دەکەن بەبێ ئەوەی ئەوان رەچاوی ئەم خاڵە بکەن کە دابەش کردنی دەسەڵاتەکان بەسەر هەرێمەکاندا باری قورسی دەوڵەتی فیدراڵی سوکتر دەکات.

ئەو هۆکارانەی پاڵنەرن بو دروست بوونی دەوڵەتی فیدراڵی:

سەرەتا بوونی ئیرادەی دامەزراندنی سیتەمی فیدراڵی لە لایەن ئەو پێکهاتە جیاوازانەی دەیانەوێت دەوڵەتی فیدراڵی دروست بکەن. کەواتە یەکێک لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی فیدراڵی بریتییە لە ویستی ئەو کۆمەڵگایەی دەیانەوێت ملکەچی حکومەتێکی گشتی یەکگرتووی فیدراڵی بێت، بو رەنگدانەوەی ئەم مەبەستەش تا ئەم کۆمەڵگایە ویستێکی سەربەخۆی ناوخۆی نەبێت ناتوانێت وڵاتێکی فیدراڵی سەرکەوتوو دروست بکات. بونمونە هۆکاری دروست نەبوونی دەوڵەتی فیدراڵی لەلایەن ئەندامانی کومونوێلسی بەریتانی دەگەڕێتەوە بو نەبوونی ئیرادە، چونکە ئەوان ویستی ئەوەیان نەبوو دەست لە دەستەلاتەکانی خۆیان بەردەن بو حکومەتێکی گشتی و سەربەخۆی فیدراڵی تا ملکەچی بن ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێک بوو.

کەواتە ویستی دامەزراندنی دەوڵەتی فیدراڵی دەگەڕێتەوە بو ویستی سەربەخۆی ناوخویی ئەو هەرێمانەی دەوڵەتی فیدراڵی دروست دەکەن، چونکە لەوانەیە تایبەتمەندییەکانی هەر هەرێمێک جیاواز بێت لەگەڵ تایبەتمەندی هەرێمێکیتر لە رووی نەتەوە یان ئایین یان رەگەز یان کەلتوور. بۆیە لەوانەیە خاوەنی هەریەکێک لەم تایبەتمەندیانە هاندەر بن بو یەکگرتنی هەریەک لەم هەرێمە جیاوازانە تا هەرێمێکی تایبەت بو خۆیان پێکبێنن، واتە لە رووی ناوخۆییەوە سەربەخۆ بن و سەروەری دەرەکیش بە حکومەتی فیدراڵی بسپێرن بۆ ئەوەی بەرگرییان لێ بکات، کەواتە بە گشتی گرنگترین ئامانج لە دروست کردنی دەوڵەتی فیدراڵی بۆ ئەوەیە تا حکومەتی فیدراڵی بەهێز بکەوێت بو ئەوەی بتوانێت بەرگری لە سەروەری حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان بکات و هەوڵی پێشخستنی بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی هەرێمەکان بدات، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش هەرێمەکان دەست لە سەروەری و دەسەلاتی دەرەکی خۆیان بەردەدەن بو حکومەتی فیدراڵی. یەکێکیتر لە پاڵنەرەکانی دروست بوونی دەوڵەتی فیدراڵی دەگەڕێتەوە بو هۆکاری ئابووری. بونمونە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئوستراليا و کەنەدا لە دوای راگەیاندنی سیستەمی فیدراڵی بو وڵاتەکانیان، توانییان پێشکەوتنێکی بەرچاو لە بواری ئابووریدا بەدەست بێنن، و لەهەمان کاتدا توانییان بەربەستەسنووریەکان کەم بکەنەوە و ئاسانکاری زیاتر لە نێوان هەرێمەکاندا ئەنجام بدەن. نموونەی وڵاتانی زور لە جیهاندا هەن کە پەیرەو کردنی سیستەمی فیدراڵی بویتە هۆی پێشکەوتنی ئابووری و پەیوەندی سیاسی و کۆمەلایەتی بەهێز کە رەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر گەڵ و نەتەوەکانیان هەبووە.

پاڵنەرێکیتری دروست بوونی دەوڵەتی فیدراڵی بریتییە لە بەژداریکردن یان بوونی پەیوەندی سیاسی پێشوەختەی کۆمەڵگا و وڵاتان لەگەڵ یەکتر بو دروست کردنی ئەم یەکێتییە، بونمونە ئەو وڵاتانەی بو ماوەیەک وڵاتی کونفیدراڵی بوونە دواتر گۆڕاون بو وڵاتی فیدراڵی وەک کانتونەکانی سویسرا کە لە ساڵی 1815 وڵاتی کونفیدراڵی بوون، بەڵام دواتر لە ساڵی 1848 بوون بە وڵاتی فیدراڵی. چونکە ئەو وڵاتانەی ماوەیەک کونفیدراڵی بوون و لە پاش ماوەیەک هەلوەشاونەتەوە بو هەرێم و ویلایەتی جیاواز، ئەمانە لە رووی کردەییەوە پێشینەیەکی کارگێرییان پەیرەو کردووە، کەواتەئەمانە بو ماوەیەک لامەرکەزی ئیدارییان بینیوە. پێش ئەوەی ببنە وڵاتێکی فیدراڵی.

پاڵنەرێکیتری دروست بوونی دەوڵەتی فیدراڵی بریتییە لە هۆکاری جۆگرافی، بونمونە لە زور وڵاتاندا دوو هەرێم بە زنجیرە چیایەک یان بە رووبار لە یەکتر جیا دەکرێنەوە وەک ئەو زنجیرە چیایانەی سویسرایان دابەش کردووە بو چەندین بەش (مقاتعات)، یاخود سنووری وڵاتێک دەکەوێتە نێوان دوو هەرێم وەک بەنگلادش لە پێش ئەوەی لە ساڵی 1970 سەربەخۆبێت ، کە بە پێی دەستووری فیدراڵی پاکستان، بەنگال هەرێمێکی ئەم وڵاتە بوو، بەڵام سنووری هیند هەرێمی بەنگالی لە هەموو هەرێمەکانیتری پاکستانی جیا کردبووە. بە گشتی ئەو هەرێمانەی هاوشێوەی ئەمانەی لە سەرەوە باسمان کرد هەر کاتێک ویستیان دەتوانن یەک بگرن و دەوڵەتێکی فیدراڵی پێک بێنن، بەڵام ئەوەش لەبیرمان نەچێت بەزوری هەر یەکگرتنێکی فیدراڵی لەبەر هۆکاری جوگرافی بێت، لەوانەیە تەمەنی ئەم یەکگرتنە درێژ نەبێت، چونکە ئەگەر هەرێمەکان لەبەر هۆکاری جوگرافی لەیەکتر دوور بن و پانتییەکی فراوانی هەبێت، لەوانەیە لە رووی سەربازییەوە حکومەتی فیدراڵی نەتوانێت راستەوخۆ بەرگرییان لێ بکات. کەواتە لێرەدا پاڵنەرێکیتر بومان دەرکەوت ئەویش پاڵنەری ترسە، چونکە مێژوو پێمان دەڵێت زور جار وڵاتە بەهێزەکان وڵاتە لاوازەکانی داگیر کردووە. کەواتە ئەگەر وڵاتێک بچوکیش بێت بەڵام ئەگەر لەدەست جیاوازی ئاینی و نەتەوەی و رەگەزی بنالێنن ئەو کات دروست کردنی دەوڵەتی فیدراڵی باشترین چارەسەرە بویان. کەواتە لێرەدا بەگرنگ دەزانم وتەیەکی بنیامین فرانکلینی ئەمریکی بەبیر بێنمەوە کە لە ساڵی 1789 کردویەتی کە ئەمرو بو ئێمەی کورد زۆر گرنگە دەڵێت: (دەبێت ئێمە هەموومان یان یەکبگرین و خۆمان بەیەکەوە گرێ بدەین، یانیش دەبێت چاوەروان بین رۆژێک دادێت ئێمە هەموومان یەک بەیەک لە سێدارە دەدرێین).

هەروەها هۆکاری تریش هەن دەبنە پاڵنەر بو دروست بوونی دەوڵەتی فیدراڵی وەک پێکچوون لە سیستەمی سیاسی یان کۆمەڵایەتی، پێکچوونی سیستەمی سیاسی یان کۆمەلایەتی هەرێمەکان پاڵنەرێکی گرنگە بو دروست بوونی دەوڵەتی فیدراڵی، بەڵام ئەگەر سیستەمی سیاسی یاخود داب و نەریتی کۆمەڵایەتی لە هەرێمێکەوە بو هەرێمێکیتر زور جیاواز بێت، کۆکردنەوەی ئەمانە لە هەرێمێکی فیدراڵیدا کارێکی ئەستەمە. بە هەمان شێوەی باسمان کرد هاوبەشی نەتەوە و ئایین و زمانیش پاڵنەری زور گرنگن بو پێکەوە کار کردن و تێکوشان لە پێناو یەک ئامانجی دیاریکراوی وەک یەکگرتنی وڵاتان و دروست کردنی دەوڵەتی فیدراڵی.

بونمونە ئەگەر سەیری مێژووی کۆمەڵگای ئەمریکا بکەین زور فاکتەری جیاواز و دژبەیەک لەناو کومەڵگاکەیان هەیە، وەک جیاوازی رەگەز واتە (دژایەتیکردن لەنێوان رەش پێست و سپی پێستدا)، یاخود بەکار هێنانی کۆیلە و لە زور شتی تریشدا جیاوازییان هەبوو، بەڵام بە هۆی هاوبەشییان لە نەژاد و زمان وئایین توانیان یەک بگرن. هەروەک چارلس بیرد (Charles Beard) دەڵێت: (هاوبەشی لە ئاین و زمان و داب و نەریت هۆکاری گرنگ بوون بو دروست بوونی یەکێتی فیدراڵی ئەمریکا).

ئەگەر سەیری ئەو پاڵنەرانە بکەین کە بوونە هۆی دروست بوونی دەولەتی فیدراڵی عێراق زور لەو پاڵنەرانەی تێدایە کە لەسەرەوە باسمان کرد، بەڵام پاڵنەری سەرەکی بریتییە لە گوشاری هاوپەیمانان بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چونکە کورد هەمیشە ئامانجی راستەقینەی سەربەخۆیی کوردستان بووە، بەڵام هەمیشە ویستوویانە هەنگاو بە هەنگاو قوناغەکان ببرن، چونکە هیچ کاتێک کورد نەیویستووە لەگەڵ عەرەب بژیت. لە هەمان کاتیشدا دروستبوونی دەولەتی فیدراڵی عێراق قوناغێکی زور گرنگی مێژووییە لە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان، چونکە عێراق لە دەولەتێکی دیکتاتور و داپلوسێنەری مەرکەزی گورا بو وڵاتێکی فیدراڵی کە ئەمە لە ویستی گەلی کورد بەدەر نەبوو، بەڵام فشاری وڵاتانی هەرێمی و هاوپەیمانان رێگر بوون لە راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانی باشوور لە دوای روخانی رژێمی سەدام و تا ئەمرۆ.



کورد و سیاسەتی ئەمەریکا.. ئومێدگەلێکی دواخراو

ویلیام رۆ

کاتێک سەرۆکی ئەمریکا، دۆناڵد ترەمپ، رۆژی 6 مانگی رابردوو، قسەی لەگەڵ سەرۆکی تورکیا، رەجەب تەیب ئەردۆغان کرد، ترەمپ، لەسەر ناردنی سەربازانی تورک بۆ باکووری سووریا رازی بوو، ئەو ناوچەیەی کە (هێزەکانی سووریای دیموکرات- هەسەدە) کۆنترۆڵی بەشێکی زۆریان کردبوو و بەشی هەر زۆری جەنگاوەرەکانیشی کوردن، لەتەک سەربازانی ئەمریکا لەوێ بوون.

ئێمە وردەکاریی ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە نازانین، بەڵام پێدەچێت، ئەردۆغان جەختی لەوە کردبێتەوە، بوونی جەنگاوەرانی کورد لەسەرسنووری تورکیا، بە هەڕەشەیەکی ترسناک بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دادەنرێت. چونکە ئەردۆغان پێی وایە، کوردانی سووریا و تورکیا تیرۆریستن. لەسەروبەندی جەنگی ئەهلیی سووریا، بینرا کوردی سووریا ، چۆن بە هاوپەیمانیەتییەکی بەهێز لەگەڵ ئەمریکییەکان، توانییان بەرە بەرە کۆتایی بە کۆنترۆڵی داعش، بەسەر بەشێکی گەورەی خاکی سووریا بهێنن، بۆ خۆشیان مەکۆیەک لە بەشێکی گرنگی خاکی سووریا دروست بکەن. پێدەچێت ئەردۆغان، قنیاتی بە سەرۆک ترەمپ هێنابێت، لەبەرژەوەندی ئەمریکا دایە، رازی بێت بە رێگەدان بە تورکیا، ئەو مەکۆیەی کوردان لە سووریا لەناو ببات. دوور لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە، ترەمپ، فەرمانی بە هێزەکانی ئەمریکا کرد، لە سووریا بکشێنەوە. لەماوەی چەند کاتژمێرێکدا، هێزەکان دەستیان بە کشانەوە لە سنووری باکوور کرد، سەربازانی تورکی چوون و سەربازانی کوردیش دەرچوون، لەترسی ئەوەی تورکەکان بە خراپی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن. راستییەکەی، کوری سووریا هۆکاری خۆیان هەیە، بۆ ئەوەی لە حکومەتی تورکیا بترسن. کەچی لە ماوەی ساڵانی کەمی رابردوودا، پێیان وابوو، ئەمریکا دۆست و پشتیوانیانە، چونکە ئەمریکا ئەوان بە تیرۆریست لەقەڵەم نادات و وەکو تورکیا لێیان ناڕوانێت، بە پێچەوانەوە، بەرپرسانی ئەمریکا زیاتر لە جارێک ڕایانگەیاند، کوردانی سووریا، کاراترین هێزی جەنگاوەرن، کە لە پشت لە زەیوەدانی داعش مامەڵەیان لەگەڵ کردوون، زێدەباری ئەوەش، چەند گەورە ئەفسەرێکی ئەمریکا، چەندین جار و بەشێوەی راستەوخۆ، بە گەورە ئەفسەرانی سەربازیی کوردی سووریایان ڕاگەیاندووە، چەند بەوان سەرسامن و رێز لە هەماهەنگیان لەگەڵ کورد دەگرن، ئەمریکاش ئەوەی لەبیر ناچێت، کە لەسەر گۆڕەپانی جەنگ بۆیان کردوون. بەرپرسانی ئەمریکا، ئەو رێز و پێزانینانەیان بە جەنگاوەرانی کورد گەیاند، دوای ئەوەی روون بوویەوە، کوردانی سووریا، لە جەنگی دژ بە داعشدا، بارە قورسەکەیان لە ئەستۆگرت، چونکە زیاتر لە 11 هەزار جەنگاوەری کورد لەو جەنگانەدا شەهید بوون، لەوکاتەی تەنیا 8 سەربازی ئەمریکی کوژراون. ئەمریکییەکان زۆر منەتبار بوون، بە ڕادەیەک پێیان وتن: ((ئێمە لەبیرتان ناکەین)). سەبارەت بە تێگەیشتنی کوردانی سووریاش، ئەو وتانەی مایەی سەرسامی و رێزگرتنە، چەند لێکەوتەیەکی سیاسی هەبوو، چونکە هەموو کورد زۆرهۆشیاری قەدەری خۆیانن، وەکو کەمینەیەک لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئومێدی سەرکردەکانیان، لە دروستکردنی وڵاتێکی سەربەخۆدا. ئەوان دەزانن کورد، لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، وەکو کەمینەیەک ژیاوە، زلهێزەکانیش، دوای جەنگی یەکەمی جیهان، لەسەر دورستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد رازی نەبوون، وەکو چۆن کورد بە ئومێدی بوون. براوەکان لە یەکەم جەنگی جیهاندا، بەڵێنی سەربەخۆییان بە کورد دا، لە پەیماننامەی سیڤەر لە ساڵی 1920دا، سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکاش، وۆدرۆ ویلسۆن، پشتیوانی لەو بەڵێنە کرد، بەڵام لە پەیماننامەی لۆزان، لە ساڵی 1923دا، پشتیان لەو پەیمانە کرد. هەرچەندە کورد ئەو دەم، نەیناتوانی ئەو ئامانجە بەدی بێنن، کەچی لەو کاتەوە ئەو هیوایەیان بە زیندوویی هێشتووەتەوە.

ئەو هیوایە، لە کاتی جەنگی ئەهلی سووریا زیندوو بوویەوە، کاتێک جەنگاوەرانی کورد، لە جەنگی دژ بە داعشدا، نەبەردییەکی باشیان نواند، لەو میانەوە، کوردی وایان بینی، هێزەکانیان بەتەنیا داعشی لەسەر خاکی سووریا دەرنەکرد، بەڵکو توانیان شوێن پێیەکیش بۆ خۆیان لە باکووری سووریا، لەسەر خاکی نزیک بە سنووری تورکیا بگرن و ناویان نا (رۆژئاڤا)، پێشبینیشیان دەکرد، دوای جەنگ، ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، یان هەرهیچ نەبێت، ببێتە قەوارەیەکی کوردی خاوەن ئۆتۆنۆمی. کەچی کاتێک سەرکردەکان بە شان و باڵی کوردیان هەڵدا و گوتیان:"لەبیرتان ناکەین"، ئەوەیان سەبارەت بە تێگەیشتنی کورد، بەڵێنێک بوو بۆ پشتیوانیکردن لە ئومێدەکانی سیاسییان لەدوای جەنگدا. بێشک ئەمریکییەکان هیچ بەڵێنێکیان بە پشتیوانیکردن لە گۆڕانکارییەکی لەو شێوەیە لە دیمەنی سیاسی سووریا نەدا. گرنگ ئەوەیە کورد، بەو هۆشیاریەی هەیانە، سەبارەت بەوەی، ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهێزە و لەجەنگی ئەهلی سووریا گلاوە، لەگەڵ حکوومەتی سووریاش ناکۆکە، گریمانیان وابوو، ئەمریکا یارمەتیان دەدەن، داواکارییەکانی سیاسییان بەدی بێنن، کاتێک گفتوگۆ لەسەر سازشێکی سیاسی لە دوای جەنگ دەکرێت.

راستییەکەی، هێزەکانی ئەمریکا، زۆرجار خەڵکی دیکە گومڕا دەکەن و وایان لێدەکەن، گوزارشتی خۆڕسکانە لە بارەی پشتیوانی ئەمریکا بڵێن، گوایە بەڵێنی فەرمییە، بەهۆی ئەو کردەوانەی کە دەیانەوێت بیکات.

راستییەکەی، ترەمپ، هیچ نیازێکی لەو شێوەی نەبوو، ئەو بانگەوازی کەمکردنەوەی دەستوەردانی راستەوخۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کرد، شتی زۆری لە بارەی کوردەوە نەدەزانی. پێدەچوو ئاگای لە مێژووی و ئومێدی سیاسیی کورد نەبێت. کاتێک لە 6 ئۆکتۆبەردا، قسەی لەگەڵ ئەردۆغان کرد، پێدەچێت سەرۆکی تورکیا، بە ئاسانی رازی کردبێت، بەوەی کورد هەڕەشەیەکی راستەوخۆن بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی تورکیا (هاوپەیمانی ئەمریکا لە ناتۆ)، بۆیە دەبێت لە سنوری تورکیا دوور بخرێنەوە. ئەردۆغان، ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەی، بە رەزامەندی فەرمی ئەمریکا، بۆ بەرنگاربوونەوەی کورد لە قەڵەم دا.

لە دوای ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا، کاتێک سەربازانی تورکیا چوونە باکووری سووریا و کورد بەرەو باشوور رۆیشتن، ژمارەیەکی زۆری ئەمریکییەکان نارەزاییان دەربڕی، ئەندامانی کۆنگرێس، بە بەشێکی زۆری کۆمارییەکانیشەوە، رەخنەیان لە ترەمپ گرت، چونکە گڵۆپی سەوزی بۆ تورکیا هەڵکرد، بۆ ئەوەی لە دژی کورد بجەنگێت، ئەوانەی لە جەنگی دژ بە داعش، لەتەک ئەمریکییەکان جەنگان، بە زۆرینەی دەنگی 354 دەنگ بەرامبەر 60 دەنگ، ئەنجومەنی نوێنەران، بەیەک لەسەر سێی کۆمارییەکانیشەوە، ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا، بریارێکی دەرکرد، کە تێیدا سەرکۆنەی بریاری ترەمپیان بە کشانەوەی سەربازانی ئەمریکا و پشتکردن لە کورد کرد. سەرۆکی ئەمریکا، سەری لەو هەموو پشتیوانییە بۆ کورد سوڕما، بۆیە وەکو پاساو هێنانەوەیەک بۆ بریارەکەی، هەوڵیدا لە گرنگی کورد سەبارەت بە ئەمریکا کەم بکاتەوە.

وا دیارە بوونی سەربازیی ئەمریکا لە سووریا، ئەگەر بچووکیش بێت، لە لایەنی سەربازیی و سیاسییەوە گرنگ بوو، چونکە لە پشت لە زەویدانی داعش یارمەتیدەر بوو، بەڵام پاڵپشتی بە کوردانی هاوبەشمان وەنا، وا گومان ببەن، دوای جەنگ پشتیوانی لە ئومێدگەلی سیاسیشیان دەکەین، هەرچەندە ئێمە بە راشکاوی ئەوەمان نەکرد. بەداخەوە، کورد ئەمڕۆکە وا هەست دەکەن، بەهۆی کشانەوەی لە ناکاوی ئەمریکا، دیسان پشتیان تێکرا.

و: رەمزی میرەکانی

یادی چلەی ماتەمینی پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ

کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵدا

3

د. عیزەدین کەسایەتییەکی ناسراو ، هەڵکەوتووی بواری ڕۆشنبیری ، سیاسییە ، پسپۆڕ ، شارەزایەکی بە ئەزموون ، گەورەی ئەکادیمیی بواری ئەدەب ، ڕێزمانی کوردییە. لە ساڵی 1934دا لە سلێمانی لەدایک بووە ، قۆناغی خوێندنی سەرەتایی ، ناوەندی هەر لەم شارەدا تەواو کردووە. خاوەنی بڕوانامەی دوو دکتۆرایە، لە ساڵانی شەستەکاندا ئاوێتەی نێو کاری شۆڕش ، سیاسەت بووە، کەسێکی نزیک بووە لە مستەفا بارزانی ، لەنێو ڕووداوەکاندا ژیاوە ، ڕۆڵی دیاری تێدا بینیوە. پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لە ڕۆژی 3ی 10ی 2019لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد و لە هەمان ڕۆژدا هەر لە شاری سلێمانی بەخاک سپێردرا. لەیادی چلەی ماتەمی پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵدا، لەچەند زنجیرەیەک لە دیمانەیەکی عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ بڵاو دەکەینەوە کە چەند بیرەوەییەکی ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری خۆی دەگێڕێتەوە و ئەم دیمانە لە کێتی "کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانیدا" بڵاو بۆتەوە. بۆ گێڕانەوەی ئەو یادگاری ، ڕۆژگارە سەخت ، دژوارانە ، چەند ئاکار ، کردەوە ، هەڵوێستی بارزانی، لە شاری سلێمانیدا زانیار سەردار قرگەیی سەردانی پرۆفیسۆر دکتور عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ کرد ، دیدارێکی ڕۆژنامەوانی لەتەکدا ساز کرد و لە کتێبی "کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانیدا" بڵاوکردۆتەوە.


بریماکۆڤ سەرۆک وەزیرانی پێشووی ڕوسیا لەگەڵ بارزانی 1970


پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ:
گۆرانی شاعیر بۆی گێڕامەوە، (خرۆشۆڤ گوتی: مەلا مستەفا بارزانی لەڕێگای کورددا زۆر زەحمەتی کێشاوە)

*** وڵاتی سۆڤیەت تا چەند کاریگەری لەسەر بارزانی هەبوو؟ لە ڕووی کەسایەتی لە ڕووی سیاسی و.. هتد.؟**

– بارزانی خۆی بووە شەخسیەتێکی گەورە ، کەسایەتییەکی گەورەی دنیا ، چونکە چوەتە سۆڤیەت ، بەو حاڵە ناوی لە دنیادا پەیدا کردووە ، لەگەڵ ئەوەشدا کە چەند گەورەیە ، هەر بیری لە هاوەڵەکانی کردووەتەوە ، بیری لەوە کردووەتەوە کە ئاگاداریان بێت، من ئا ئەمەم ساڵی 1966بە مەلا مستەفا گوتووە، بەداخەوە نە بارزانی ماوە نە عەزیز شەریف، کە هەردووکیان دانیشتبوون باسم کرد، بارزانی فەرمووی: عیزەددین بەڵێ من ئێستاش گوێ ئەدەمە بارزانییەکان، چونکە ئێستاش من لێم بقەومێ سێ هەزار کەسی ئامادەکراومان هەیە کە دەمگەیەننەوە ئاوی ئاراس، بارزانییەکان موتیعی بوون.

چەند کەسێکی لای خۆمان کە لەو ناوچەیەدا بوون ، پۆستی حکوومییان هەبووە لە سەردەمانی پێشوودا، دەگێڕنەوە ، دەڵێن: هیچ بارزانییەک نییە کە سێ ساڵ لە مالی خۆیدا ژیابێ لەو کاتانەدا کە شۆڕش دەکرا، هەر خەریکی شۆڕشکردن بوون، لە ڕاستیدا بارزانییەکان میژوویەکی دوور ، درێژیان هەیە لە تێکۆشاندا ، لە نیشتمانپەروەریدا ، جا من هەرچیم دیوە ، لە هەر شوێنێ ئا بەو جۆرە باسی بارزانییان دەکرد، کە شەخسیەتێک ، کەسێکە کە میللەتەکەی خۆی خۆشدەوێت، لە ڕێگەی میللەتەکەی خۆیدا زۆر ئاوارەیی ، دەربەدەری ، ئازاری چەشتووە، ئەمەی باقڕۆژ، من زانایەکی گەورە بۆی گێڕامەوە (ئیبراهیمی شەفائی) کە یەکێک بوو لە زانا گەورەکانی زمان لە باکۆ، بە ئەسڵ فارس بوو، تووەیی بوو.

هاوڕێی نزیکی (خەسرەو ڕووزبە) بوو کە قارەمانێکی حزبی تووەد بوو ، لەدار درا، ئەو گوتی: من لەوێ تێک گیران، بەڵام دیارە شتەکە دوورتر ، قوڵترە، دوواتر هەموو هاوەڵانی بارزانییان نارد بۆ ئۆزبەکستان. خەڵکی تر لە بیانییەکان، ئەوەی کە بارزانییان دیوە، باسی کەسایەتی ، گەورەیی ، خۆشەویستیی ئەویان بۆ میللەتەکەیان دەکرد.

مامۆستا گۆرانی شاعیری ناسراوی کورد، بۆی گێڕامەوە کە دوای شۆڕشی 14ی تەمموز بە چەند هەفتەیەک، لەگەڵ شاندێکی ئاشتیخوازاندا نێردراوە بۆ مۆسکۆ، (ناجی یوسف)ی پارێزەر سەرۆکی شاندەکە بوو، کە شێخ لەتیفی شێخ مەحمود جێگری سەرۆکی شاندەکە بوو، مامۆستا گۆرانیش ئەندام بووە لەو شاندەدا ، ڕەحمەتی لوقمانی کوڕی بارزانییان لەگەڵدا بووە ، خرۆشۆڤیان دی بوو ، گوتی: کە هات تەوقەی لەگەڵدا کردین، کە خۆیان پێ ناساند ئەوە لوقمان بارزانییە ، خرۆشۆڤ گوتبووی تۆ کوڕی مەلا مستەفای بارزانیت، گوتی: بەڵێ، گوتی: باوکی تۆ لە ڕێگەی کورددا زۆر زەحمەتی کێشاوە. گوتی: سڵاوم بگەینە بە باوکت، ئەمە گۆرانی شاعیر بۆی گێڕامەوە. خرۆشۆف کەم نەبوو ، لەو کاتەدا (سەرۆک وەزیران بوو سکرتێری حزبیش) بوو ، خوالێخۆشبوو (لوقمان)یش لە وەلامدا گوتبووی: بەڵێ منیش باوکم نارد وومی سڵاوی بگەیەنم بەم مەقامە.

بارزانی لەوێ (لە سۆڤیەت) ناوی گەورە بوو ، بەو جۆرەش هاتەوە کە ئەو پێشوازییە گەورەیەی لە بەسرە ، لە بەغدا لەو کرا زۆر دەگمەن بوو ، کە بە پاپۆڕێکی ڕووسی هاتنەوە، حزبی شیوعیش ڕۆڵی یەکەمی هەبوو لەو پێشوازییەدا، هەتا چەند کەسێکیش لەناو ئاوەکەدا خنکان.

لەو بارەیەوە شت زۆرە کە باسی بکەین، بەڵام بەهەر حاڵ، لە مۆسکۆ ، ڕووسیا بارزانی وەک کەسێکی گەورە ، ناوێکی گەورە ، سەرکردەیەک لە سەرکردەکانی جیهانی تەماشا دەکرا.

شتێکی دیکەم وەبیر هاتەوە، ڕەنگە ئەوانە باش بن پیاو باسیان بکات، لە کانوونی یەکەمی ساڵی 1974دا هێشتا شەڕ دەستی پێ نەکردبووەوە، وەفدێکی یەکێتیی نووسەرانی کورد، بۆ یەکەمجار بۆ سۆڤیەت بانگ کراین، من سەرۆکی وەفدەکە بووم، کامەران موکریی شاعیر بوو، حاجی سادق بەهادین بادینی بوو، هێشتا شەڕ نەببوو، حکوومەتی عێراق ، سەرکردایەتی شۆڕش لە تووڕێژدا بوون (سالح مەهدی عەمماش) سەفیری عێراق بوو لەوێ دەعوەتێکی بۆ وەفدەکە کرد ، خەڵکی تریشی لە سەفارەت بانگ کردبوو ، (پرێماکۆف)یش لەوێ بوو ، گوایە لەگەڵ من بە یەکتری ناساندین، من گوتم: هاوڕێ پرێماکۆڤ دەناسم ، زۆر چوومەتە لای لە ڕۆژنامەی (پراڤدا) ، ئەویش گوتی: ڕاستە ، کوردیش دەیناسێ، عەمماش گوتی: کورد چۆنی دەناسێ؟ گوتم: کورد وای دەناسێ کە دۆستی میللەتی کوردە ، دۆستێکی شەخسیی مستەفا بارزانییە ، پرێماکۆڤ گوتی: بەڵێ من شانازی بەوەوە دەکەم کە دۆستی بازانیم، عەمماش گوتی: بارزانی بەوە بەناوبانگە کە زۆر کار دەکاتە سەر ڕۆژنامەنووسانی بێگانە.

بەڵام کۆمەڵێک عەشیرەت هەیە ، بە بارزانی حسابن ، هەرواش حساب بوون، وەک: میرگەسۆرییەکان، مزووریەکان، دۆڵەمەرییەکان، بنەمالەی خەلیل خۆشەوی و.. هتد. ئەمانە بە بارزانی حسابن، بەڵام مالباتی بارزانی ببوون بە سەرۆکیان، هەر لە کۆنەوە دڵسۆزیی شێخانی بارزان بوون ، ئەوانیش کۆیان کردوونەتەوە، ئەمان کە تێکەڵیان بوون لایەنی دینیشیان تێدایە ، لایەنی ئەوەش کە کردوویانن بە یەک ، ببوون بە هێزێک لەژێر سەرکردایەتیی ئەواندا.

*** مالباتی بارزانی تا چەند توانیویانە کاریگەریان هەبێت لەسەر ئەو بنەمالانەی خوارەوە، یا تا چەند توانیویانە بە چاوی یەکسان تەماشایان بکەن؟**

– وەڵا ئەم بیستووە کە بێ یەکسانی سەیری عەشیرەتەکانی دیکە بکەن، بە ڕاستی بە چاوێکی یەکسان سەیریان کردوون، دڵسۆزیی ئەوانیش بۆ مالباتی بارزانی بووە، لە هەموو شەڕ ، ڕاپەڕینەکانیاندا، بەتایبەت لە ساڵی 9191 کە شێخ ئەحمەد دەستی پێکردووە، بۆ ساڵی ?2391بۆ دوای ئەوەش کە مەلا مستەفا هاتە سلێمانی ، لە ڕێی ئێرانەوە ، بە یارمەتیی شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحمودی حەفید دەباز بوو تا چوەوە ناوچەی بارزان ، شۆڕشی بەر پاکرد لە 3491 بۆ 5491، ئەمانە هەموویان هەر لەگەڵیاندا بوون، تاقە شت لام وایە کە کێشە هەبووبێ مالی (حەمەد ئاغای میرگەسۆری)ی بوو ، بەڵام ئەویش کاک مەسعوود بارزانی لەم دواییەدا چاکی کرد کە چارەسەری کردووە ، کاریگەری زۆر باشی کردووە لەگەڵیاندا بەو پێکهاتنەوەیە ، لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە من یەکێک بووم کە ڕاسپێردرام ، چووم لەگەڵ (کاک عیزەتی سلێمان بەگ)دا بووین بۆ چارەسەری کێشەکە ، ئەوکاتە ئیتر نەگەیشتنە ئەنجام، بەڵام دوایی خۆیان پێکهاتنەوە، ئەم شتانەش لەناو عەشیرەتدا هەر دەبێ.

ئەو مەسەلەیەش درێژە، چەند خەتای ئەوانە ، ئەمانە و... هتد، ئەوە مەسەلەیەکە مادەم چارەسەر کرا باشترە پیاو لاپەڕەکە هەڵنەداتەوە، ئەگینا شتێک نەبوو لەنێوانیاندا، ئەو عەشیرەتانە هەموو کاتێ دڵسۆزی یەکتر ، مالی مەلا مستەفا بوون، بەڵگەش ئەوەیە کە بارزانی خۆی هاتەوە لە مۆسکۆ یەکەمجار سێ کەس بوون (بارزانی ، ئەسعەد خۆشەوی ، میرحاج) بوون، میرحاج ئاکرەیی بوو لە سوپای عێراقدا پلەی مقدم بوو ، ئەفسەرێکی زیرەک ، ناودار بوو ، کە هاتەوە ئیتر دانیشت وەکوو بڵێی ماندوو بووە، بەڵام ئەسعەد خۆشەوی تا دواجار ئامر هێز بوو هەر مایەوە، ناوچەی بادینان هەر بەدەست ئەوەوە بوو ، لەگەڵ بارزانییدا چوەوە ئێران، بارزانی ئەو دوو کەسەی لەگەڵ خۆیدا لە سۆڤیەتەوە هێنابووە بۆ عێراق ، لێرە کارەکانیان ڕێکخست بۆ ئاسانکاری ، بەرنامەیڕێژی بۆ گەڕانەوەی هاوەڵانی بارزانی بۆ عێراق ، دواتر کاریان بەو گەڕانەوە سپارد، بەپێی ئەو شارەزاییانەی کە هەیانبوو یا خۆیندبوویان.

تەنانەت لێرە لە شاری سلێمانی ، لە ناحیەی بەکرەجۆ کۆمەڵێکیان لەو هاوولاتییە بارزانییانە کاریان پێ سپاردبوون، کە شارەزایی کشتوکاڵ بوون ، کاریان دەکرد، لەبەر ئەوە هەموو کاتێ ئەو عەشیرەتانە دڵسۆزیی مالی بارزانیی بوون، ئێستاش ڕەنگە لەسەر ئەو بناغەیە خەڵکی دڵسۆزی تایبەتییان هەبێ، زیاد لەوەی کە پارتی ، حزبی ، مەسەلەی کوردایەتییەکە هەر هی خۆیان هەیە، کە لەگەڵیاندان تا دوا هەناسەی ژیانیان دڵسۆز ، پشتگیریانن.

ئەمە دوو لایەنە، لایەنێکی ئەوەیە شەخسیەتەکەی ئەوەیە کار دەکات، لایەنێکی دیکەی ئەوەیە هاوکارییان دەکات، جا ئەوە نازانم مەبەستی کام لایەن بوو، پرێماکۆڤ وەلامی عەمماش دایەوە ، گوتی: بارزانی بە هەموو حاڵێک یەکێکە لە سەرکردە گەورەکانی بزووتنەوەی ئازیدخوازانی جیهان.

بەو جۆرە شت زۆرە لە بارەی ژیانی بارزانییەوە، ئینتیباعاتی ئەوێ لەسەری، تەنانەت ئەو بڕادەرانەی حزبی تووەد کە لەوێ بوون، بەتایبەتی ژەنەراڵ (پەناهییان) هەر زۆر ستایشی بارزانی دەکرد کە کاتی کۆماری کوردستانەدا ، چ لە کاتی لیهاتوویی ، ئازایەتی ، خۆبەدەستەوە نەدانی ، هاتنی بەردو سۆڤیەت، چونکە ئازەربایجانییەکان بەربەرەکانیان نەکرد، گەورەترین شەڕ لای سەقز بوو کە بارزانییەکان کردیان، سوپای ئێرانیان شکاند، ئیتر ئەوەبوو دیارە پێیان گوترا لەوێ ڕۆیشتن، پێشەوا قازی محەمەدیش بەو جۆرە ڕۆیشت، ئەگینا ئازەربایجانیش شتێک بەرگرییان بکردایە، سوپای ئێران نەیدەتوانی بێتە سەریان ، هەردوو کۆمارەکە کۆماری کوردستان ، کۆماری ئازەربایجان تێک بشکێنێ ، تێکی بدات، ئەگەر ئەمەریکاشی لەگەڵدا بوایە نەیدەتوانی، بەڵام شەڕی گەورە ئەوەی لای سەقز ، لای بارزانییەکانە، لەوێ ناوی خۆشەوی خەلیل، کە کوڕی خەلیل خۆشەوی بوو، شەهید بوو، کە ئەو ئەحمەدی نادر باوکی د. سەعیدە لەو شاخانەوە شەڕی ڕاستەقینەی پارتیزانییان کردبوو، پاشانیش خەلیل خۆشەوی کوژرا، کە مامی ئەسعەد خۆشەوییە، ئەمانە دڵسۆزی بارزانی ، بارزانییەکان بوون.

*** چ لایەنێکی گرنگی بارزانی لە لات سەرنجڕاکێش بوو؟**

– ئەو شەخسیەتەی کە سامێکی هەبوو، لە منداڵییەوە کە بارزانی لە شاری سلێمانی بووە ناسیومە، کە لە لای باوکم دەرسی خوێندووە ، بەو هۆیەوە هاتوچۆی مزگەوتەکەمانی کردووە، مامێکم هەبوو ناوی (حاجی ئەحمەدی حاجی مەلا ڕەسوڵ) بوو، لە مزگەوتی (بن تەبەق) لە گەڕەکی شێخان بۆ یەکەمجار لە لای ئەو مامەشم خوێندوویەتی، پاشان مامم بە مەلایەتی چووە بۆ ناوچەی بارزان ، پاشان چووە بۆ خانەقین، دوای مامم، بارزانی لای باوکم دەیخوێند، چونکە مالی بارزانی هاتە لای ئێمە لە گەڕەکی (قاوەخانەی سەرچیمەن). ئێواران دەهات خەڵکی لەگەڵدابوو، لە مزگەوت لەسەر سەکۆکە دادەنیشتن ، چایان لێ دەنا. لەو کاتەوە من ناسیومە، لە ساڵی 1958دا چەند جار چوومەتە مالیان، کە لە مالەکەی (سەباحی نووری سەعید) بوو لە بەغدا. لەکۆتایی 1965، سەرەتای 1966لە مۆسکۆ هاتمەوە بۆ ناو ڕیزی پێشمەرگە.

ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام، شتی یەکەم ئەو سام ، هەیبەتەی بوو وەک کەسایەتییەکی گەورە، وەک دەڵێی: هێزی بڕیار، دوودڵ نەبوو لە بڕیاردانداو، وەفای بۆ زۆر کەس هەبوو، زۆر کەسی خۆشدەویست. ئێستاش دەیڵێمەوە، چەند کەسێک هەبوون ئەوەندەی نەدەهێنا کە بارزانی پێوەیان خەریک بێت، بەڵام ئەو هەر ڕێزیکی زۆری لێ دەگرتن، بە هەموو حاڵێک بەوەفایی ، ژیانی ساکارییەکەی. تەنانەت جارێکیان (ئەحمەد حەسەن بەکر) بە هاوڕێ عەزیز محەمەدی گوتبوو: دیارە بارزانیی زۆر لە ژیاندا سڵ دەکات؟ کاک عەزیزیش گوتبووی: لە ژیانیدا ئەوەندەی دیوە کە هەقیەتی سڵ بکات.

گەورە بەڕێسانی عێراق دەیانویست بارزانی بچێ بۆ بەغدا، بەڵام بارزانی هەرگیز نەدەچوو، دەبوایە ئەوان بهاتنایە بۆ لای بارزانی. عەبدولڕەحمان عارف، سەرۆک کۆمار بوو، ئەو خۆی دەهات بۆ لای بارزانی، بارزانی لە هیچ کات ، ساتێکدا نەدەچووە بەغدا، ئیتر ئەمەیش وریاییە، وریایی لە خۆپاراستدا زۆر زۆر هەبوو ، لەو ڕووەوە زیرەک بوو ، بەڵام بۆ جارێک ڕۆژێمی فاشستی بەعس ژوور ئەو وریاییەش کەوتن ، ئەو مەلایانەیان بۆمبڕێژ کرد ، ناردیانن ، بەو جۆرە بوو کە تەقینەوە ، بارزانییش سەلامەت بوو. ئەوەش چیرۆکیان درێژە، هەن دەڵێن هەمووییان ئەمن بوون ، پیاوی موخابرات بوون، بەڵام لە ڕاستیدا وانەبوو ، ئەو دوو کەسەی دەرەوەی بارەگای بارزانی نەبێ کە لەگەڵ وەفدەکەدا بوون، دەیانزانی مەسەلەکە چییە لەگەڵ شۆڕشگێڕەکان (ئەمن) بوون، کە بە وەفدەکەیان گوتبوو دەنگی بارزانی بە نهێنی تۆمار بکەن، لەگەڵ داگیرساندنی تۆمارەکەدا تەقینەوە، بەڵام ئەوە ڕێککەوت بوو، کە چاپێچییەکە هاتبووە نێوان کەسی خۆکوژ ، بارزانی، هەر بۆیە چاپێچییەکە لەوێدا شەهید کرا، پاشان پارچەیەک لە شریتەکە دۆزرایەوە ، دەنگی بارزانی لەسەر تۆمار کرابوو. چونکە بەعسییەکان ئەزموونی فاشستی جیهانییان هەبوو. کەسانی ئەڵمانییایان زۆر لەبەردەستدا بوو ، کاری لەو جۆرانەیان فێر دەکردن، بەداخەوە لە هەردوو ئەڵمانیاوە.

مەبەستم ئەوەیە کە بارزانی لە خۆپارستندا زۆر وریا ، زیرەک بوو. ئەو زیرەکییە سروشتییەی کە تێیدا بوو ، ئەزموونی کۆنی خۆی ، عەشیرەتەکەی ، ئەوانەی هەموو وەرگرتبوو. لە خوێندنەوەشدا شتی تەسەوفی دەخوێندەوە.

جارێک شەهید دارا تۆفیق پارەی بۆ من ناردبوو بۆ بەغدا ، دێرێک نووسینی نووسی بوو ئەوا بڕی 25دینارم بۆ ناردی بیدە بە کتێب بۆ بارزانی، زۆرم لا خۆش بوو کە بارزانی کتێب دەخوێنێتەوە، کە سەیرم کرد(کتێبەکانی ئێمن عەرەبییە لە تەسەوفدا، چونکە بنەمالەی بارزانی وەک بنەمالە (سۆفین) ، (نەقشبەندین) کتێبی ئیبن عەرەبی لای سۆفییەکان گەورەیە، چووم بۆم کڕی، بۆم ناردە، بەڵام ئاگای لە ئەزموونی جیهان هەبوو. بەو جۆرە بارزانیی نەمر شەخسیەتێکی تایبەتی بوو لە میژووی کوردا، تەحەمولی هەموو شتێکی دەکرد، ئا بەو جۆرەش کۆچی دوایی کرد.

*** جیاوازی چییە لەنێوان شۆڕشی بارزانییەکان ، بنەمالەکانی تری کورد، ئەوانەی کە شۆڕشیان کردوە؟**

– عەزیز شەریف ناوی دەنێ شۆڕشی کورد، دەڵێت: هەموو یەک شۆڕشە لە میرنشینەکانەوە تا ئەمڕۆ، بۆچی؟ چونکە هەمووی بۆ میللەتی کورە ، هەقی دەوڵەتە ، دروشم ، ڕێگەی خەباتەکەیە ، یەک شۆڕشە.

بەڵام سالانە دەگۆڕێ ، سەرکردە دەگۆڕێ ، شوێن دەگۆڕێ، بەو پێیەی هەر یەکە خاسییەتێکیان هەیە ، واتە شێخ سەعیدی پیران جۆرە شەخسییەتێکە، سەیید ڕەزای دەرسیم جۆرە شەخسییەتێکە، بارزانیی نەمر جۆرە شەخسییەتێکە، قازی محەمەد جۆرە شەخسییەتێکە، شێخ مەحمودی حەفید جۆرە شەخسییەتێکە، سیفاتی شەخسییەت ڕەنگە جیا بێت، ئەمیان ئەوەی لەوی تر جیا بێت، یا زیاتر بێت، یا ئەوەی تر بە شێوەیەکی تر، بەڵام ئەمانەی بارزانی ، بارزانییەکان ئاشکرایە، دروشمی سەرەکیی کوردایەتی تێدا بووە، لە شێخ عەبدولسەلامی گەورەوە هەتا دوایی.

دووەمینیش پەیوندیی لەگەڵ شۆڕشی تریشەوە هەبووە ، چونکە ئەوەی نووسراویشە ، بڵاویشە کە ڕەحمەتی شێخ ئەحمەد هێزێکی گەورەی نارد بۆ یارمەتیی شێخ مەحمودی نەمر لە سلێمانی، ئیتر نەگەیشتوون ، حکوومەتەکە تێکچووە، مانای وایە پەیوندیی بە شۆڕشێ تری کوردیشەوە هەبووە.

من وەکوو شاهیدێ، شاهیدی ئەوەم کە بارزانیی نەمر یا کەسێک ناوی شێخ مەحمودی حەفیدی بهێنایە، بارزانی زۆر بە قودسیەت ، گەورەیی باسی دەکرد. پاشان شۆڕشی ئەیلوول ڕەنگە یەکەم شۆڕش بێت کە ناوچەیەکی گەورە ، بەرفراوانی وای گرتبێتەوە ، شۆڕشێکی سەرتاسەری بووە، بەڵام خۆ کەموکورتی شێخ ، سەرکردە نییە کە شێخ لێرەوە تاکوو ڕانیە ، قەڵادزێ ، کۆیە قەڵەمڕەوی بووە. ئەگینا ئەگەر بەدەست ئەو بوایە دەچووە بەغدایش، هەوڵی کەرکووکیشی دا بەڵام سەری نەگرت. بۆ نموونە، قازی محەمەدی پێشەوا هەر لە ناوچەی مەهاباد ، نزیک سەقز ، بانە بوو ، ناوچەیەکی کەم بوو ، تەنانەت نەگەیشتە هەندێ ناوچەی دیکەی کوردستانی ئێران وەک سنە ، ئەوڵاتر. ئیتر ئەوەی دەستنیشان کرا توانای هەر ئەوەندە بوو ، چونکە ئەویش وەک دەگێڕنەوە گوتبووی ، نیازی بووە ئەگەر کۆمارەکە درێژەی هەبێ ، سااڵێکی دیکە بخایەنێ، بگەیشتایەتە ئەمدیوی کوردستانی عێراقیش، بەڵام ئەم شۆڕشەی بارزانی جیا بوو لەمانەی تر، توانی لە خانەقینەوە تاکو زاخۆ بێت ، هەموو لایەنێکی کوردستان بەتەواوی بگرێتەوە، پێشمەرگەشی بە ڕێژەیەکی زۆر تێدا بێت ، ماوەیەکی زۆر دەسەلاتیشی تێدا بێت، ئینجا لەگەڵ کوردی تورکیادا پەیوندی هەبێ، لەگەڵ کوردی سووریاشدا خەڵکی هەبێ ، ڕێکخستنی هەبێ، ئەمە زۆرە ، ئەم شۆڕشە بە سەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر لەوانی تر جیاوازیی زۆرتر بوو. لەگەڵ (قەدری بەگی پاشا ، قەدری جان) ، ئەوانەدا کە کوردی سووریا بوون، بارزانی پەیوندییەکی بەتینی هەبوو لەگەڵیاندا. (قەدری جان) من هێنابووم بۆ لای بارزانی، لە ساڵی 1958دا لە ئوتێل سمیرامیس سەردانی (بارزانی)مان کرد. براوەڕێک یاداشتی نووسی بوو ، گوتبووی گوایە ئەو هێنا بووی بۆ لای بارزانی، بەڵام وانییە من هێنابووم بۆ لای بارزانی، ئەو براوەرە تەنیا دەعوەتێکی بۆ کردبوو دەنا نەیهێنا بوو.

من نزیکترین دۆستی بووم، قەدری جان لە ساڵی 1957 لە مۆسکۆ بارزانی بینی بوو. جا مەبەستم ئەوەیە بارزانی لەگەڵ کوردی سووریادا پەیوندیی زۆر بەتین ، بەهێزی هەبوو ، بەتایبەتی (قەدری بەگی جەمیل پاشا ، مالی حاجۆ ، قەدری جان ، دەهامی میرۆ) و.. هتد. کە ئەوانە دڵسۆزی لە ڕادەبەدەری بارزانی بوون، کە قەدری بەگی جەمیل پاشا میری دیاربەکرن ، هاتوونەتە ئەوێ، ئەوانی تریش کە عەشیرەت ، کەسایەتیی گەورە، ناسراون، کە پەیوندییان لەگەڵ بارزانیدا هەبووە. جگە لەوانەی ئامازەمان پێ کرد، بارزانی دەسەلاتی زۆری هەبوو لەناو کوردی هەر چوار پارچەکەی کوردستان. بارزانی ئەوەی لە خەیاڵدا بوو لە هەر چوار پارچەکەدا کارێک بکات وەک شۆڕش، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر واقیعی بوو، نەک وا بکات شۆڕشێک هەڵبگیرسێ ، سەر نەگرێ. جارێک د. عەبدولڕەحمان قاسملۆ گوتی: عەرزی بارزانیم کرد، باشە ئەگەر شای ئێران لەگەڵ سەددام ڕێک بکەوێ چی دەکەیت؟ لە وەڵامدا گوتی: من دەست دەخەمە دەستی تۆوە، واتە یارمەتیی ئەوان دەدات بچن لە کوردستانی ئێراندا شتێک ڕێک بخەن. ئەو چیرۆکانە زۆرن لەسەر ئەوەی تورکیا ، دەیویست کە شتێکی مەرکەزی لە دەستی خۆیدا بێت. چەندین کەسی دیکە لە ئاستی بەرزدا سەری بدەن ، .. هتد. باوەڕ ناکەم چ دۆستان، چ کەسێکی غەیرە کورد لە دراوسێکانی عێراق پێیان خۆش بێت، چونکە ئەگەر پێیان خۆش بێت ئەوا ئەوانیش شتێک بۆ کوردی وڵاتەکەیان دەکەن. لەبەر ئەوە پاراستنی ئەم ئەزموونە شتێکی چاکە. جا بارزانیی نەمر لەو بیردا بوو ، پاش 11ی ئاداری 1970 ئەوەتا بەعسییەکان لە یەکەم ڕۆژەوە نیەتییان خراپ بوو ، ئەگینا ڕێککەوتن، بەڵام پیلانیان دەنایەوە بۆ تێکدانی، ئەگینا ئەگەر ئەوەی بەعسییەکانیش دابوویان ، بە ڕاستییان بوایە شتێک بوو ، دەسکەوتێکی گەورە بوو. کە من بەردەوام لە بارزانییم دەبیست دەیگوت: مەسەلەی کورد زۆر گەورەیە ، درێژە، هەر چیم دەستکەوێ بە مەرجێ زەمان هەبێ ، زەمانێک هەبێ کە نایسەننەوە. سبەی عەسکەرێک بێت ، بڵێت: " قرنا مایلی" ، لەغووی ئەمە بکا، بەو مەرجەی زەمانی ئەوەی هەبێ کە وای لێ نایەت، چیم دەستکەوێ وەریدەگرم ، بۆ لەمەودوا.

وون بوون
مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای طارق حاجی جۆری ئۆتۆمبێل عەرەبانە مقطورە تریلە فلات رەنگ سپی ژمارەی شاصی: NP9KCEYO1258 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

محكمة استئناف بصفتها الاصلية
العدد: ١٦٠/س/٢٠١٩
التاريخ: ٢٠١٩/١١/٧
اعلان
الى/ المستانف عليه (المدعى عليه) علي عمر رمضان/ مجهول محل الاقامة
بالنظر للدعوى المرقمة ١٦٠/ش/٢٠١٩ المقامة ضدك امام هذه المحكمة من المستأنف (المدعي) (سالم احمد سيف الدين) بمشغولية ذمتك له مبلغا قدره (١٦،٤٠٠$ دولار) ستة عشر الف و اربعمائة دولار الذي يعادل (٢٠،٥٠٠،٠٠٠) عشرون مليون و خمسمائة الف دينار القيامه بتزويدك بمادة الحصى و الرمل و لمجهولية محل اقامتك حسب اشعار مختار محلة (ئاشى جەمى) قررت المحكمة تبليغك نشرا بالاعلان في صحفتين محليتين يوميتين استنادا للمادة ٢١ من قانون المرافعات المدنية للحضور امام هذه المحكمة التاسعة صباحا يوم ٢٠١٩/١٢/٢ للمرافعة وفي حالة عدم حضورك او ارسال من ينوب عنك ستجرى المرافعة بحقك غيابيا و علنا وفق القانون.
الرئيس/ ستار صوفى حامد

* * *

مديرية تنفيذ زاخو
العدد/ ١٦٠/تنفيذ/٢٠١٨
التاريخ/ ٢٠١٩/١١/١٨
اعلان
الى المدين/ رضا نورالدين داوران
العنوان السابق/ زاخو – دەلال
نظرا لمجهولية محل اقامتك حاليا حسب كتاب مركز شرطة دلال المقرم ٥٦٩٧ في ٢٠١٩/١١/١٤ و اشعار مختار محلة دلال عليه و بموجب المادة (٢٧) من قانون التنفيذ قررنا تبليغك عن طريق صحيفتين محليتين للحضور امام مديرية تنفيذ زاخو او من ينوب عنك قانونا و ذلك عن الدين المتعلق بذمتك في الاضبارة التنفيذية المرقمة العدد ١٦٠/تنفيذ/٢٠١٨ و الخاصة بالدائن (سليم مجيد صالح) و بعكسه سوف تتخذ هذه المديرية الاجراءات القانونية بحقك بعد مرور الفترة القانونية البالغة ١٥ خمسة عشرة يوما من اليوم التالي لنشر هذا التبليغ.
المنفذ العدل/ لقمان سامي جميل

* * *

مديرية تنفيذ زاخو
العدد/ ١٠٦٣/تنفيذ/٢٠١٩
التاريخ/ ٢٠١٩/١١/١٨
اعلان
الى المدين/ رضا نورالدين داوران
العنوان السابق/ زاخو – دەلال
نظرا لمجهولية محل اقامتك حاليا حسب كتاب مركز شرطة دلال المقرم ٥٦٩٨ في ٢٠١٩/١١/١٤ و اشعار مختار محلة دلال عليه و بموجب المادة (٢٧) من قانون التنفيذ قررنا تبليغك عن طريق صحيفتين محليتين للحضور امام مديرية تنفيذ زاخو او من ينوب عنك قانونا و ذلك عن الدين المتعلق بذمتك في الاضبارة التنفيذية المرقمة العدد ١٠٦٣/تنفيذ/٢٠١٩ و الخاصة بالدائن (سليم مجيد صالح) و بعكسه سوف تتخذ هذه المديرية الاجراءات القانونية بحقك بعد مرور الفترة القانونية البالغة ١٥ خمسة عشرة يوما من اليوم التالي لنشر هذا التبليغ.
المنفذ العدل/ لقمان سامي جميل

* * *

محكمة تحقيق الشمال
اعلان
الى المفقود : بركات قاسم رشو
قدمت السيده / نيسان الياس رشو طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠٠٧/٧/٢٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول
القاضي / سعود حمود الذعار

* * *

ئاگاداری
بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر لەڕێگای لیژنەی زیادکردنی ئاشکرا (المزايدة العلنية) هەڵدەستێ بە بەکرێدانی کۆشکی ژمارە ٢ دوو لە پارکی (گلکند) لەڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بۆ ماوەی ١ یەك ساڵ بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ی ساڵی ١٩٨٦ زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات کە دەکاتە ٣٠ یەمین ڕۆژ کە دەکەوێتە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٨ لەناو دیوانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێ، جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتیمان بکات بۆ دانانی بارمتە (تأمینات)ی یاسایی، کرێگرتە و پارەی بانگکردن و بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی.
ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی
ئەندازەی پارکەکانی هەولێر

* * *

دادگای بەرایی هەولێر
ژمارە: ١١٤٩/ب٢٠١٩/١
ڕێکەوت:٢٠١٩/١١/١٧
داواکار: صبریە خضر حاجی و هاوبەشەکانی
داوالێکراو: تحسین خضر حاجی و هاوبەشەکانی
شوێنی مولك: هەولێر – گەرەکی خانقاە- پشت ئوتیل دم دم
ژمارەی مولك: (١٣٣/٢٢٥) کەرتی ٤٥ وارش
پێکهاتووەکان: خانوویەکی یەك نهۆم بریتییە لە ٣ ژوور و مطبخ و حمام و توالیت لەبلۆك دروستکراوە.
ڕووبەر: ٢٠٠ م٢
نیشتەجێ: کامران محمود محمد/ لەکاتی فرۆشتندا دەرناچی کرێی مانگانە (٣٥٠٠٠٠) دینار
نرخی خەملاندن: ١٩٣،٠٠٠،٠٠٠ دینار نرخی زەوی ١١٠٠٠٠٠٠ دینار نرخی پێك هاتووەکان
٢٠٤،٠٠٠،٠٠٠ دینار کۆی گشتی زەوی و پێکهاتووەکان
لەسەر بڕیاری ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ١١٤٩/ب٢٠١٩/١ (ازالە شیوع) نەهێشتنی هاوبەشی بڕیاردرا بەفرۆشتنی ئاشکرای مولکی سەرەوە بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە دوای بڵاوبوونەوە لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە, جا هەرکەسێ نیازی کڕینی هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینی یاسایی ڕێژەی ١٠٪ لە نرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا, کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات, هەرزیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.
دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی

* * *

دادگای بەرایی هەولێر
ژمارە: ١١٥٠/ب٢٠١٩/١
ڕێکەوت:٢٠١٩/١١/١٧
داواکار: صبریە خضر حاجی و هاوبەشەکانی
داوالێکراو: تحسین خضر حاجی و هاوبەشەکانی
شوێنی مولك: هەولێر – گەرەکی خانقاە- پشت ئوتیل دم دم
ژمارەی مولك: (١٣٦/١١٩) کەرتی ٤٥ وارش
پێکهاتووەکان: ڕووبەری زەوی یەکە ٢٤١م٢ پێکهاتووە لە ٣ خانوو خانووی یەکەم بریتییە لە خانوویەکی کە پێك هاتووە لە ٢ نهۆم نهۆمی یەکەم بریتییە لە ٢ ژوور و ناندین و حمام و توالیت لەگەڵ ٢ ژوورو حمام و توالیت لەسەرەوە.
خانووی دووەم/ پێکهاتووە لە یەك ژوورو ناندین و حمام و توالیت
خانووی سێیەم/ پێکهاتووە لەیەك ژوورو مطبخ و حمام و توالیت لە طابوق و کونکریت دروستکراوە
ڕووبەر: ٢٤١ م٢
نیشتەجێ: خانووی یەکەم/ محمد یاسین خالد/ کرێی مانگانە (٢٠٠٠٠٠) دینار لەکاتی فرۆشتندا دەرناچی
خانووی دووەم/ سمیرە صدیق غفور/ کرێی مانگانە (١٥٠٠٠٠) دینار لەکاتی فرۆشتندا دەرناچی
خانووی سێ یەم/ سنور اسماعیل خدر/ کرێی مانگانە (٥٠٠٠٠) دینار لاری دەکات لە واژوو کردن
نرخی خەملاندن: خانووی یەکەم ٧٥٧٩٦٧٠٠ دینار خانووی دووەم ٧٣٢١٣٣٠٠ دینار
١٤٩٠١٠٠٠٠ دینار کۆی گشتی هەردوو خانوو
لەسەر بڕیاری ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ١١٥٠/ب٢٠١٩/١ (ازالە شیوع) نەهێشتنی هاوبەشی بڕیاردرا بەفرۆشتنی ئاشکرای مولکی سەرەوە بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە دوای بڵاوبوونەوە لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە, جا هەرکەسێ نیازی کڕینی هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینی یاسایی ڕێژەی ١٠٪ لە نرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا, کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات, هەرزیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.
دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٦
ژمارە:٣٨١٢/ش٢٠١٩/٦
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١١/١١
جاڕدان
بۆ داوالێکراو (کامران عبدالرحمن عبداللە)، شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (سوزان مصطفى عبداللە) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت داوالێکراو بە ژمارە ٣٨١٢/ ش٢٠١٩/٦ تیایدا داوای (تفريق للضرر) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی نووسراوی ئیشعاری مختاری (هەولێر- گەرەکی قەلا نوی) بۆیە دادگا بڕیاری دا بە پێڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/١٢/٥) کاتژمێر (٩)ی بەیانی.
دادوەر/ مازن مظفر محمد

* * *

دادگای کەتنی دەشتی هەولێر
ژمارە:٢٨٨/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١١
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو (مهند ماهر عبدالوهاب)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادده (٤٣٢) لەیاسای سزاکان دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/١١ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەر/ ناطق شمس الدين كوخا حسين

* * *

دادگای کەتنی سۆران
ژمارە/٥١/ك/٢٠١٦
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١١/٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ نزار محمد قادر
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٥١/ك/٢٠١٦ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٤/١ بەشێوەی پاشملە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەتەجریم کردنت بەپێی ماددەی (٤٥٦ بڕگە ١) لە یاسای سزادان و سزادانت بەبەندکردنی توند بۆ ماوەی (٥) پێنج ساڵ و لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت دیار نییە، بۆیە دادگا بڕیاریدا بەئاگادارکردنەوەت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆیە بۆت هەیە تانە لەو بڕیارەی دادگا بدەیت لەماوەی یاسایی بەپێچەوانەوە ئەو مافەت نامێنێ و بڕیاری دادگا پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر/ محمد عبدالرحمن قاسم

* * *

دادگای کەتنی سۆران
ژمارە/١٤٧/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١١/١٠
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ناصح عثمان قادر
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ١٤٧/ك/٢٠١٩ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٣١ بەشێوەی پاشملە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەتەجریم کردنت بەپێی ماددەی (٤٥٧) لە یاسای سزادان و سزادانت بەبەندکردنی توند بۆ ماوەی (٤) چوار مانگ و لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت دیار نییە، بۆیە دادگا بڕیاریدا بەئاگادارکردنەوەت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆیە بۆت هەیە تانە لەو بڕیارەی دادگا بدەیت لەماوەی یاسایی بەپێچەوانەوە ئەو مافەت نامێنێ و بڕیاری دادگا پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر/ بلال غازی کاك امين

* * *

دادگای کەتنی سۆران
ژمارە/١٦٣/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١١/١٠
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ محمد حسن قادر
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ١٦٣/ك/٢٠١٩ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٣ بەشێوەی پاشملە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەتەجریم کردنت بەپێی ماددەی (٤٥٦ بڕگە ١) لە یاسای سزادان و سزادانت بەبەندکردنی توند بۆ ماوەی (٤) چوار مانگ و لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت دیار نییە، بۆیە دادگا بڕیاریدا بەئاگادارکردنەوەت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆیە بۆت هەیە تانە لەو بڕیارەی دادگا بدەیت لەماوەی یاسایی بەپێچەوانەوە ئەو مافەت نامێنێ و بڕیاری دادگا پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر/ بلال غازی کاك امين

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ٩٦١/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٩
ئاگاداری
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: عبداللە حبیب امین
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢١ هاتووچۆ) لەیاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەکرەجۆ) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٣/٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ١٩٣٩/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/١٦
ئاگاداری
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: هیوا احمد دلاوەر محمد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ڕزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٢/٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ٢٢٨٩/ك/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/١٠/١٥
ئاگاداری
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: محمد بودر جهان
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٤) لەیاسای مانەوە لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (کوردسات) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٢/٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ١٧٠٣/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٢
ئاگاداری
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: بهرام خدر عزیز
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٩) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (کوردسات) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٢/٢٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ٨٢٤/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٨
ئاگاداری
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: مشير اغا احمد مغديد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەکرەجۆ) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٣/٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ٦٤٤/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٣٠
ئاگاداری
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: فیدات حسكي اوزبيل
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٣/٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور

* * *

دادگەهابەرایی / زاخو
ژمارە / ٤٥٧/ ب/ ٢٠١٩
مێژوو / ٢٠١٩/١١/١٤
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو / (بطرس يلدا بطرس) جهێ ئاکنجیبینا بەرێ زاخو . گەرەکا مهمدیە , جهێ ئاکنجیبینا نوکە نە دیارە.
داواکار (عمر حاجی بشار) داوا ژمارا (٤٥٧/ب/ ٢٠١٩) ل سەرتە تومار کریە وتێدا داخازا مولك کرنا ئاقارێ ژمارە (٤ /٩٩٤ کەرتێ ١١ أشکفت مارا) دکت ، و ژ بەرکو جهێ ئاکنجیبینا تە نە دیارە لدیڤ نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن سێالکا یاژمارە (٣٧١٣) ل ڕێکەفتی (٢٠١٩/١٠/٣٠) و هەڤپێچ دگەل پەسەندا هەلبژارێ تاخێ مهمدیە کوتێدا هاتیە دیارکرن ((ناڤێ وی د تومارا تاخێ مەدا هەیە ومالا خو ژ تاخێ مە بارکریە و نوکە ژی جهێ ئاکنجیبینا وێ نە دیارە ومە چ پێزانین ل دور نینن)) , وژبەرنەدیاربینا جهێ ئاکنجیبینا تە دادگەهێ ل روژا (١١/٣/ ٢٠١٩) بڕیاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د دوو ڕۆژنامەیێن نافخویی و ڕۆژانە دا پالپشت ب مادێ (٢١) ژیاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبینا تە یان نوێنەرێ تە یێ یاسایی ل ڕۆژا دادبینیێ ڕێکەفتی (٢٠١٩/١١/٢٤) ل دەمژمێر (٩:٣٠) سپێدێ وبەروڤاژی دادبینی دێ ب شێوێ با شملە ئێتە ئەنجامدان .
دادوەر / يوسف الياس سدن

* * *

دادگای باری کەسی خبات
ژمارە:٤٩٢/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت:٢٠١٩/١١/١٨
جاڕدان
بۆ داوالێکراو (زمن رزگار احمد)
ئاماژە بە داوای ژمارە (٤٩٢/ش/٢٠١٩) کە تایبەتە بە داواکار (شیڤان ابراهیم محمد) کە جۆری داواکەی بریتیە لە (تصديق طلاق) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری رزگاری گەرەکی شەهیدان بۆیە ئەم دادگا بڕیاری دا لە بەرواری (٢٠١٩/١١/١٨) بەپێی ڕاگەیاندنت لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونی خودی خۆت یان بریکاردارت لەجیاتی خۆت ڕەوانە بکەی لەرۆژی دادگایی ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٥) کات ژمێر ٩ی بەیانی بە بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملەو ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ مسعود سعید صدیق

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی و گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ٢٤٣٣٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٢
ئاگاداری
کەمکردنەوەی نهێنی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر هەلدەستێ بە ئەنجامدانی کەمکردنەوەی نهێنی بۆ پرۆژەی (دابینکردنی روون لە جۆری (Ci4 – 15w40) (١٠ W ٤٠) (٥ W ٣٠) بۆ سەرجەم ئۆتۆمبێل و مولیدەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بۆ ماوەی یەك ساڵ جا هەر بەلێندەرو کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر/ بەشی یاسایی و گرێبەستەگشتیەکان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەرو مەرجەکانی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنەوەی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەلێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراوبێت و پێشکەش بە بەشی گرێبەستەکان لەدیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر بکرێ وە دواکاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەرۆ ڕۆژی (دوو شەممە) ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٢) دەبێت وە مەرج نییە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت.
تێبینی/ نرخی تەندەر (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار دینارە.
دکتۆر/ چەتۆ محمدامین محمد رشید
بەڕێوەبەری گشتی/ بەوەکالەت

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە:١٤٢٢/ب٢٠١٩/١
ڕێکەوت:٢٠١٩/١١/١٧
جاڕدان
بۆ/ داوالێکراو/ (محمد رمزی اکرم)
داواکار (عبدالاحد یوسف) داوای ژمارە (١٤٢٢/ ب٢٠١٩/١)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی سەربەستی و ڕۆیال تاوەر ایتالی/١) بۆیە دادگا بڕیاری دا بە پێڕاگەیاندنت بە پابەندکردنت بەدانی (١٦٠٠ هەزارو شەش سەد دۆلاری امریکی کە دەکاتە ١،٩٢٠،٠٠٠ یەك ملیۆن و نۆسەد و بیست هەزار دیناری عیراقی بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێڕاگەیاندنت بە بڕیارەکە لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەم بڕیارە و بڕیارێکی پاشملەیە و (شایەنی نارازی بوون و تێهەلچوونەوەو پێداچوونەوە و مافی تانەلێدانت هەیە) و لەبڕیارەکە لەماوەی یاساییدا، بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادوستی

* * *

دادگای بەرایی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٠٣٥/ب/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٨
ئاگاداری
داوالەسەرکراو/ دیار عبدالجبار مصطفى
شوێنی نیشتەجێی ئێستات نادیارە لەسەر داوای داواکار (دارا فائق محمد علی)
ئەم دادگایە لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٧ بڕیاریدا لە داوای بەرایی ژمارە ٢٠٣٥/ب/٢٠١٨ کە لەلایەن داواکار (دارا فائق محمد علی) تۆماکراوە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت لەم کاتەدا نادیارە وەك لە روونکردنەوەو ئاگادارکەرەوەی دادوەری لەبەر ئەوە بڕیاردرا بە ئاگادارکردنەوەت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ وە مافی نارازی و (اعتراض و تێهەلچوونەوەو پێداچوونەوەی) هەیە لە ماوەی یاساییدا بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ کمال رضا احمد

* * *

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/ ٢
ژمارە: ٢٣٤٦/ ش / ٢٠١٩
بەروار: ١٧ / ١١ / ٢٠١٩
ئاگانامە
داواکار : سروەت مصطفى سوارە
داوالەسەرکراو : نوزاد علي احمد
داواکار (سروەت مصطفى سوارە) داوایەکی بە ژمارە (٢٣٤٦/ ش / ٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت، وەلەم داوایەدا داوای (بژێوی بۆ خۆی و منداڵە ناکامەکەی ڕابردوو و بەردەوام) دەکات، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت، بە گوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار،دادگا بڕیاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە، وە ئامادەبونتان لەبەردەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە (٢٠١٩/١٢/٢٤) سەعات (٩:٠٠) ی سەرلەبەیانی بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادەنەبن خۆتان یان بریکار نەنێرن، ئەوا دادگا بە (نائامادەیی – غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا .
دادوەر / د. طه عمر رشيد

* * *

ئاگاداری
بۆ بەرێز هاوپشکی کۆمپانیای هەڵوە
بۆ بازرگانی گشتی / سنوردار
بەرێز فریدون قادر نادری
من (ابوبکر احمد حسین) وەك هاوپشك و بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای هەڵوە بۆ بازرگانی گشتی / سنوردار بەرێزت ئاگادار دەکەمەوە کە من هەڵدەستم بە پاکتاوکگردنی کۆمپانیاکەمان کۆمپانیای هەڵوە کە بەرێزتان هاوپشکن پێیدا بۆ ئەم مەبەستەش بەرواری (٢٠١٩/١٢/٥) لە کاتژمێر (٩:٠٠) ی سەر لەبەیانی لە بارەگای کۆمپانیا لە شاری سلێمانیم دیاری کردووە بەمەبەستی کۆبونەوەی دەستەی گشتی کۆمپانیاکەمان سەبارەت بە پاکتاوکردنی کۆمپانیا بەرێزتان بە رەگەزنامە خەڵکی وڵاتی ئێرانن بەڵام شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بۆیە بە پێی یاسا لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی فەرمی ڕۆژنامەوە ئاگادارت دەکەمەوە لەو بەروارەی لای سەرەوە ئامادەبە لەکاتی ئامادەنەبونت بە زۆرینەی دەنگ و بە پێی یاسای کۆمپانیاکانی ژمارە (٢١) ی ساڵی (١٩٩٧) ی هەموارکراو بریار لە چارەنووسی کۆمپانیا دەدەین .
هاوپشك و بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراو
ابوبکر احمد حسین

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ١٢٣١/ت/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١١/١٧
ئاگەهداری
ڕێقەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پارچا ئەردی یا ژمارە (٣١١٥/١ کەرتی ١١ سميل) یا قەرزدار (خالد ابراهيم احمد) بو جارا ئیکی ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
روونکرن :-
ژمارە وجە :- (٣١١٥/١ کەرتی ١١ سميل)
ڕەگەز وجۆر :- خانیێ ئاکنجیبونێ یە دوو تابقە
ڕووبەر :- (٢٥٠ م٢)
بهایێ هاتیە دانان :- (١٦٢٠٠٠٠٠٠) سەد وشیست دوو مليون دیناری عیراقی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد

* * *

دادگەها باری کەسایەتی قەسروك
ژمارە/ ٨٤ /ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٥ /٢٠١٩/٩
ئاگەداری
بو/داوالێکراو (عماد عمر يوسف) ئاماژە بە داوای باری کەسایەتی ژمارە (٨٤/ش/٢٠١٩) کە هاتیە تۆمارکرن لە لایەن داواکار (منى عادل اسماعيل) تایبەتە بە دواکردنی جیابونەوەی (التفريق) پێویستە ئەم ئاگەداریە بێتە بەلاوکردنەوە لە بەر ئەوەی شوینێ ئاکنجیبونی داوالیکراو (عماد عمر يوسف) دیارە نوبو ئەم دادگایە بریاری دا بە ژمارە ٨٤/ش/٢٠١٩ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/٨ کە تایبەتە بە جیابونەوەی داواکار (منى عادل اسماعيل)بویە بریاردرا لە دوو روژنامەی روژانە بێتە بەلاوکردنەوە بو ئەوەی داوالێکراو کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە مافی تانە لێدانێ (اعتراض) هەبێت وەلە ئەنجام وێنەیەك لە بەلاوکراوەکە بۆمان ڕەوانە بکەن
دادوەر/ لؤی فاخر نعمت

* * *

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لیژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە:١٧٩٢٧/١٠
ڕێکەوت:٢٠١٩/١١/١٨
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لیژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێدانی مولك لە (دوکان ، گەراج، مارکێت،.. هتد) لەم گەرەك و ناوچانەی کە لە خوارەوە بە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لیژنەی ئاماژە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/ داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە ڕۆژی (٣٠) سی یەمین ڕۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- شوێن (گەرەك، ناوچە)/ پیشەسازی باشوور، ناوچەی ٩٣ حسارۆك، بازاری لەنگە، مولکەکانی نزیك خانووەکانی کارگەی نەسیج، بازاری زانیاری مولکەکانی سوق مرکزی، بازاری گەورە، گەرەکی کوێستان، گەرەکی کوردستان، مولکەکانی باداوە. جۆری بەکارهێنان/ (دوکان، گەراج، مارکێت،..هتد) ماوەی بەکرێدان/ بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی شارەوانی.
ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٨٤٠٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٧
بڕیاری سڕینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (قصر الرخام) بۆ (بازرگانی گشتی و بازرگانی گەرەستەی بیناسازی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سڕینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگەهداری
ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (هەلال) بۆ (بازرگانی گشتی - هێنان وبردن / سنوردار) بڕیارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / هکار حجی محمد
ناڤ ونیشان / دهوك - K.R.O
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٥٧٤٠٤٧

قەڵای جوڵندی(1) لە داستانەوە بۆ میژوو

کەمال نوری مەعروف

ناوچەی سلێمانی لە کوردستانی باشوور دەوڵەمەندە بەقەڵای دێرینی بەرگری، نمونەی لەبەرچاویش لەوجۆرانە زۆرن، لەوانە قەڵای یەزدە گورد لە (سەرتەکی) بەمۆی ناوچەی دەربەندیخان و قەڵای شەمێران لە گوندی شەمێرانی ناوچەی هەڵەبجەی شەهیدو قەڵای سرۆچک لەگوندی (مۆرباس)ی ناحیەی بەرزنجە(2) وقەڵای کچێ و قەڵای کوڕێ لە زنجیرە شاخی پشتی گوندی تراری ناوچەی پێنجوێن و ڕەشە قەڵات لە گودی کوڕەداوێی ناوچەی شارباژێڕ.

دروستکردنی ئەو قەڵایانە لە سەر چەقی ڕێگا شاخاوییە سەرەکییەکانی ناوچەکە بۆ ئەوە بووە لەکاتی هێرش و پەلاماری داگیرکەراندا لە سەردەمە زووەکاندا بتوانن شکست بەناحەزا بهێنن. نمونەی دیاریش لە میژوودا بۆ ئەو هێرشانە زۆرن، لەوانە هێرشەکەی پادشای ئاشووری ئاشورناسرپالی دووەم لەسەدەی (9 پ.ز) بۆ سەر ناوچەی سلێمانی کەناسراوە بە (زاموا)، بۆ لێدانی لۆڵۆبیەکان لە قەڵای (بابیبی)ی دەربەندی بازیان، لەوێشەوە بۆ ڕووەو دەشتی شارەزوورو دەوروبەرەکەی.

ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەتە بە قەڵایەکی کە بەجوڵندی ناسراوەو میژووەکەی تێکەڵە لە داستانی قارەمانێتی و پاشماوەی شوێنەوارێک کە بەهەمان ناو ناسراوە. داستانەکە ڕەگوڕیشەی بە قۆلایی میژووەکەیدا شۆڕبۆتەوەو دەمانبات‌ەوە بۆ ئەو سەردەمەی مرۆڤ لەگەڵ دەورو بەرەکەیدا لە ململانێدا بووە. خاوەن داستان باسی هەندێک شتی سەرسوڕهێنەر دەکات کەلای ئێمە تاوەکو ئەمڕۆش جێگای گومان و تێڕامانە(3).

داستان خوان وامانلێدەکات بەپەرۆشەوە لەگەڵ ڕووداوەکانیدا بڕۆین، هەروەکو لە هەڵسوکەوتەکانیدا هاوبەش بووین چونکە گەلێک ئازایەتیی و کاری سەرسوڕهێنەری تێدایە، کە دەتوانین بیخەینە خزمەتی پاشماوەی شوێنەوارەکە بۆ ساخکردنەوەی میژووەکەی.

* ڕێگای گەیشتن بە قەڵای جوڵندی: قەڵای جوڵندی دەکەوێتە خۆرئاوای قزقەپان لە چەمی ڕێزان، دەتوانین بە ڕێگای گوندی زەرزی بگەینە گوندی قوچڵاغ و عەوڵان، لەوێشەوە بەڕەو باشوور دەڕۆیت لە ڕێگایدا کەوانە دەگریت بەڕەو باکوور هەتاکو دگەیت بەدەمی ئەشکەوتی عەوڵانی بەناوبانگ، لێرەدا ڕووباری سرقاوشان دەبڕیت کەبەڕەو باکووری خۆرئاوا دەڕوات، قەڵای جوڵندیش دەکەوێتە ڕۆخی لای ڕاستی ڕووبارەکە(4).

* وەسفی شوێنەوارەکە: جوڵندی قەڵایەکی شاخاوییە لەسەر تەرزی (دیز) ناسراو لە لوڕستان دروستکراوە، هەروەکو ئەدمۆندس دەڵێ: لە (3) لاوە پارێزراوە بەهۆی ئەوەی لێوارەکانی زۆر لێژن ڕووەو ڕووبارەکە. ئەم قایەکارییە سروشتییە بەبەردو گەچ لێوارەکانی قایەکراون کە دەڕوانن بەسەر شێوەکەدا(5) لە بەرامبەریدا لەوبەری شیوە پان و بەرینەکەدا گابەردێکی گەورە بە شێوەی وەستاو بەرچاو دەکەوێت پێوەی دیارە وەکو پاسەوانێک بڕوانێت بەسەر قەڵای جوڵندی کەبە (بەردە عەلی) ناسراوە. لە شوێنی ناوبراو(6) پاشماوەی پلیکانەی بەردین و بناغەی دیوار بەرچاو دەکەون کەبە گەچ دانراون.

وادیارە لە ڕۆژگاری خۆیدا ئەو پلیکانانە سوودیان لێبینراون لەلایەن دانیشتوانەکەی لە قەڵای جوڵندیش لە لووتکە تەخت و فراوانەکەیدا کەلاوەی زۆری لێیە، هەندێک باوەڕیان و وایە ئەوانە. هەروەی ئاوو شوێنی سەربازو تەویلەی وڵاخ بووین کە، کەوانەی ژوورەکانیان بە بازنەیی هاتوونەتەوەو لە گەچ دروستکراون. لە ناوەڕاستی ڕووبارەکەشدا کەبەڵای چەپیدا دەڕوانێت هەندێک پاشماوەی وێرانەی ژووری تر بەرچاو دەکەون کەتێدایانا کەوانەی بازنەیی بەکارهێناوە. ئەو هەموو گەچەی لێرەدا بەکارهێناوە پێویستی بەئاوێکی زۆرە کەلەناو قەڵاکەدا کانیاوێکمان بەرچاو نەکەوت وادیارە لە ڕۆخی ئەو بەرپەوە بە گونج بۆیان هێناوە کەلە ئێستادا پاشماوەکەی نادیارە(7). دوای گەڕانێکی چەندجارە بە پاشماوەی کە ڕووەکانی قەڵای جوڵندیی و دەوروبەروبەریدا لە ساڵی 1997و بەدواوە هەتاکو سەرەتای ساڵی (2000) توانیمان لەتە گۆزەو گڵێنەی سووربا‌و، یان زەردباوی نەخشێنراوو بۆیەکراو کە بە ئاگر سووڕکراونەتەوەو بە چەرخ دروستکراون بدۆزینەوە لەگەڵ دۆزینەوەی لەتە شووشە ڕەنگاو ڕەنگ و ساکار کە بەڵگەن بۆ دەستنیشانکردنی سەردەمی قەڵاکەو میژووەکەی، یان دۆزراوانە بخەینە خزمەتی داستانەکە تاوەکو خزمەت بەسەردەمەکەو میژووەکەی بەهۆیەوە بکەین.

× داستانی جوڵندی: داستانی ناوبراوکە یەکێکە لەو داستانە کۆنە کوردییانەی کەدەماو دەم و پشتاوپشت کوڕ لەباوکەوەو منداڵ لە دیکەوە بیستوویەتیی و بۆمان ماوەتەوە.

کەناوەڕۆکدا لەداستانی پێشەکییەکەوە لەهەندێک ڕووەوە دەچنەوە سەرێک، پوختەکەی ئەمەیە: دەڵێن سوپایەکی گەورەی بەهێز لەسەردەمی خەلیفەی موسڵمانان عەلی کوڕی ئەبی تالیب (د.خ) دەنێرن بۆ داگیرکردنی قەڵای جوڵندی دوای ئەوەی سااڵێک گەمارۆی دەدات سوپاکە ناتوانێت بیگرێت، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا دانیشتوانی ناو قەڵاکە هەموو ڕۆژێک زیانی زۆریان پێگەیاندوون بۆیە گەورەی سوپاکە نووسراوێک دەنووسێ و بەتەڕێکدا دەینێرێت بۆ خەلیفەی موسڵمانان عەلی کوڕی ئەبی تالیب، تێیدا دەڵێ: مرۆڤ ناتوانێت ئەم قەڵایە بگرێت، سوپای موسڵمانەکانیش لەبارودۆخێکی خراپدان. ئەم قەڵایە ناگیرێت، ئەگەر بەموعجیزەیەکی ئاسمانی نەبێت، ئێمەش چاوەڕێی ئەم موعجیزەیە لە ئێوە دەکەین یان فەرمان بدەن سوپاکە بگەڕێتەوە. کاتێک تەتەرەکە لە بەیانیدا گەیشتووە، ئیمام لەمزگەوت چووەتە دەرێ و بۆ ماڵ گەڕاوەتەوە لەوێ نووسراوەکەی وەرگرتووە. دوای خوێندنەوەی دڵتەنگ بووە بەوەی تێیدا نووسراوە، داوای کردووە قۆچەقانییەکی دوو فەلەقی بۆ بهێنن، دوو بەردی تێکردووەو ڕووەو قەڵاکە هاوێشتوونی لە کاتێکدا بەردەکان بەڕێگاوە بوون بۆ قەڵاکە خوا لوتفی بەزەیی بەدانیشتوانەکەیدا هاتۆتەوەو ڕێگای ئیسلامەتییان گرتووە، ڕێگایان بەسوپای موسوڵمانەکان داوە بێنە ناو قەڵاکەو ببنە میوانیان.

بەفەرمانی خوا جوبرائیلی ئەمین بەپەلە هاتووە بۆ ئەوەی موسوڵمانەکان لەکەوتنە خوارەوەی ئەو دوو بەردە ڕزگار بکات، کاتێک جوبرائیل هاتۆتە سەر زەوی گوێی لەدەنگی گەورەی بەردەکان بووە کە نزیک بوو بەر قەڵاکە بکەون.

جوبرائیل بۆ ئەوەی نەیەڵێت زیان بەقەڵاکەو ئەوانەی تێیدا دەژین بکەوێ بااڵی داوەتە بەریان لە نزیک دەروازەی قەڵاکەوە بەهێواشی هاتوونەتە خوارەوەو بەپێوە وەستاوە کەلە ئێستادا پێیان دەڵێن بەردە عەلی. جوبرائیل لەو هەوڵەیدا بااڵی ڕووشاوە(11).

3- شوێنەوارناس سەبری شوکری 11/ 24/ 1949 چووەتە سەردانی قەڵای جوڵندی نزیک بە گوندی پیران لەناوچەی ئاغجەلەر. توانیویە زانیاری لەسەر قەڵاکەو ناوی جوڵندی وەربگرێت کەبە پێی قسەی دانیشتوانی ناوچەکە جوڵندی پادشایەکی بتپەرستبووەو لەناو ئەو قەڵاو گەورەیەدا خاوەن دەسەڵات بووە.

جگە لەوەش ڕاپۆرتی ناوبراو شوێنەواری (بەردە عەلی) نزیک بەقەڵاکەشی گرتۆتەوە ناوبراو لەبارەی جوڵندییەوە دەڵێ: لەناو کتێبە میژوویەکاندا ئاماژەیەک بۆ ناوی ئەم کەسە، یان شوێنەوارەکە نییە کەبەجوڵندی ناسرابێت جگە لە کتێبی (جامع التواریخ) کەدانەرەکەی (تەنوخی)یەو سااڵی 384ی کۆچی مردووە لە الپەڕە (101)ی کتێبەکەیدا هاتووە: پیاوێک لەسەردەمی مەئمونی ناوی بەجوڵندی هاتووە. ئەم ناوەش پەیوەندی بە شوێنەوارەکەوە نییە. لەکۆتایی ڕاپۆرتەکەیدا ناوبراو وتوویە: داوا دەکەم کەبەڕێتوبەبەرێتی گشتی شوێنەوار هەڵبسێت بە لێکۆڵینەوە لەسەر شوێنەوارەکەو دیاریکردنی دروستکەری قەڵاکەو ئەو مێژووە شاراوەیەی کەلە خۆی گرتووە لە ڕۆژگارە بەسەرچووەکانیدا. خەڵکی ناوچەکەش لە ئێستادا هیچ لەبارەیەوە نازانن جگەلەوەی شوێنی سەرسوڕمانیانە بۆ گەورەیی قەڵاکەو دروستکردنەکەی(12).

4- مامۆستایان تەها باقرو فوئاد سەفەر لەوبارەیەوە دەڵێن: ئەم شوێنەوارە لەبەر ئەوەی زانیاری تەواوی لەسەرەوە نەگیراوە ناتوانین وەسفی تەواوی بکەین و ئەو سەردەمەش دیاریبکەین کەبۆی دەگەڕێتەوە.

لێکۆڵەر بەخوێندنەوەی داستانەکەی جوڵندی بۆ دەردەکەوێت، کە سەردەمی ڕووداوەکانی ناو داستانەکە بۆ ڕۆژگاری خەلافەتی عومەری کوڕی خەتاب(د .خ) دەگەڕێتەوە کە ئاینی ئیسلام لەم بەشەی کوردستانا بااڵبووە. هەرچەندە ناوی حەزرەتی عەلی(د.خ) لە چیرۆکەکەدا هاتووە بەاڵم ناو هێنانەکەی هەر بۆ ئەوەیە ڕۆاڵی سەرەکی پێبدەین لەناو ڕووداوەکاندا بەو شێوەیە کە پاڵەوانێکی بەهێزو ئازابووەو شێری خودایە و ناوبانگی پێدەرکردووە.

لێرەدا بۆ ئەوە ناچم کە تۆمارکردنی ئەو جۆرە چیرۆکانە هاوتەمەن بن لەگەڵ سەردەمی ڕووداوەکان. چونکە وەکو ئاشکرایە ڕووداوەکان پشتڕەو تۆمارکردنی چیرۆکەکەش دواترە، ئەمەش بۆ دوای باڵابوونەوەی ئایینی تازەو بنچ داکوتانی لەناوچەکەدا دەگەڕێتەوە. بەو شێوەیەی دوای چەند سەدەیەک لە ژیانی ئایینی نوێدا مرۆڤی خستۆتە ناو ژیانێکی نوێتر لەپەرستنی خوای تاک و تەنیدا.

لەیادبکەین. کەلە ڕووی ئاینییەوە ناتوانرێت ئەدەبی کۆنی فارس لە ئەدەبی کۆنی کورد جوودا بکەینەوە چونکە گەلێک شت هەیە نێستا کەلەناو ئەدەبی کوردییا کە ماوەتەوە بۆ دەوری پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە واتە بۆ ئەدەبی کۆنیان کە ئەدەبی زەردەشتی یە.

ئەم چیرۆکە نیشانیدەدات کەزۆر جار چیرۆک ڕووداواً دەگێڕێتەوە کەلە میژوودا ناسراو بێت. پێویستیش نییە بەڵکو ناشێت کە، کوتوومت سەر گوزشتەکە چۆن ڕوویدابێت ئاوا بیگێڕێتەوە. بەڵکوو خەیاڵی چیرۆک بێژوو سەرگوزشتە گێڕەرەوەکەو ئەو کەسانەی دوای ئەو دەیگێڕنەوە شتی تازەی دەخەنە سەرو خەیاڵی تێکەاڵ دەکەن. بەکورتی دیمەنێکی خەیاڵ و لێفراوانکردنی میللەتیشی تێدایە بۆیە دەبینین ڕووداوێکی میژوویی، یان سەرگوزشتەی کەسێک زۆر زلدەکرێت و گەلێک کردەوەی بەئەقڵدا نەهچوو دەدرێتە پاڵ قارەمانی چیرۆکەکە، هەروەکوو لەداستانی جوڵندی دا بەرچاو دەکەوێت، یان لەدێتنی قەڵاکەدا دەبینرێ کە سەختی شوێنەکەی و خانووبەرەکانی سەرنجی مرۆڤ بەاڵی خۆیدا ڕادەکێشێت هەموو ئەمانە ئەو چیرۆکانە دروستدەکات کە خەیاڵ تێکەاڵو بەڕووداوەکان بکرێت و داستانی پاڵەوانێتی بۆ خاوەنی قەڵاکە دروستبکرێت هەروەکوو لە زۆرینەی ئەو قەڵایانەی لە کوردوستاندا هەن لەو قسانە دەبیسترێن، نمونەی لەبەرچاویش قەڵای کچێ و قەڵای کوڕێیە. بۆیە شتێکی ئاساییەکە ئاماژە بەوە بدەین مللمانێ لەنێوان ئایینی تازەکە لە ئیسلامدا بینراوەتەوە لەگەڵ ئایینە کۆنەکاندا ڕووبدات وەکوو زەردەشتی و عیسایی و موسایی بەاڵم کۆتاییەکەی بە هاتنی موسوڵمان و باڵابوونەوەی ئایینەکە دوای پێ هێنراوە. ئەمە بووتە هۆی ئەوەی زۆر لەو ئێرانییانە بەکوردو فارس و کەمایەتییەکانی تر‌ەوە کەپایەو شان و شکۆیەکی بەرزیان لەوەو بەرهەبووە بەخێرایی بچنە ناو دەوڵەتی ئیسلام و شوێنی گەورە لەپلەو پایە لەناو دەزگاکانی ئایینی و ڕامیاری و لەشکریدا بەدەست بهێنن. لەلایەکی تریشەوە ئەو تیشکانە ڕامیاری و ئایینییەی کەلەوەو بەر تووشیان هات لەسەربەخۆیی ڕامیاری و شێوەی زمان و ئەدەبی گەلییاندا ڕەنگبداتەوە کەبەهۆیەوە کۆمەڵێک چیرۆکی فۆلکلۆری هێنایە بەرهەم.

سەرئەنجام: لەبەر تیشکی هەموو ئەو زانیارییانەی سەرەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی کە بڵێین:

1- داستانی جوڵندی بەپێی ڕووداوەکانی بۆ کۆتایی دەسەاڵتی ساسانییەکان دەگەڕێتەوە واتە بۆ ساڵی 635ی زایینیی و بەدواوە کە ئایینی ئیسلام لەکوردستاندا باڵاوبووەتەوە، واتە لەفەرمانڕەوایەتی خلیفەیە عومەری کوڕی خەتاب (د.خ) هەروەکو ئاماژەمان پێدا(14). ئەوەی ئەو ڕاستییە دەسەلێنێت پاشماوەی شوێنەوای قەڵای جوڵندییەکە سەردەمێکی کۆنی لەخۆگرتووە لە ژوورو پاشماوەی دیوارو کۆڵەکەی بەردین و تاقی نیوە کەوانەیی کەبەڵگەیەکی دیارن بۆ میژووی شوێنەوارەکەو سەردەمی دەسەاڵتی ساسانییەکان لەناوچەکەدا. ئەمەش لەو سەردانانەمدا بۆم دەرکەوت کەلە ساڵی (1997)و بەدواوە هەتاکو ساڵی 2005کە چەند جارێک بەناوچەی قەڵاکەداو(بەردە عەلی) سوودڕاوەمتەوەو زانیاریم لەسەریان وەرگرتووەو بەپێنی لەتە گۆزەو گڵێنەکانیی و پارچەی شووشەی تەنکیی بۆیاخکراوی هەمەڕەنگی.

2- وادیارە هێرشی موسوڵمانەکان بۆسەر قەڵاکەو داگیرکردنی، وێرانکاری گەورەی بەخۆوە دیوە، بەڵگەش بۆ ئەمە دوای سووڕانەوەم بەقەڵاکەدا، تەواوی ژوورو دیوارو تاقی کەوانەیی و وێرانکرابوون، جگە لەوەش ئەوەی لەکەل و پەل تێیدا بووە شکێنرابوون چونکە لەتەگۆزەو کەرتیی شووشە، شتێکی تر نەمابوو ،لەهەندێک شوێنیشدا پاشماوەی سووتان دەکەوتنە بەرچاو کە بەڵگەن بۆ ئەوەی قەڵاکە دوای داگیرکردنی سوتێنراوە.

بەراوردێک لەنێوان پاشماوەکانی ئەم شوێنەوارەو شوێنەواری قەڵای شیلەی ناوچەی کۆیە کە ساڵی 1997کاری کنەو پشکنینم تێدکرد دوای دۆزینەوەی پەرستگایەکی زەردەشتی لە چینی یەکەمیدا کە بەپێی نەخشەکەی بۆ چاخی دوایی ساسانی دەگەڕایەوە (227-636 ز) دەرکەوت هەمان شێوەی قەڵای جوڵندی بەسەر هاتبوو لە سووتاندن و وێرانکردنی چونکە بەهەمان شێوە یەکەم ئەم پەرستگایەش هێرشی موسوڵمانەکانی دیوە کە هاتوونەتە ناوچەکە بۆ باڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام لەسەردەمی خەلیفە عومەر(د.خ). وادیارە لە ئەنجامی ئەو هێرشانە بۆ سەر ئەم بەشەی کوردستان هەر شتێک هاوشێوەی ئەو شوێنەوارانەیان دیبێت لە قەڵاو پەرستگا وێرانیانکردوون.

3- ستراتیژی قەڵاکە کەلەو شوێنە شاخاوییە سەختەدا دروستکراوە کەلە سێ لاوە دەوری داوە، ئەمە نیشانیدەدات کەلەو سەردەمەدا قەڵایەک بووە پارێزگاری ناوچەکەی پێکراوە چونکە کەوتووتە سەر ڕێگایەکی کۆن کەتوانیویەتی دەسەاڵتی بەسەر هەموو ڕێگا کۆنەکاندا هەبێت لەکاتی هێرشی سەربازیدا.

گرنگی شوێنەکەشی لەوەدایە کە توانیویە لەوێوە بگاتەوە بە دەشتی شارەزوور دوای بڕینی زێبی بچووک لەسەر ڕێگەی قەشقۆڵی(15).

4- پاشماوە زۆرەکانی ناو ئەم شوێنەوارە کەلە ڕووبەرێکی فراوانداً بااڵبووەتەوە بەاڵی منەوە ئەوەی پێوەدیارە بەهۆی بەرزی شوێنەکەیەوە کەلە مەودایەکی دووردا دیارە، پێدەچێت لەگەڵ ئەوەشدا کە قەڵایەکی بەرگری بووە لەناویدا پەرستگایەکی زەردەشتیش هەبووبێت چونکە لەو سەردەمەدا باوبووە لەناو کۆشک و قەڵاکاندا پەرستگاش دروستکراوە، نمونەی لەبەرچاویش بڵێمە قەڵای کەردفتووی(16) خۆرهەڵاتی(سەقز)ی کوردستانی ئێرانە، بۆ ئەوەی لەلایەک پاراستنی ناوچەکە بەجێ بگەیەنێت لەلایەکی تریشەوە ڕێوڕەسمێکی ئایینەکە بەرزو پیرۆز ڕابگرن و ڕووناکی بەردەوامی ئاگرەکەی دیارو لەبەرچاو بێت.

ماوەتەوە بڵێم: هەروەکو لەسەرەتادا ئاماژەم پێدا، سەرچاوە میژوییەکان باس لە باڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام دەکەن لە هەرێمەکەماندا لەسەردەمی خەلیفە عومەر(د.خ) (24 -12کۆچی).

* پەراوێزەکان:

1- ناوی جوڵندی لەسەرچاوەی میژوییدا زۆر هاتووە بەاڵم هیچ کام لەو ناوانە پەیوەندییان بە شوێنەوارەکەوە نییە. ئادمۆندس لە کتێبەکەیدا (کوردو تورک و عەرەب) ئەگەیشتووەتە ئەوەی ڕاستی میژووی ئەو کەسە دەربخات.

کتێبی (تاج العروس)، ج 2لا 323دەڵێت: جوڵندی ناوی پادشایەکە لە عومان لەسەردەمی دەوڵەتی ئەمەویدا فەرمانڕەوایەتی کردووە.

لە کتێبی (تاریخ الکامل لابن الاثیر،ج 5لا 346.270 . 347 ناوی جوڵندی واهاتووە کوڕی مەسعودی کوڕی (جیفر)ی کوڕی جوڵندای ئەزدی مەلیکی عومانە. کاتێک بۆ کتێبی (سبائک الذهب للسویدی لا 33 گەڕامەوە دەرکەوت (ئەزد) خێڵێکی عەرەبەو دانیشتووی عومانە. لەکتێبی (الطبری) ج 2 لا1949 هەروەها ج3لا 77- 79 سەیرمکرد کەسەکە ناوی بە (جوڵندی کوڕی مەسعودی ئەزدی) هاتووە.

مامۆستای زمانەوانی تۆفیق وەهبی ڕای وایە وشەکە لە(جندلە)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە کەمانا فەرهەنگییەکەی گا بەردێکی گەورە دەگرێتەوە، وا پێدەچێت ئەو لووتکە بەرزەی شاخەکە بگرێتەوە کە قەڵاکەی لەسەر دروستکراوە، هەروەها مامۆستا وەهبی لەسەری دەڕوات و دەڵێت: ئەم ناو لێنانە لە عەرەبەکانەوە هاتووە کە ئەو شوێنەیان کردووەتە قەڵاکە پێدەچێت لە سەردەمی عەبباسییەکاندا بووبێت.

بەاڵی منەوە ئەو بۆچوونەی مامۆستای ناوبراو لە شوێنی خۆیدا نییەو قەڵاکەش بەپێی بەڵگەی شوێنەوارییو و ئەندازیاری لە پاشماوەی خانووەکانی بەڵگەن بۆ سەردەمی ساسانی. بەاڵم لە ڕووی ساخکردنەوەی ناوەکەی لەگەڵ ڕای مامۆستا وەهبی دام کەناو لێنانەکەی بە جلوندی لە عەرەبەکانەوە هاتووە بۆئەو سەردەمەی هاتوونەتە ناوچەکە لە خەلافەتی عومەردا (د.خ) بۆ باڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام بەاڵم ئەوان دروستیان نەکردووە. ناوەکەش زیاتر لەوانەیە پەیوەندی بەناوچە سەخت و شاخاوییە بڵندو بەرزەکەیەوە هەبێت، لەوانەشە لەوشەی عەرەبی (جبلی)، (جەوڵی) (جوڵندی)یەوە هاتبێت، دواجار لەسەر زمان گۆڕاوە بۆ ئەم ناوەی ئێستای کەبووەتە ناوی قەڵاکە.

2- بەرزنجە وشەیەکی لێکدراوەو مانای بە چەند شێوەیەک لێکدراوەتەوە، لە هەموویان ڕاستتر بەاڵی منەوە ئەو مانایە دەبەخشێت بەو زەوییانە دەگوترێت کە، کەوتووەتە بەردەمی کووخ.

بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: جمال بابان، اصول اسماء المدن والمواقع العراقیە، چ 1الطبعە الثانیە، بغداد، 1989ص.53.

3- جریدە العراق، العدد 663 197 /5/ 1 صفحە ثقافیە کردیە.

4- اضبارە قلعە جلندی المرقمە 37 /217 المحفوظە لدی مدیریە الاثار العامە فی بغداد.

5- سی. جی. ئادمۆندز، کوردو تورک و عرب، ترجمە جرجیس فتح اللە، دار آراس للطباعە، اربیل، الطبعە الاولی، 2021ص.300.

6- طە باقرو فؤاد سفر، المرشد الی مواطن الاثارو والحضارە ، الرحلە الرابعە، بغداد، کرکوک، السلیمانیە، بغداد 1965دار الجمهوریە للطباعە والنشر ص.31.

7- اضبارە قلعە جلندی، نفس المصدر السابق.

8- ئۆسکارمان، تحفەی مظفریە، پێشەکی و ساخکردنەوەو هێنانەوە سەر ڕێنووسی کوردی هێمن موکریانی، بەشی دووەم 1975لا.222

9- ئۆسکارمان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 224-251 .

10- سی. جی. ئادموندزز نفس المصدر السابق. ص301.

11 -تۆفیق وهبی، قلعە کیانیە فی شمال السلیمانیە، مجلە الکتاب، العدد الثانی، السنە الاولی، تموز 1958ص .1125. 10.

12- اضبارە قلعە جلندی. نفس المصدر السابق.

13- دکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، لێکۆڵینەوە، بەغدا 1970 لا.24.

14- واقدی، وڵاتگیری ڕەشە خاکی عێراق (فتوح سواد العراق)، مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی کردوویە بە کوردی و پەراوێزی لێکردووە، چاپی یەکەم 1997لا14.

15- بۆ شیکردنەوەی ناوی قەشقۆڵی بۆچوونی زۆر هەیە لەوانە پێدەچێت ناو لێنانەکەی تورکیی بێ و مانای ڕێگای وڵاخی بەرزە بگرێتەوە، بەوجۆرەی لە کۆندا ڕێگایەکی بازرگانی هاتووچۆ بووبێت.

بڕوانە:جمال بابان اصول اسماء المدن والمواقع العراقیە، نفس المصدر السابق ص.232.

16- کەرەفتوو: وشەیەکی لێکدراوە لەدوو بەش پێکهاتووە، یەکەمیان (کار) کەلە زمانی ئاشووریدا بەقەاڵ گووتراوەو دووەمیان (ئوتو) بەمانای خۆر دێت بەمانای قەاڵی خۆر دەگرێتەوە، واتە ئەوانەی لەوێدا بوون خۆرپەرستبوون.

لوبنان و گرێکوێرەکانی بەردەم پێکهێنانی حکوومەتی نوێ



ئا: عەبدولقادر کەڵهۆڕ

ڕۆیتەرز

میشێل عۆنی سەرۆکی لوبنان ئاشکرای کرد، بەمزووانە وادەیەک دیاردەکات بۆ ئەوەی کەسایەتیەک رابسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەتی تازەی لوبنان ، بەڵام بە نیازە پێش دیاریکردنی ئەو وادەیە گرێکوێرەکانی بەردەم پرۆسەی سیاسی و پێکهێنانی حکوومەت بکاتەوە، ئەویش لە ڕێگەی گفتوگۆ و ڕاوێژکاری لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی ولاتەکەی .

عۆن رشتبوونی خۆشی نیشاندا لەهەمبەر پابەندبوون بە ڕاوێژکردن لەگەڵ پەرلەمانتاران بۆ ئەوەی کەسایەتیەک دەستنیشان بکەن کە لەلایەن زۆربەی زۆری لایەنەکانەوە جێگەی متمانە بێت و ڕایسپێرن بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران و پێکهێنانی حکوومەتێکی تازە لە لوبنان . هاوکات هیچ وادەیەکی دەستنیشان نەکرد، بەڵام سەرۆکی لوبنان دووپاتیکردەوە کە ئێستا سەرقاڵی چەند پەیوەندییەکی پێویستە پێش ئەوەی دانوستان و ڕاوێژکردن لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی ولاتەکەی دەست پێبکات .هەر لەو بارەوە بەیاننامەیەکی نووسینگەی سەرۆکایەتی کۆماری لوبنان ئاشکرایکرد، سەرۆک کۆمار ڕایگەیاندووە ، پێکهێنانی حکوومەتێکی تازە بۆ لوبنان پێویستی بە نزیکبوونەوەی بە پەلەی لایەنەکان هەیە ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا نابێت پەلە بکەین لە چارەسەر و ڕاوێژکارییەکانمان ، چونکە زۆرجار پەلەکردن دووچاری هەڵەی ستراتیژیان دەکاتەوە. هەر لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە میشێل عۆن پێی باشە بەر لە ڕاسپاردنی کەسایەتیەک بۆ پێکهێنانی حکوومەت گرێکوێرەکانی بەردەم پرۆسەی سیاسی لە لوبنان بکاتەوە و دانوستان و ڕاوێژکاریی پێویست لەو بارەوە ئەنجام بدات .

جێی بیرهێنانەوەیە سێشەممەی ڕابردوو سەرۆکوەزیرانی لوبنان سەعد ئەلحەریری لە بەرانبەر ناڕەزایی و خۆپیشاندانی هاوواڵاتیانی لوبنان دەستلەکارکێشانەوەی خۆی وەک سەرۆکوەزیرانی لوبنان ڕاگەیاند. دوای دەست لەکارکێشانەوەی ئەلحەریری تێبینی دەکرێت کە ژمارەی خۆپیشاندەران لەسەر شەقامەکانی لوبنان ڕووی لە کەمبوون کردووە بەڵام هێشتا هاوواڵتیان نارازین و داواکاری سەرەکیان ئەوەیە بە زووترین کات حکوومەتێکی تازەی تەکنۆقرات پێک بهێنرێت و دەست بکرێ بە چاکسازی ئابووری لە بەر ئەوەی لوبنان و لوبنانیەکان زۆر پێویستیان پێیەتی.خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکانی لوبنان کە لە 17 ئۆکتۆبەری 2019 دەستیان پێکرد ، تەنگژەیەکی سیاسی ئاڵۆزی هێنایە کایەوە، لەکاتێکدا لوبنان خۆی لە خۆیدا بە تەنگژەیەکی ئابووری زۆر توند تێپەڕ دەبوو کە لەوتەی جەنگی نێوخۆییەوە 1975 - 1990 بە خۆوە نەبینیبوو.خۆپیشاندانەکانی هاوواڵتیانی لوبنان بانکەکانی ئەو وڵاتەی ناچار کرد بە هۆی مەترسی ئەمنیەوە بۆ ماوەی دووهەفتە دەرگاکانیان دابخەن . لەو بارەوە چاودێرانی سیاسی و بانکی ئاماژەیان دابوو کە مەترسی گەورەیان هەبوو لەوەی ئەوانەی پارەیان لە بانکەکان داناوە بەپەلە داوای پارەکانیان بکەنەوە و پارەکانیان حەوالەی بانکەکانی وڵاتانی دیکە بکەن ئەگەر بێتوو دەرگاکانیان بکەنەوە . ئەوەش زیانێکی زۆر بە بانکەکانی لوبنان دەگەیەنێت، بۆیە دەرگاکانیان داخست .دواتر بانکەکان لە ڕۆژی هەینی ڕابردووەوە دەرگاکانیان کردەوە ، لە بەرانبەردا بۆ ڕایکردن و ئاسانکاری حکوومەت هیچ کۆت و پێوەندێکی نەخستە سەر کەرتی بانکی لە لوبنان ، بەڵام شارەزایانی بواری بانک و پارەدارەکان گوتیان ، ئاستەنگیان بۆ دروستکراوە کاتێک ویستوویان پارە و پوڵیان لە بانکەکانی لوبنان بکێشنەوە و بە دۆلار حەوالەی بانکی وڵاتانی دیکەی بکەن .هەر لەو بارەوە سەلیم صفەیر ،سەرۆکی کۆمەڵەی بانکەکانی لوبنان گوتی، بانکەکانی لوبنان هیچ جموجۆڵێکی نا ئاساییان بەخۆوە نەبینیوە. هەر لەو ڕووەوە حاکمی بانکی ناوەندی لوبنان ریاز سەلامە گوتی سەرلەنوێ کردنەوەی دەرگای بانکەکانی لوبنان هیچ کێشە و گرفتێکی لێ نەکەوتووە و هەموو کارەکانی بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوەدەچن و هیچ ئاستەنگێک نەخراوەتە بەردەم سەرمایەدار و پارەدارەکان. ئەوەش پێشهاتێکی گرنگە کە بەهۆی ناڕەزایی و خۆپیشاندانەکان هاتبووە پێشەوە .لەلایەکی دیکە، کوتلەی پەرلەمانی سەربە حزبوڵڵا لە پەرلەمانی لوبنان دەستەلەکارکێشانەوەی سەعد حەریری لە سەرۆکایەتی وەزیرانی لوبنان بەکات بە فیرۆدان وسف کرد لە هەمبەر ئەنجامدانی چاکسازی ئابووری بۆ ئەوەی لوبنان لەو تەنگژە ئابوریەی تێیکەوتووە دەرباز بکات .لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش هەریەکە لە واشنتۆن و پاریس و لەندەن داوایان کرد هەرچی زووە حکوومەتێکی تازە پێک بهێنرێت ، هاوکات داوایان لە سیاسەتمەدارەکانی لوبنان کرد ، ئاسانکاری بکەن بۆ ئەوەی حکوومەتی تازە پێک بهێنرێ و لوبنان ببێتەوە دەوڵەتێکی باشتر بۆ هەمووان. لە بەرانبەردا عەلی خامەنەیی ڕابەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران ، لە هەمبەر خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکانی لوبنان ئیسرائیل و ئەمەریکای تۆمەتبارکرد.هەر لەو بارەوە ڕۆژنامەی (بەیان) ئیماراتی لە مانشێتێکدا نووسیویەتی ، حزبوڵڵا و بازرگانیکردن بە تەنگژەی لوبنان، ئاماژەی داوە کەحزبوڵڵا ئاستەنگی سەرەکی تەنگژەی لوبنانە بۆیە سودمەندی یەکەمی ئەو تەنگژەیەش هەر حزبوڵڵایە. ڕۆژنامەکە نووسیویەتی ، زۆربنە پێیان وایە دەست لەکارکێشانەوە ئەلحەریری لە ژێر گوشاری جەماوەر سەرەتایەکە بۆ چارەسەریی تەنگژەی لوبنان ، بەڵام لەگەڵ دەستێوەردانی هێزی دیکە لە تەنگژەکە ئەو بۆچوونە بووە "پوشی بەربا" چونکە ئەو هێز و لایەنانە دەبنە هۆکارێک بۆ دڕێژکردنەوەی تەنگژەکە بۆ ئەوەی لوبنان بەرەو ئایندەیەکی نادیار پەلکێش بکەن .هەر لە ڕۆژنامەی ناوبراو هاتووە، ناشاردرێتەوە کە حزبوڵڵا سودمەندی یەکەمی ئەو تەنگژەیە، چونکە ئەو فەزا و بێ سەروبەرییە وادەکات "حزبوڵڵا " لە سەرووی دەوڵەت و قانوونەوە بێت.



ئاڵای وڵاتان

ئیتاڵیا

سەدان ساڵ لەمەوبەر ئاڵای ئەم وڵاتە لە دوای بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێکی قوتابیان دەستنیشان کراوە ، لە بنەڕەتیشدا خەڵکی باکووری ئیتاڵیا حەز لەم ڕەنگانە دەکەن . بە شێوەیەکی سەرەکیش ڕەنگەکان وەک هێمایەک بۆ باوەڕ و هیوا و چاکەکردن لەلایەن دانتی ئەلیگری فەیلەسوف و شاعیری ئیتاڵیەوە دەستنیشان کراون .

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1942:
بە مەبەستی دوورخستنەوەی نازیەکان لە شاری ستالینگراد ،سوپای سووری سۆڤیەتی هەڵمەتی ئۆرانیۆسی دەست پێکرد.



سالی 1946:
ئەفغانستان و ئایسلەندا و سوید بوونە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان .



سالی 1977:
ئەنوەر ساداتی سەرۆکی ئەوکاتەی میسر سەردانی ئیسرائیلی کرد .



سالی 1979:
ئێران سەرجەم بەندکراوە بەرەگەز ئەفریقیەکانی باڵیۆزخانەی ئەمەریکای لە تاران ئازاد کرد .



سالی 2011:
لە نزیک شاری ئۆباری لە باشووری لیبیا سەیفولئیسلام قەزافی دەستگیر کرا .



سالی 2013:
تەقینەوەیەکی خۆکوژی لە باڵیۆزخانەی ئێران لە بەیروت ڕوویدا و بووە هۆی کوژرانی 23 کەس .

www.xebat.net
ژمارە (5874) 2019/11/19 سێ شەممە

کوردی سووریا
کش مات...





عەلی قاسم

چ بژاردەیەک لەبەردەم کورد لە سووریادا هەیە، دوای ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پشتی تێکردن؟. سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ، پێی وتن، سوپاس بۆ هەوڵەکانتان، ئێوە گەلێکی باش و جەنگاوەری دلێرن، رۆڵی ئێوە ئێستا کۆتایی هات، خزمەتەکانتان لە بیر ناکەین.

ترەمپ ویژدانی خۆی ئاسوودە کرد، وازی لە کورد هێنا، بۆ ئەوەی رووبەڕووی چارەنووسی خۆیان ببنەوە، ئەویش رووبەڕووبوونەوەی هێرشی رکاوی دۆستەکەی، ڕەجەب تەیب ئەردۆغانە. وەزیری دەرەوەی سووریا، فەیسەڵ ئەلمیقداد وتی، هەر کەسێک نیشتمانەکەی بە هەزارنترین نرخ بفرۆشێت، فڕێ دەدرێتە دەرەوەی میژوو. وا دیارە میقداد لەو وتەییەدا، مەبەستی کورد، ترسیش لەوە هەیە، مەبەست لە فڕێدانە دەرەوەی میژوو، تۆڵەسەندنەوە قڕکردن بێت. لە ڕەوشێکی لەو شێوەیەدا، کورد دەتوانن چی بکەن؟ کش مات، ئەو ڕەوشەیە کە کورد خۆیان تێیدا بینییەوە، دوای ئەوەی خزمەتی خۆیان پێشکەشی وڵاتەکەیان سووریا و هەموو جیهان کرد و، دلێرانە لەدژی ڕێکخراوی داعش جەنگان، ڕۆڵێکی بەرچاویشیان لە پلیشاندنەوەی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە و کەوتاندنی دەوڵەتی خەلافەتدا هەبوو. کورد مافی خۆیانە، هەموو مافێکی مەدەنییان هەبێت و سوود لە خێروبێری وڵاتەکەیان وەرگرن، مافی خۆیانە بنووسن و منداڵەکانیان بە زمانی دایکیان بخوێنن، مافی خۆیشیانە، پارتیان هەبێت، کە لە دەسەلات نوێنەرایەتییان بکات. هیچ ئامۆژگارییەک نییە، بکرێت پێشکەشی ئەو (خەڵکە باشە) بکرێت، کە هەموو پیلان لەدژی دەگێڕن. کاتێک خۆت لە ڕەوشێکی لەو شێوەیە دەبینیتەوە، یان دەبێت خۆت بدەیت بە دەستەوە، یانیش خۆت بکوژیت. کورد خیانەتکار نەبوون، کاتێک بەرپەرچی داعشیان دایەوە، راستە ئەوان پەنایان بۆ شەیتان برد، بۆ ئەوەی بەسەریدا سەرکەون، بەڵام ئەوە هەڵەیەکی وا گەورە نییە، کە شایستەی سزادان بێت. ئەگەر جارێک فێڵت لێبکرێت، شتێکی ئاساییە، بەڵام ئەگەر دووجار فێڵت لێبکرێت، ئەوە کارەساتە.

ڕۆژێکدا، سازشی ڕەوشی هەزارەها کوردی سووریا کرا، ئەویش کارکردن بە بڕیاری سەرۆکایەتی ژمارە 49 بوو، کە لەهەمان ساڵدا دەرچوو بوو. ئەوەیان دەستپێشخەرییەکی نیەت پاکی بوو، ئەوەی کورد بەو جۆرە پێشوازیان لێی نەکرد، کە شایستەی بوو. ژمارەی کوردی سووریا ئێستا بە 1.5ملیۆن تاکو 2.5ملیۆن تاک مەزەندە دەکرێت، واتە نزیکەی یەک لەسەر دەی ژمارەی دانیشتووانی سووریا پێکدەهێنن، ئێستا کۆنترۆڵی 30%ڕووبەری سووریایان کردووە، کە دەوڵەمەندترین بەشی وڵاتە و تۆزیە لە سامانی سرووشتی و خاکی بە پیت. دەوترێت سیاسەت هونەری دەکرێیەکانە، ئایا خەونی جیابوونەوە لەو جۆرە ڕەوشەدا، بەشێکە لەو دەکرێیە؟ دەبێت کورد هەوڵ بدەن، بینە بەشێک لە چارەی قەیرانی سووریا، نەوەکو لە دەرەوەی ئەو چارەیەدا، دەستووریکی تازە بۆ وڵات هەیە، کە زووبێت یان دەرنگ دەنووسرێتەوە، دەبێت کوردیش ڕۆڵیان لە دارشتنەوەی ئەو دەستوورەدا هەبێت، بۆ ئەوەی تەواوی مافەکانیان بۆ مسۆگەر بکات، بەو سیفەتەی هاوواڵتی سووریا وکوردن. هاوواڵتیانی کورد، بەسەر تەواوی خاکی کۆماری سووریا دابەش بووینە، لەتەک ئامادەبوونیان بە چڕی لە ناوچەکانی حەسەکە و قامیشلۆ، کورد لەگەڵ ئەرمەن، سریانی، ئاشووری، تورکمان، شەرکەس و عەرەب دەژین، لە وڵاتێکدا کە جوانترین شتی، فرەییە. سووریا وڵاتی کەمینەکانە، هیچ کەمینەیەک، چ ئیتنی یان تایەفی بێت، سوود لە دابەشەکردنی وڵات نابینێت، هەموو دەبێت فێر بن، چۆن بە هەماهەنگی و هاوبەشی لەگەڵ یەکدی بژین. کورد مافی خۆیانە، هەموو مافێکی مەدەنییان هەبێت و سوود لە خێروبێری وڵاتەکەیان وەرگرن، مافی خۆیانە بنووسن و منداڵەکانیان بە زمانی دایکیان فێر بن، مافی خۆیشیانە، پارتیان هەبێت، کە لە دەسەلات نوێنەرایەتییان بکات، مافی خۆیشیانە هەموو پۆستێک وەرگرن، بە سەرۆکی وڵاتیشەوە. کورد و هەموو پێکهاتەکانی گەلی سووریا، یەک دۆزمنیان هەیە، ئەو دۆزمنەش لە دەرەوەی سنووری سووریایە، نەوەکو لە ناوەوەی، نابێت کورد لە ئاوەڕدانەوەی خێرا بۆ ناوەی سووریا دوو دڵ بن، چونکە چارەکە لەوێندەرە.

و: ڕەمزی میرەکانی

سەرچاوە:

www.alarab.co.uk

جەزائیر.. ناوی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار ئاشکراکرا



لە جەزائیر ناوی پێنج پاڵێوراو لە کۆی 22 پاڵێوراو پەسەندکرا بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆمار کە بڕیارە لە 12ی کانونی یەکەمی ئەمساڵ ئەنجام بدرێت. سەرۆکی کۆمیسۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، محەمەد شەرەفی، لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ئاماژەی بەوەکرد بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار کە لە 12ی کانونی یەکەم بەڕێوەدەچێت، لە کۆی 12 پاڵێوراو پێنج پاڵێوراویان مەرجەکانی پاڵێوراوێتییان بەجێهێناوە.محەمەد شەرەفی ئەوەشی ڕوونکردەوە کە زۆرینەی پاڵێوراوان نەیانتوانیوە 50 هەزار واژۆی هاونیشتمانییان بەدەستبێنن کە پێویست بوو، بەوهۆیەوە مافی بەشداریکردنیان پێنەدرا. ئەو کەسانەی مافی پاڵێواراوبوون یان بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنەکان بەدەستنەهێناوە، دەتوانن سەردانی دادگای دەستوریی بکەن بەمەبەستی پێشکەشکردنی تانە، دادگاش پێویستە لە ماوەی هەفتەیەکدا بڕیار لەسەر تانەکە بدات.

سەرەڕای گازندەکان وادەی هەڵبژاردن نەگۆڕدرا

دوای ئەوەی کە سەرەڕای ناجێگیریی باری تەندروستیی، سەرکۆماری پێشوو، عەبدولعەزیز بوتەفلیقە، خۆی بۆ خولی پێنجەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆمار پاڵاوت، خۆپیشاندانی جەماوەریی دەستیپێکرد و گۆرانکاریەکی ڕیشەیی هاتە ئاراوە. دەستەکارکێشانەوەی عەبدولعەزیز بوتەفلیقە سەرەڕای دەستگیرکردنی کەسە نزیکەکانی لە هەریەک لە بوارەکانی سیاسەت و بازرگانی، کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان لە جەزائیر نەهێنا.حکوومەتی کاتیی جەزائیر بە گوشاری سوپای وڵاتیش، وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی لە ڕێکەوتی 12ی کانونی یەکەم دیاریکرد. بەڵام نارەزایەتییەکانی ئۆپۆزسیۆن کۆتایی نەهاتووە و بەردەوامە.سەرەڕای هەموو ئەو نارەزایەتییانە، کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کە بەم نزیکانە دامەزراوە، ئاماژەی بەوەکرد 22پاڵێوراو داواکاریان بۆ بوونە پاڵێوراو لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماردا پێشکەشکردووە.

مانشێت




سکای نیوز:
حکومەتی چین داوای لە هێزەکانی ئەمەریکا کرد واز لە خۆنمایشکردن بێنێ لە دەریای چینی باشوور .



ئیلاف :
پۆلیسی هۆنگ کۆنگ ڕایگەیاند لێرە بەدواوە گوللە لە دژی خۆپیشاندەران بەکار دێنێ .



ئەی ئێف پی:
کۆڕیای باشوور و ئەمەریکا ئەو مانۆڕە ئاسمانیەیان دواخست کە بڕیار بوو لە نێوان هێزی ئاسمانی هەردووک وڵات ئەنجام بدرێ .



رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
لە ڕۆژهەڵاتی ئەفغانستان 72 چەکداری سەر بە داعش خۆیان ڕادەستی هێزەکانی ئەو وڵاتە کرد.



فرانس پرێس:
سەرۆکی چیلی ڕەخنەی ئاراستەی شێوازی مامەڵەکردنی پۆلیسی وڵاتەکەی کرد لەگەڵ خۆپیشاندەران.



کەنالی ئار تی :
بە مەبەستی دانانی سنووریک بۆ پەنابەریتی لە یەکێتی ئەورووپا ، ئەڵمانیا داوای داڕشتنی یاسایەکی تازە دەکات.

www.xebat.net
ساڵی شەشەم 2019/11/19 ژمارە (5874)
خەبات



چۆن ئیمارات بووە سەرچاوەیەکی هەنارەکردنی گەنم؟

لە راپۆرتێکی نێودەوڵەتی دا وڵاتی ئیمارات لە پلەی 41جیهان و پلەی دووەم لە نێوان وڵاتانی عەرەبیدا هات لە خشتەی وڵاتانی هەناردەکاری گەنم لە جیهاندا. بەڵام چۆن وڵاتێک کە ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی زۆر کەمە بووە بە وڵاتێکی هەناردەکاری گەنم؟.

تێکڕای قەبارەی گەنمی هەناردەکراو لە سەتاسەری جیهاندا لە ساڵی ڕابردوو گەیشتە 41.2 ملیار دۆلار و بە ڕێژەی 5.7% بەرزبۆتەوە لەگەڵ هەناردەکراوی ساڵی 2017.

ئەورووپا گەورەترین پشکی هەناردەکردنی جیهانی بەرکەوت، بەهای فرۆشتنی گەنمی هەناردەکراو لەم کیشوەردا گەیشتە 22.6 ملیار دۆلار، کە 24.8%ی کۆی گشتی هەناردەی جیهانی پێکدەهێنێت.

وڵاتی ڕوسیا لە پێشەنگی وڵاتانی هەناردەکاری گەنم لە جیهاندا هات، بە هەناردەکردنی بەهای 8.4 ملیار دۆلار گەنم بۆ بازاڕەکانی جیهانی و وڵاتی کەنەدا بە پلەی دووەم بە هاناردەکردنی بەهای 5.7 ملیار دۆلار و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە بەهای 5.5ملیار دۆلار گەنمی هانارە کردووە، ئەوش بە گوێرەی ڕاپۆرتێک کە لە مالپەڕی Worlds Top Export بڵاوکراوەتەوە.

ئەوەی جێگای سەرنجە وڵاتی ئیمارات ناوی لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، کە بە بەهای 15.1ملیۆن دۆلار گەنمی هەناردە کردووە بۆ بازاڕەکانی جیهانی. ئەگەر سەیری کەرتی کشتوکاڵ لە ئیمارات بکەین دەبینین کە ڕووبەری زەویيە کشتوکاڵییەکان لەم وڵاتەدا لە ساڵی 2014تەنها 3800 کیلۆمەتر دووجا بووە لە کۆی ڕووبەری گشتی کە دەگاتە 83600 کیلۆمەتر دووجا، بە پێی داتاکانی بەنکی نێودەوڵەتی.

بە پێی ڕاپۆرتێکی وەزارەتی کشتوکاڵی ئەمەریکی، ئیمارات لە ساڵی 2017- 2018بڕی 1.8ملیۆن تەن گەنمی هاوردەکردووە بەهۆی پێشبینیکردن لە بەکارهێنانی بڕی گەنمێکی زیاتر لەم وڵاتەدا. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە ئیمارات لە ساڵی 2017- 2018 نزیکەی 100هەزار تەنی هەناردە کردووە بە سوود وەرگرتن لە شوێنە جوگرافییەکەی کە بە دەروازەیەک لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دێت و سەرکەوتوو بووە لە پەرەپێدانی سیستەمێکی بازرگانی کە دەرفەتی پێ دەبەخشێ بۆ ئەوەی ببێتە ڕێگایەک بۆ گواستنەوە و دووبارە هەناردەکردنی زۆر لە بەروبوومەکان گەمیش یەک لەوانەیە، لە ڕاپۆرتەکەدا پێشبینی دەکرێت ئیمارات لە ساڵی 2019- 2020 بەهەمان بڕ گەنم هەناردە بکات.

سوودەکانی چای تاڵ



زۆرێک لە ئێمە ئارەزووی خواردنەوەی چا دەکەین بە تایبەتی دوای نانخواردن، هەندێک کەس بەردەوام و بە بۆنە و بێ بۆنە چا دەخۆنەوە، بەڵام ئایا سوودی چای تاڵ چیە و زیانەکانی چا چیە؟...

یەکەم. چای تاڵی بێ شەکر هاوکارە بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی شەکر لە خوێندا.

دووەم. جەستە لە بەرزبوونەوەی کولیسترۆڵی خوێن دەپارێزێت.

سێیەم. دژە ئۆکسانینی جیاواز لە پێکهاتەکەیدا هەیە کە بەکتریا و مایکرۆبەکان لەناو دەبات.

چوارەم. کارەکات بۆ بەهێزکردنی ئێسک.

شەشەم. هاندەرە بۆ دەردانی ترشەکانی نێو گەدە.

حەوتەم. توانای ڤایرۆسەکانی ئەنفلەوەنزا کەم دەکاتەوە.

هەشتەم. چای تاڵ مەینی خوێن لە خوێنبەرەکانی جەستە کەم دەکاتەوە.

تێبینی:

پێویستە زێدەڕۆیی لە خواردنەوەی چا نەکرێت، بە شێوەیەکی گشتی لە 3کوپ زیاتر لە 2کوپ چا لە ڕۆژێکدا لە هەرس ناهێلێت وەک قەبزی و ڕەوانی.

ئەو کەسانەی کە خوێنیان کەمە یان نەخۆشی قۆڵۆنیان هەیە نابێت چا بخۆنە.

زێدەڕۆیی لە خواردنەوەی چا دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە لە کۆئەندامی هەرس و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و خەو زڕاندن.



لە ئەڵمانیا ڕۆبۆت بۆ ئالیکدان و دۆشینی مانگا بەکار دێت

ئەوەی لە ڕابردوودا وەک خەیاڵ و ئەندێشەی زانستی هەژمار دەکرا ئێستا لەو ڕۆژگارە لە کێڵگەکاندا دەبینرێت و بەکار دێت، ئیدی پێویست ناکات بۆ چاودێری کردنی مانگا بەردەوام ڕاکەڕاکە بکرێت، لەو سەردەمەدا دەکرێت بۆ چاودێری سەدان سەر مانگا پشت بە ڕۆبۆت ببەسترێت، بەڵام بابزانین ڕۆبۆت چی پێدەکرێت؟.

ئەو کەسانەی لە بواری پەروەردەکردنی مانگادا کاردەکەن ئێستا دەتوانن بەهۆی ڕۆبۆتەوە سەرجەم ئەو ئەرک و کارانەی ئەنجامیان دەدا لە کێڵگەدا بە ڕۆبۆت ڕاسپێرن، ڕۆبۆت یان ئەو ئامێرانەی بە ئۆتۆماتیکی کاردەکەن دەتوانن مانگاکان ئالیک بدەن و و بیانگوازنەوە لە شوێنێکی بۆ شوێنێکی دیکە و خاوێنیان بکەنەوە و چاودێری تەندروستیان و باشی و خراپی شیرەکەیان بکەن، بەوەش زۆر لە ئەرک و ماندووبوونی کێڵگە کەم دەکەنەوە.

پێویست ناکات چەندجارەی دۆشینی مانگاکان هەژمار بکرێت ڕۆبۆتەکە بەو ئەرکە هەڵدەستێت بە شێوەیەکی سیستەمیانە ڕێگا بۆ دووبارە دۆشینی مانگایەک نادات بۆ ئەوەی زیانی پێ نەگات، جگە لە ئەنجامدانی چەندینی چالاکی دیکە لە هۆڵی پەروەردەکردن وەک مەساجکردن بۆ مانگەکان، لە کاتی وەستانی مانگاکە لە نزیک یەکێ لە ئامێرەکانی خاوێنکردنەوە کە لە دوو فلچە پێکهاتووە ڕاستەوخۆ دەستدەکرێت بە کرداری مەساجکردنی مانگاکە. تەنها کار کە خاوەن کێڵگەکە دەیکات دەستەبەرکردنی پێکهاتەکانی ئالیکە وەک گەنمشامی و کا و گیا و گیای وشککراوە و ئالیکی سەوز، ڕۆبۆتەکە پێکهاتەکان ڕادەکێشێت و تێکەڵ بە یەکیان دەکات لە دەفری تایبەت بەم پڕۆسەیە، پاشان دەفرەکە دەگوازێتەوە بۆ شوێنی حەوانەوەی مانگاکان بۆ ئالیکدانیان.

بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی یەکێتی کشتیارانی ئەڵمانی، ئێستا ئەو کێڵگەیەی کە (هارتموت ئۆکسە) هەیەتی لە شاری (فرانکن بێرگ) لە باکووری ویلایەتی هیسنی ئەڵمانی بە سەردەمیانەترین کێڵگە لەم ویلایەتە دادەندرێت. پێش 32 ساڵ (ئۆکسە) تەنها 20 مانگا و یەک ئامێری دۆشینی شیری هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ (ئۆکسە) 200 مانگای هەیە کە دەتوانێت بایەخیان پێ بدات بە هاوکاری کۆمپەکەی و کەسێکی مەشقپێکراو ئەوەش لەسایەی بەکار هێنانی ڕۆبۆتەوەیە. (ئۆکسە) کە تەمەنی 54 ساڵە دەڵێ: ئیتر پێویست ناکات بەدوای مانگاکاندا ڕابکەین. بەڵام وتەبێژی یەکێتی کشتیارانی ئەڵمانیا (برند فیبر) ئاماژە بەوە دەکات کە لایانە شاراوەکانی پەردەسەندن پێویستی بە وەبەرهێنانی سەرمایەی گەورە هەیە کە دەگاتە چەندین ملیۆن دۆلار جگە لە فەراهەمکردنی ئنتەرنێتی خێرا لە ناوچە گوندنشینەکان بۆ دەستەبەربوونی تەکنیکە تازەکان.

گرنگی گیا و درەخت لە هەنگەوانیدا

ئایا هەنگەوانان بە زانینی زانیاری تەواو لەسەر گیا و درەختەکان تا چەند دەتوانن ئاستی بەرهەمیان زیاد بکەن؟. کاتێک کە هەنگەوان هیچ زانیارییەکی نەبێت لەسەر کاتی گوڵکردن و ماوەی گوڵکردنی گیا و درەختەکان بە دڵنیاییەوە سالەکەی لەدەست دەدات و خەرجی سالەکەی لەدەست دەچێت، چونکە تەمەنی گوڵکردنی زۆرینەی درەخت و گیاکان لە چەند ڕۆژ تا ئەوپەڕی چوار حەفتە زیاتر نیە، ئەگەر هەنگەوان لەم ماوەیەدا هەنگەکانی ئامادەی کۆکردنەوە نەبن بەدڵنیایەوە سالێکی خراپ بەڕێدەکات بەهۆی کورتی ماوەی شلە لە هەرێمی کوردستان و دەوروبەر. ناسینی ئەو گیا و درەختانەی کە هەنگ کاریان لێدەکات زۆر گرنگە و دەبێ هەنگەوانان زانیاری وردی لەسەریان هەبێت بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمەکانی هەنگ، بەڵام ئەگەر کاتی گوڵکردن بزانێت ئەوە بە بەرنامە و پلان خۆی ئامادە دەکات و ناهێلێت هیچ گوڵێک لەدەست بچێت و بەرهەمی دووبەرامبەر دەبێت و باش دەزانێ لە کام گیا و درەخت شلە یان هەلاڵە وەربگرێت، چونکە هەندێ لە گیا و درەختەکان تەنها هەلاڵە و هەندێکی تر تەنها شیلە دەدەن باش دەزانن کە کام لە گیا و درەختانە دەبنە هۆی دابەزاندی کۆمەڵەی هەنگ یان بەرزبوونەوەی کۆمەڵەی هەنگ.

هەموو ئەو زانیارییانە زۆر ستراتیجین لە کەرتی هەنگەوانیدا، بە ڕێژەیەکی زۆر هۆکاری کەمی بەرهەم



بۆ ئەم خاڵە دەگڕێتەوە.

لە هەرێمی کوردستان لە چوار وەرزی ساڵدا هەنگەوانی کۆچەر دەتوانێت دوو وەرز هەنگوینی سروشتی و وەرزێک هەنگوینی دەستکرد بەرهەم بێنێت، ئەوەش بەهۆی جۆری جوگرافیا و کەشوهەوای هەرێمەوەیە، ئەو ژینگە و هەڵکەوتە چەنسێکی باشە بۆ هەنگەوانانی کۆچەر چونکە دەگەمەن ئەو وڵاتانەی کە بتوانن دوو وەرز هەنگوین تیایاندا بەرهەم بێنت. بە دڵنیاییەوە ئێستا هەنگەوانان پێیان وایە ئەمە ئەستەمە، بەڵام ئەمە ڕێک وایە، پێویستە هەنگەوان بە پلە یەک پلان و بەرنامەی تۆکمەی هەبێت و زانیاری تەواوی لەسەر کەش و هەوای ناوچەکەی و کاتی گەشەی گیا و درەختەکان بە تایبەت کاتی گوڵکردن و ماوەی مانەوەی گوڵەکەی هەبێت. تەنها ئەو هەنگەوانانە دەتوانن سێ بەرهەم لە یەک ساڵدا بەرهەمبێنن کە پلان و بەرنامەی وردیان هەیە. بە خۆشحاڵییەوە پڕۆژەی هەنگەڵانی پشەدر دەستیکردووە بە ناساندنی 400 گیا و درەخت، لە ئایندەیەکی نزیکدا بلاویدەکەینەوە، گیا و درەختە خۆڕسکەکانی کوردستان لە پێشەنگی بلاوکردنەوەکاندا دەبن. داوای هاوکاری لە سەرجەم گیاناسانی کوردستان دەکەین هاوکارمان بن بۆ جیاکردنەوەی ناوی گیا و درەختەکان، هەر وەک ئاگادارن گیا و درەختەکان جیا لە ناوی زانستی چەندین ناوی تریان هەیە کە بە پێی زاراوەکانی زمانی شیرینی کوردی ناویان دەگۆڕێ، ئەوەش دەبێتە یەکەم سەرچاوەی زانستی لە بواری ناساندنی گیا و درەختەکانی سوود بەخش بۆ هەنگ بەم شێوەیەی خوارەوە: ناوی زانستی، کاتی گوڵکردن، ماوەی گوڵکردن، بەهای لە هەنگداریدا، ڕێژەی شلە، ڕێژەی هەلاڵە، ڕەنگی هەلاڵە، کوالیتی هەلاڵە (ڕێژەی پرۆتین)، جۆری هەنگوین ، ڕەنگی گوڵ، ڕێژەی بەرهەمهێنانی هەنگوین لە هەر هێکتارێکدا.

نوسین و ئامادەکردن: عەبدولقادر ڕەسوڵ

بە کەوچک و چەتاڵ نان مەخۆ بەدەست نانخواردن سوودی زۆرە



وەک زانراوە کۆتاییەکانەی دەمار کە لە سەرە پەنجەدا هەیە هاندەرە بۆ هەرسکردن، لە هەمانکاتدا بەکارهێنانی هەردوو دەست لە کاتی نانخواردندا هەستکردن بە خواردن و بۆنەکەی زیاد دەکات، بۆیە زۆر کەس ئارەزوو دەکەن خۆراک بەدەست بخۆن. خواردنی خۆراک بەدەست ئەم سوودانەی هەیە:-

یەکەم: بە گوێرەی هەواڵێکی ڕۆژنامەی (تریبیون) جۆرە بەکتریایەک هەیە لەسەر لەپی دەست و پەنجەکان بەناوی (فلۆرا) کە زیان بە مرۆڤ ناگەینێت، بەڵکو لە ڕاستیدا دەمانپارێزێت لە چەندین میکرۆبی زیانبەخشی ژینگەی دەورووبەر. لە کاتێک کە خۆراک بەدەست دەخۆین ئەوە بەکتریای فلۆرا لەگەڵ خۆراکەکە قوت دەدەین ئەوەش بە سوودە بۆ گورگ و سوورێنچک و ڕیخۆڵەکان، هەروەها هەرسکردنی تەندروست لە ڕیخۆڵەکاندا چالاکدەکات.

خواردن بەدەست هانی دەرهاوێژ و ئەنزیمەکانی هەرسکردن دەدات و ملیۆنەها کۆتاییە دەمارەکانی پەنجە پەیام بۆ میشک دەنێرن و ناگاداری دەکەنەوە سەبارەت بە دەست بە خۆراک کردن، لەهەمانکاتدا کۆتا سەرە دەمارەکان زانیاری سەبارەت بە پلەی گەرمی خۆراک و تیژی و تام و شێوەی خۆراکەکە لە ڕەقی و نەرمی دەگوازنەوە، هەروەها گەدەش ئامادە دەکەن بۆ هەرسکردن. **دووەم:** کەمکردنەوەی کێش، لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە گۆڤاری (نەبیتایت) بڵاوکراوەتەوە دەردەکەوێت خواردنی خۆراک بە دەست هەستی تێربوون و پڕبوونی گەدە زووتر دەبەخشێت بە بەراورد لەگەڵ خواردن بە بەکارهێنانی کەوچک و چەتاڵ، بەشداربووانی لێکۆڵینەوەکە ژەمی سووک و کەمتریان هەڵدەبژارد کاتێک بەدەست نانیان دەخوارد. **سێیەم:** ڕێگاگرتن لە نەخۆشیی شەکرە، زۆر جار ئەوانەی کەوچک و چەتاڵ بەکار دەهێنن خێراتر نان دەخۆن. لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە گۆڤاری (کلینیکەڵ نیوترەیشن) بڵاوکراوەتەوە دەردەکەوێت ئەو کەسانەی دووچاری نەخۆشیی شەکرە لە جۆری دووەم هاتوون زۆر جار ئەوانەن کە بە خێرایی نان دەخۆن و کە ئەوەش دەبێتە هۆی ناهاوسەنگی ڕێژەی شەکر لە خوێندا، لە ئەنجامدا نەخۆشییەکە پەرە دەسێنێت.

چوارەم: پاکوخاوێنترە، وەک باوە خواردنی خۆراک بە کەوچک و چەتاڵ زیاتر خاوێنترە، بەڵام ئەو بیروبۆچوونە هەڵەیە چونکە ئێمە ڕۆژانە چەندین جار دەستەکانمان دەشۆین، لە کاتێکدا کە کەوچک و چەتاڵ لە ڕۆژێکدا تەنها یەک جار دەشۆردرێن.



تازەپێگەیشتوانی بەڕازیل بوونە پاڵەوانی مۆندیالی 2019

بۆ چوارەم جار لەمێژوویاندا، هەڵبژاردەی تازەپێگەیشتووانی بەڕازیل توانیان مۆندیالی خوار 17 ساڵ بەدەست بهێنن، دوای ئەوەی لە یاری کۆتاییدا لە هەڵبژاردەی تازەپێگەیشتووانی مەکسیکیان بردەوە.

پێشتر هەڵبژاردەی بەڕازیل سێ جار ئەو نازناوەی بردبۆوە لە مۆندیالەکانی 1997، 1999، 2003 ، ئێستاش تەنها یەک نازناوی ماوە بۆ ئەوەی بگاتە هەڵبژاردەی نایجیریا کە 5جار توانیوەتی نازناوی مۆندیالی تازەپێگەیشتوان بەدەست بهێنێت و خاوەنی ریکۆردی ئەم مۆندیالەیە، لەبەرامبەردا هەڵبژاردەی مەکسیک هەر لەسەر دوو نازناوەکەی خۆی مایەوە کە لە ساڵانی 2005، 2011 بەدەستی هێنابوو.

بەهۆکاری تایبەتی ئەمڕۆ ڤان دایک بەرامبەر ئەستۆنیا یاری ناکات



یەکێتی تۆپی پێی هۆڵەندی رایگەیاند کە هەندی هۆکاری تایبەتی و کەسیی وایان کرد کە ڤان دایک بەرگریکاری لیڤەرپوول و کاپتنی هەڵبژاردەی هۆڵەندا لە یارییەکەی ئەمشەوی نێوان ئەستۆنیا و هۆڵەندا دابەزێت و یاری نەکات، کە لە میانی پالاوتنەکانی جامی ئەوروپای 2020 بەیەک دەگەن.

تۆپی پێی هۆڵەندا لە راگەیەندراوێکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ڕۆنالد کومانی ڕاهێنەر بۆ ئەو یارییە ناتوانێت پشت بە ڤان دایک ببەستێت چونکە ئەو یاریزانە لەکاتی مەشقی هەڵبژاردەکە بەهۆکاری تایبەتی خۆیەوە یەکەکەی جێهێشت و ناتوانێت بەرامبەر ئەستۆنیا یاری بکات

کچانی لیڤەرپوول قژی محەمەد سەڵاح رادەکێشن

پێگەی فەرمی یانەی لیڤەرپوول تیشکی خستە سەر ئەو دیدارە سەرنجڕاکێشەی نێوان محەمەد سەلاح و کچانی یانەی لیڤەرپوول لە چوارچێوەی بەرنامەی (کوپ کیدز) .

پێگەی ئەو یانەیە روونی کردەوە کە سەلاح تاکە ئەستێرەی لیڤەرپوول بوو کە کچانی یانەی لیڤەرپوول بۆ خوار 9ساڵان دەستنیشانیان کرد تا پرسیار

دەکانیان ئاراستە بکەن، ئەو کچانە چەندین پرسیاری قورسیان ئاراستە کرد و بۆ سەلاح زەحمەت بوو وە

لامیان بداتەوە، بۆیە کچەکان هەموویان هێرشیان بردەسەری و قژیان رادەکێشا ، ئەمە بووە سەرنجترین دیدای ئەو بەرنامەیە.



شاراپۆڤا: بەهۆی هاوارکردنمەوە گەڕووم ئازاری هەیە

ماریا شاراپۆڤای خانمە تێنسزانی ڕووسی ئاشکرای کرد کە گەڕووی هەست بە ئازار دەکات چونکە لە یارییەکاندا زۆر هاوار دەکات.

شاراپۆڤا دەڵێت: بەهۆی ئەو هەموو هاوار کردنەوە لەناو یاریگا ، گەڕووم زۆر ئازاری هەیە، لە منداڵییەوە یاری تینس دەکەم، بەدرێژایی ئەو تەمەنشم هەر هاوارم کردووە لە یاریگاکاندا بۆیە گەڕووم ئازاری هەیە.



شالکە: زلاتان نیگەران مەبە ئێرە بیسبۆلی لێ نییە



یانەی شالکەی ئەڵمانی لە تویتێکدا لە ئەکاونتی فەرمی خۆیدا داوای لە زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی ئەستێرەی سویدی کردووە کە هەر کاتێک لە ریزی یانەی لۆس ئەنجلۆس گالاکسی ڕۆیشت ئەوا بچێتە یانەکەی ئەوان.

یانەی شالکە لە تویتەکەیدا نوسیویەتی: زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ نیگەران مەبە، لێرە بیسبۆل نییە.

ئەم تویتە دوای ئەوە بڵاوکرایەوە کە زلاتان لە پەیامێکی مالئاواییدا لە یانەی لۆس ئەنجلۆس گەلاکسی گوتبووی دوای ڕۆیشتنم ئیتر جەماوەر دەتوانن بگەڕینەوە سەیری یارییەکانی بیسبۆل بکەن.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Tue, 19. Nov. 2019 No: (5874)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

لە یادی 335 ساڵەی دامەزراندنی شاری سلێمانیدا لە سلێمانی ڕۆژنامەی خەبات ڕێزی لە (مامۆستا زاهیر ئەحمەد سەوز) نا



زانیار قەرەبی: لە یادی 335 ساڵەی دامەزراندنی شاری سلێمانیدا ڕۆژنامەی خەبات ڕێزی لە ڕۆژنامەنووسێکی تێکۆشەری ساڵانی ڕابردووی خۆی نا ، کە ئەویش نووسەر، ڕووناکبیر مامۆستا (زاهیر ئەحمەد سەوز)ە. ئەم کەسایەتییەکی ناسراوەی شاری سلێمانی لە ماوەی 40 ساڵدا وەک ڕۆژنامەنووس، نووسەر کاری کردووە. یەکێکە لەو خامە بەپشتانەی ساڵانێکە ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە، لە بواری ساەتیشدا بەشدار بووە. لە 1946 لە سلێمانی هاتووەتە دنیاوە، پەیمانگای مامۆستایانی لە مووسڵ تەواو کردووە. لە 1958پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان) کردووە. لە سەرەتای حەفتاکان، وتار، چیرۆکی لە ڕۆژنامەی (ژین، هاوکاری)، گۆڤاری (بەیان ، ڕۆشنبیری نوێ)، بڵاو کردووەتەوە. 1978بووەتە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد. دوای ڕاپەڕین ئەرکی بەڕێوەبردنی نووسینگەی ڕۆژنامەی خەبات ، برایەتی لە سلێمانی پێ سپێردراوە. دەیان وتار ، ڕاپۆرت ، نووسینی لە خەبات، برایەتی بڵاو کردووەتەوە. ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی تەلەفزیۆنی (کەی تی ڤی) بووە لە سلێمانی، هەر لەوێشدا دەیان (وتاری شەو)ی تێدا بڵاو کردووەتەوە. 1996ڕووی کردووەتەوە هەندەران، ئێستا لە وڵاتی سوید نیشتەجێیە. خاوەنی دوو کتێبی چاپکراوە، سەلام عەبدوڵڵا سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات، لە (سەنتەری ڕۆشنبیری سەرا) لە شاری سلێمانیدا ڕێزی لێنا ، وێڕای دەسخۆشی و سوپاسگوزاری بۆ خەبات و تێکۆشانی لە ساڵانی ڕابردوویدا بۆردی ڕێزلێنانی پێشکەش کرد و هیوای تەمەن درێژی بۆ خواست، مامۆستا زاهیریش زۆر سوپاسی سەرنووسەر و تەواوی ستافی ڕۆژنامەی خەباتی کرد بۆ ئەو ماندوونەناسی و ڕۆڵە گرنگ و بەرچاو دەگێڕن لە بزافی ڕۆژنامەگەری کوردیدا و لە بواری ڕۆشنبیری و هۆشیاری نەتەوەیدا، هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنی بۆ خواستن.

پەرگەندە..

دیوانە شیعری بەچاپگەیەنراوی شاعیری کۆچکردوو سەید حەمید سەید ساڵح بەرزنجی



پەرگەندە، دیوانە شیعرییەکی شاعیری کۆچکردوو سەید حەمید سەید ساڵح بەرزنجییە. کە کۆمەڵێک شیعری نیشتیمان پەروەری لەخۆ دەگرێت لە ساڵانی ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو تاکۆتایی هەشتاکان نووسیوویەتی، لە دووتوێی بەرگێکی (102) لاپەڕەیی بەدیزاینێک جوان بەچاپ گەیەنراوە.
ئەم دیوانییە شیعرییەی شاعیر سەید حەمید سەید ساڵح بەرزنجی، شیعرەکانی لەلایەن جهانگیر بەرزنجی کوڕی کۆکراوەتەوە کە پێشتر لەلایەن شاعیرەوە نوسراوە، بەڵام بەهۆی زروفی سیاسی و ئەو بارودۆخەی لەسەدەی ڕابردوو بەسەر کوردستاندا هاتووە شیعرەکانی پەرت و بڵاوبۆتەوەو نەتوانراوە بەچاپی بگەیەنێت. بەشێک لەشیعرەکان لەلایەن دۆست و برادەرو کەسە نزیکەکانی پارێزراون.



پایز.. وەرزی پێگەیشتنی هەنار

فۆتۆ: ناسیح عەلی خەیات

ئەندازیارێکی پێشووی Yahoo شەش هەزار ئەکاونتی هاک کردووە



ئەندازیارێکی پێشووی کۆمپانیای "Yahoo"Y لە لێدوانێکی دا، دانی بەوەدانا کە بۆ دەستکەوتنی وێنەو ڤیدیۆی سێکسی هەژماری 6 هەزار بەکارهێنەری هاککردووە.ئەمەو بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی دادگا، "ڕێیبس دانیال ڕویز" تەمەن 34 ساڵ، کە پێشتر ئەندازیاری بوو لە کۆمپانیای یاهوو، خۆی دانی بەوە ناوە کە دەستی گەیشتووە بە 6,000 ئیمەڵ و پاسوۆردی بەکارهێنەرانی بۆ دابەزاندنی وێنەو ڤیدیۆی سێکسی بەکارهێنەران و واتە بەجۆرێک لەجۆرەکان ئەکاونتەکانی هاک کردووە.لەمبارەیەوە ڕێیبس دانیال ئەوەشی ڕوونکردووەتەوە کە ئامانجی لە هاک کردنی ئەو ئیمەڵانە، گەیشتن بووە بە وێنەو ڤیدیۆی سێکسی بەکارهێنەرانی لە نێوانیاندا وێنەو ڤیدیۆی سێکسی چەندین هاوڕێی کچی خۆی دەست کەوتووە.

زیادکردنی ماوەی کارکردنی پاتری مۆبایل

ئەگەر لە بەکارهێنەرانی ئایفۆنیت و کێشەی زوو دابەزینی شەحن (وزەی) باتریی مۆبایلەکەت بۆ دروستبووە، ئەوا دەتوانیت سوود لە هەندێک ڕێگەی ئاسان وەربگریت بۆ چارەسەری ئەم گرفتە، تا ئیتر پێویست نەکات بەردەوام مۆبایلەکەت بە شەحنەوە بەجێبهێڵیت.وێبسایتی سکای نیوز ئاماژەی بەوە کردووە، بەهێزیی پاتریی مۆبایل یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکان لە مۆبایلی زیرەکدا، چونکە ئێمە هەریەکێکمان مۆبایلی زیرەک بۆ تەلەفۆن کردن و ئینتەرنێت و گوێگرتن لە میوزیک و سەیرکردنی کورتە ڤیدیۆ و چەندین بواری جیاواز بەکاردەهێنین. بۆیە بەکارهێنەرانی مۆبایلی زیرەک زۆرکات ڕووناکیی مۆبایلەکەیان کەمدەکەنەوە بۆئەوەی کەمترین وزە بەکاربهێنن و شەحنی مۆبایلەکەیان دانەبەزێت، بەڵام ئەمە تەنها ڕێگە نییە بۆ ڕێگریکردن لە دابەزینی شەحن.لەبەرئەوەی کە ئەو بەرنامانەی لەسەر مۆبایلی زیرەک هەن زۆرترین وزەی مۆبایلەکە بەکاردەهێنن بەهۆی ئەوەی بەردەوام نوێدەبنەوە (refresh دەکەن) و نۆتیفیکەیشن دەنێرن، بەکارهێنەرانی ئایفۆن دەتوانن ئەم کێشەیە چارەسەربکەن لە ڕێگەی چەند هەنگاوێکی ئاسانەوە، کە چەند خولەکێک ناخایەنێت.بۆ ئەمەش دەبێت بچێتە بەشی (Settings) دواتر بەشی (General) هەڵبژێرە و لەوێوە بچۆرە سەر(Background app re-fresh)، لێردەدا دەبێت پەنجە بنێیت بە دوگمەی (off)دا تا بەرنامەکانی ناو مۆبایلەکە لە نوێبوونەوە بوەستن (واتە ڕیفرێش نەکەن و چیتر هیچ نۆتیفیکەیشن و زانیارییەک نەنێرن لەسەر ئەو داتا تازانەی بۆیان دێت).هەروەها لە هەندێک کاتیشدا لەبەرئەوەی بەکارهێنەر پێویستی بە نوێبوونەوەی بەرنامەکانە تا زانیاری و داتاکانی پێبگات، دەتوانێت لەو کاتانەی کە پێویستی نییە، نوێبوونەوەیان بوەستێنێت.جگە لەوەش دەتوانێت وابکات کە تەنها لەسەر وایفای بەرنامەکان کاربکەن و لەکاتی بەکارهێنانی داتای مۆبایلەکە هیچ نوێبوونەوەیەک ڕوونەدات، بۆ ئەمەش دەبێت پەنجە بنرێت بە هەڵبژاردەی (Wi-Fi)دا.شایەنی باسە ئەم ڕێگەیە یارمەتیدەرە بۆ پارێزگاریکردن لە شەحنی مۆبایل، چونکە ڕێگەدەگرێت لە نوێبوونەوەی بەرنامەکان، ئەمەش مانای ئەوەیە کە کەمترین نوێبوونەوە لە مۆبایلەکەدا ڕووەدات و کەمترین وزە بەکاردەهێنرێت.لە حاڵەتێکیشدا کە بتەوێت هەموو بەرنامەکانت بەیەکەوە لەکارنەکەوێت، دەتوانیت سەیری ئەو بەرنامانە بکەیت کە زۆر شەحن بەکاردەهێنن تا ئەو بەرنامانە بسڕیتەوە و پێویست نەکات بەم جۆرە لەکاریانبخەیت.



هونەر لەسەر داری سروشتی



ئاشتی گەرمیانی/ هەڵەندا

جوانی هونەری شێوەکاری لە جیهاندا وای لێهاتووە ڕەگ و ڕیشەیەکی جوان دابڕێژێت بۆ ژیان، بۆژاندنەوەی بەشی پەیکەرسازیش لقێکە لەو هونەرە ڕەسەنە کە میژوویەکی دوورو درێژی هەیە تەنها لە چەند خامەیەکدا کۆنەبۆتەوە بەڵکو ڕۆژ بەڕۆژ پەلی ئەو هونەرە درێژ ترو گەورەترو فراوانتری ماتریاڵەکان دەبێت، هەر یەک لەو بەشانە چ قوڕو چ گەچ و چیمەنتۆ و بڕۆنزو مس و دارو ئاسن و زۆر کەرەستەی تر، بەڵام هەروەک لە ڕابردووشدا گوتومانە پێویستە وە گرنگە هونەر بکەوێتە نێو ژیان و ماڵ و گوزەرانی خەڵکەوە . هونەری داتاشینی دار بابەتێکی سروشتی ژیانداری کۆنە بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە وە دێت ، بە شێوەیەک ئەمڕۆ لە باخچەو گۆڕەپان و سروشتی دارستانەکان و باخچەکان و ماڵەکانیش نمونەیەکی زیندوو دەداتە چاو بینەران ، زۆر کارگەو بەریوەبەرایەتی و کۆمپانیا دامەزراون بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە پڕ دار و دارستانیان زۆرە وە زۆر وڵاتی تریش هەیە دارهێنەرن و لە وڵاتەکایان کارگەیەک وەگەڕ دەخەن بۆ دروست کردنی جۆرەها شێوەی سەیرو سەمەرە لە دارشتنی دار، چ لە پۆرتریت چ لە ئاژەڵ یان لەشی مرۆڤ و ئاژەڵە درێژو بااڵکان و هەندێک جار پێداویستی جوانکاری نێو ماڵ و پارکەکان ، واتە هونەری شێوەکاری ئەو ڕۆڵ گێڕاوەیە کە دەتوانت ئاسوودەیی و خۆشی بگەیەنێتە هەست و دەروونی مرۆڤ وە دەتوانێت نیومالی مرۆڤ و شارو باخچەو پێ دەشتەکان جوانتر بکات ، ئەگەر چی دار خۆرسکی سروشتە بەڵام بەکارهێنانی هەردم گرنگی خۆی هەیە، لە دارستانێکی چڕو پڕەوە بۆ کۆمەڵە کارێکی جوان کە تەنها هونەرمەندو وەستاو دەست ڕەنگینەکان دەتوانن ئەو گۆرانکاری یە بکەن ، بۆیە هونەری شێوەکاری لقی پەیکەرسازی ئەزموونێکی قوڵ و پڕو بەهایەکی تایبەتی هەیە، بەتایبەتی ئەو دارەی کە ووشک و ماتریاڵە دەگوازرێتەوە بۆ کارێکی سروشتی جوان و نمونەیەکی جوان دەبەخشێت بە مرۆڤ.